# بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا
# و
# دابڕینی موسڵ

ناوی کتێب: **بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و دابڕینی موسڵ**
بابەت: **مێژوو**
نووسەر: **دارت بروکس ریسلی دووەم**
وەرگێڕانی لە ئیبگلیزییەوە: **شەفیقی حاجی خدر**
پیتچن: **وەرگێڕ**
هەڵەچن: **دەستەیەک**
نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: **خەلیل هدایەت مام شێخ**
**شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر**
نرخ: **دینار**
تیراژ: **١٠٠٠ دانە**
نۆرەی چاپ و ساڵ: **چاپی یەکەم/ ٢٠٢٣**

**لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی(     )ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

**مافی چاپکردنەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە، هەر کەس و لایەنێک بە بێ ڕەزامەندیی وەرگێڕ چاپی بکاتەوە، تووشـــی لێپێچینەوەی قانونی دەبێتەوە.**

**لە بڵاوکراوەکانی**
**ناوەندی رۆژهەڵات بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

دارت بروكس ريسلی دووەم

# بەرژەوەندییەكانی بریتانیا
# و
# دابڕینی موسڵ

لە ئینگلیزییەوە:
شەفیقی حاجی خدر

**The Thesis Committee for Dart Brooks Risley II**
**Certifies that this is the approved version of the following thesis:**

**British Interests and the Partition of Mosul**

**APPROVED BY**
**SUPERVISING COMMITTEE:**

**Supervisor:** ______________________________
William Roger Louis

______________________________
Yoav Di-Capua

## ناوەڕۆک

بەراییەکی نووسەر ........................................ ٧
دارت بروکس ریسلی دووەم ................................. ٧
نووسەر لەچەند دێڕێکدا: .................................. ٩
پێشەکی؛ موسڵ و مێژوو .................................. ١١
میزۆپۆتامیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان ...................... ٢٢
پەرسەندنی بەرژەوەندی و ڕکابەرییەکان ....................... ٢٥
هێڵی ئاسنینی بەغدا ....................................... ٣٣
سەرهەڵدانی جەنگ: شاڵاوی سەر بەسرا و ڕێگە بەرەو موسڵ ......................................................... ٤٥
بەردەوامیی سیاسەتی بریتانی ................................ ٥٥
بەندی ٢ ................................................. ٥٩
موسڵ لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا ............................ ٦٠
پێناسەی بەرژەوەندییەکانی بریتانی ............................ ٦٣
دابەشکردنەکەی سایکس-پیکۆ .............................. ٨٨

ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ........................... ٨٩
بەڵێندان بە شەریف حوسێن.............................. ١٠٠
گرتنی موسڵ.............................................. ١٠٥
چاوی باهۆز.............................................. ١١٣
بەندی ٣................................................. ١١٧
موسڵ و بەرژەوەندییەکانی بریتانیا........................ ١١٨
ڕێککەوتنی لوید جۆرج-کلیمەنسۆ.......................... ١٢١
دەستەکەوتەکانی جەنگ.................................. ١٤٤
موسڵ لەبەر بەرڕەوتی ڕووداوەکاندا....................... ١٦١
ئەنجام: موسڵ لە ڕوانگەوە................................ ١٦٤
سەرچاوەکان:............................................ ١٦٩

**بەراییەکی نووسەر**

**دارت بروکس ریسلی دووەم**

من هەمیشـــــە لە لیکۆڵینەوە مێژووییەکانمدا تەلیســــمێکی شــــاراوە لە ڕابردوودا دەبینم، زانیـارییمـان لەبـارەی ئەو تەلیســــمە پچڕپچڕە و ئــامرازی بەدواداچوونیشـــمـان ســـنووردارە. کاری مێژوونووســـیش ئەوەیە، تا بۆی بلوێ شکاندن و درکاندنی ڕازەکانی ئەو تەلیسمەیە.

من شـــــەرەفمەندم ک بەشـــــداریم لە بەشـــێکی بچووکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی تەلیســــمی ڕازی ئەوە کردەبێ ئاخۆ بۆچی ویلایەتی موســــــڵ لە کۆتــایی یەکەمین جەنگی جیهـانییەوە بە بەغـدا و بەســــراوە لکێنرا. لێکەوتەی ئەم بڕیارەش ڕاســــتەوخۆ بەرۆکی خەڵکەکەی بۆ چەندین نەوە گرتەوە. بەتــایبەتیش گەلی کورد، کە لە مــاوەی رژێمی ســـەدام حوســـێندا تووشـــی شـــەڕانگێزترین توندوتیژی بوونەوە، ئەو گەلەی تێکۆشـــــاوە پارێزگاری لە ئۆتۆنۆمی خۆی لە قۆناغی دوای سەدامدا بکا.

بە گوێرەی مێژووی پڕ لە کێشــــەوبێشــــەی عێراقی دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، مرۆ مەراقی ئەو پرســــیارەیە؛ ئەرێ گەلۆ تۆ بلێی ژیـان و مێژوو بۆ کورد چۆن دەبوو،

ئەگەر هاتبا و ویلایەتی موسڵ هەرگیز نەبووبایە پارچەیەک لە عێراق. ئەوەی من لەو توێژینەوەیەی خۆم فێری بووم، ئەوە بوو: خۆی ئەمە ئەگەرێکی ڕاستەقینە بوو؛ موسڵیش بە شێوەیەکی تایبەتی و بنەڕەتی لە پلاندا نەبوو نەبوو تا ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەردا هات، کە ڕەوشەکەی بەتەواوی گۆڕی.

کاک شەفیق زۆر سوپاس بۆ پەیوەندیکردنت و وەرگێڕانی کارەکەم. سوپاس بۆ هەموو ئەو کوردانەی لەکاتی گەشتم بە ڕۆژهەڵاتی ناویندا یارمەتییان دام، من پێزانینم بۆ بەخشندەیی و میواندۆستییان هەیە. هەروەها پێزانینم بۆ بۆ هەمو ئەوانەی بەر لە من لە بارەی عێراق و جەنگی یەکەمی جیهانیان نووسیوە، ئاخر لێکۆڵینەوەکانیان بۆ من بەهادار بوون. لە هەمووشی پتر سوپاسگوزاری خوا و ماڵباتەکەمم.

**نووسەر لەچەند دێڕێکدا:**

دارت ب. رســـــلی دووەم لە ســـــان ئەنتۆنیۆی تاکســـــاس لەدایکبووە. دوای دەرچوونی لە قوتـابخـانەی بـاڵای ویلیـام هـاوارد تـافت لە ســـــان ئەنتۆنیۆ لە پایزی ٢٠٠٣ چووەتە زانکۆی تاکســاس لە ســان ئەنتۆنیۆ. دوای ســاڵێک خوێندن گواســـــتراوەتەوە زانکۆی تاکســـــاس لە ئۆوســـــتن. لەوێ بەکالۆریۆســـــی لە ســـــەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـــت لە ئایاری ٢٠٠٧دا وەرگرتووە. لە پایزی ٢٠٠٧دا دیســـــان درێژەی بە بەرنامەی دەرچوونەکەی داوە لەبارەی ڕۆژهەلاتی ناوین و زەمالەی خوێندنی فولبرایتی بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی لە میســر بۆ ٢٠٠٨-٢٠٠٩ وەرگرتووە. هەروەها دارت ئامادەی کۆرسی خوێندنی کۆلیژی میدلبوریش بوو لە هاوینی ٢٠٠٦، لە زانکۆی دیمەشقیش لە هاوینی ٢٠٠٨ و زانکۆی ئەمریکیش لە قـاهیرە لە ٢٠٠٨ بۆ بەهـاری ٢٠٠٩ و ئینجـا لە هـاوینی ٢٠٠٩ بۆ زانکۆی زوففار لە عوممان.

ئەم تێزە توێژینەوە و شیتەڵکردنی بەرژەوەندییەکانی بریتانییە لە موسڵی پارێزگاکەی ئێستای عێراقە لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەو ویلایەتەی لە چەندین ڕوانگەی دیپلۆماتی و ستراتیژی و ئابوورییەوە سەرنجڕاکێش بوو. زۆر لە توێژەران مەیلیان بەلای ئەوەدا ڕۆیشتووە تەنیا تیشک بخەنە سەر یەکێ لە ڕوانگەکان و وێنە گەورەکەی دیکە پشتگوێ بخەن؛ ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە و هەموو ڕوانگەکان بخاتە بەر نەشتەری باسوخواسەکەی.

**سەرپەرشتیاری تێزەکە:**
**ویلیام ڕۆگەر لویس**

## پێشەکی؛ موسڵ و مێژوو

مرۆڤ زۆر جار لە مێژووناسیدا تووشی مەترسیی پێلێهەڵبڕین لە تایبەتمەندبوونی بابەتێکدا دەبێ. زۆر جار بەدواداچوونی بابەتگەلی سەیر و بەرتەسک، مێژوونووس بەرەو ئەو ئاکامە دەبا واز لە کاریگەربوونی زانستی بەکۆمەڵی جڤاتەکە بهێنێ، یان دەرەنجامەکەی وەها بکەوێتەوە بابەتێک لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە پف بدا. هەرچەندە لەهەمان کاتدا مێژوونووس ناچارە کایەی نەناسراو بدۆزێتەوە تا زانست و کارنامەی ژیانی خۆی پێ بەرفراوانتر بکا. لێرەوەڕا توێژەران خۆیان لە دۆخێکی سەختدا دەبیننەوە. ئاخر بابەتی توێژینەوەکە دنەی ئەوەی دەدا هاوسەنگییەک لە نێوان دوو هێزدا بدۆزێتەوە. موسڵی پارێزگای ئێستای عێراق، ویلایەتێکی دەوڵەمەند و فرەکەلتور، دەرووی خۆی لەسەر لایەنی لێکۆڵینەوەی مێژووی بە بابەتی هەمەجۆر و وتووێژی جۆربەجۆر و فرە ئاراستەیی لێکدانەوەکان خستووەتە سەر گازەرای پشت.

چوارچێوەی زەمەنی، ١٩١٤-١٩١٨ و گۆشەنیگا و بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بۆ ئەم توێژینەوە، ڕاستەوخۆ ئاماژەن بۆ هەستیاربوونی لایەنی پیشەمەندیی نووسینەکە. توێژینەوە لە ئیمپراتۆریەتەکە و دانیشتوانەکەی بووەتە مایەی دابەشبوون و بە سیاسەتیش بارگاوی بووە؛ ئاخر

زۆر کەس مشتومڕیان لەسەر ئەوە بووە، کە توێژینەوەکە لە گۆشەنیگای پڕۆژەکانی کۆلۆنیالەوە هەم نەرێیانەیە و هەم بۆ کەلتوری کۆلۆنیکراوەکەش ڕوانینێکی کورتهێنانەیە، لەکاتێکدا ئەوانی دی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە بەبێ گۆشەنیگای کۆلۆنیالەکە، تۆمارە مێژووییەکە ناتەواو و نادروستت دەردەچێ. هەردوو ئەم ڕوانینانە خاڵی دەستپێوەگرتنی خۆیان هەیە، بەڵام هەر یەکەیان لە بەرانبەر ئەویدیدا بەدحاڵیبوونێکی تێدایە. لە دۆزی موسڵیشدا، بەشێکی زۆر لە ئایندەکەی لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا بەند بوو بە بڕیاری کاربەدەستانی بریتانی. ئەم تیشکخستنەسەرە بەچڕی هەر بەتەنیا بەشێکی مێژووی ویلایەتی موسڵمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە هیچ شێوەیەک بەلای وێناکردنی کەلتورەکەیەوە نارِوا.

گفتار و ڕەفتاری دەوڵەتمەدارانی بریتانیش نوێنەرایەتیی ڕۆژگارێکی جیاوازی دەکرد، لەوەی ئێستامان، هەر بەڕاستی مێژوونووسانیش بە پێچەوانەی توێژەرانی دیکە ناتوانن بۆ توێژینەوەکەیان سەردانی مێژووی ناوچەکە بکەن. مرۆڤ دەتوانێ سەردانی عێراق بکا، بەڵام ناتوانێ سەردانی ڕابردوو بکا. لە ڕۆژگاری بریتانییەکان بەدواوە، باری کەلتور و ئەتنی پێکهاتەی عێراق بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕاوە. هەر بۆ نموونە جووە ئاکنجییەکانی ئەوێ، لەوێ نەماون، زۆنگاوەکانی پارێزگای بەسرا وشک بوون و

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی عێراقیش بە زۆرەملێ لە شـــوێنی بنەڕەتیی نیشتەجێبوونیان گوازراونەتەوە و کۆچیان پێکراوە و لە موسڵیشدا زۆر خەڵک بە شێوەیەکی دڵڕەقانە کوژران.[1] ئەوەی نابێ لەبیربکرێ و پێویســـتە باس بکرێ ئەوەیە، ئەو ڕووداوانە کۆمەڵگەی عێراقییان گۆڕی، ســـا ئەگەر یەکێک بیەوێ لە ڕابردووەکەی بکۆڵێتەوە، ئەوا پێویســـتە وەها لە کۆمەڵگەکە بگا، وەک لەکاتی خۆیدا هەبووە. ئەرشـــیفی بریتانی ســـەرچاوەی زۆری لەو بارەیەوە خســـتووەتە بەردەست، بە ئاسانیش بە دەستی توێژەر دەکەوێ. کەواتە لە ڕوویی مێژووی و میتۆدەوە گۆشەنیگای بریتانی شتێکی دانەبڕاوە لە تێگەیشتنمان بۆ هەرێمەکە.

موســـڵ دەرخەری شـــتێکە لەبارەی حکومەتی بریتانی و چۆنیەتی کارکردنیشـــی لەوێ. لە پێواژۆی شـــیکردنەوەی موســـڵدا، دەبووایە کاربەدەســـتە بریتانییەکان زۆر جۆری بەرژەوەندی لەبەرچاو بگرن، سـا بەرژەوەندیی دیپلۆماسـی یان ســـتراتیژی یان بازرگانی بووایە. هەموو ئەمانە لە زۆر خاڵەوە یەکتر دەبڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا توخمگەلی دەگمەن پێکدەهێنن بەوەی هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی دیکەیان کار بۆ هەڵسووڕاندنی سیاسەتی دەرەکی بکەن. هەندێ لە توێژەران تێبینی ئەوەیان کردووە، کە بازرگانە سەرچڵەکان

[1] مەرگی کوردان دوابەدوای شاڵاوی سوپای عێراق لە نێوان ١٩٨٧-١٩٨٩ لە ٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠هە.

دوور ڕۆیشتوون و بە دوای و خاک و وڵاتی دیکەدا گەڕاون تــا بــازنەی دەرامەت و ســــەرمــایەیـان فراوانتر بکەن، لە کۆتاییدا دەســـتڕۆیشـــتنی هێز و دەســـەڵاتی ســـیاســـییانەی وڵاتەکانیان ڕاســـتەوخۆ پەیوەندی بە بەهای ئابووری خاکە نوێیەکە هەبووە. دەسەڵاتی سیاسییش ئەگەری ئەوە دێنێتە پێشەوە، کە پارێزگاری لە سامان و دەرامەتەکانیان بکەن و ڕێگەش بدا بازرگانیی خۆیان بە بێ سەرئێشە بەڕێوە ببەن.[2]

خۆی هەروا باوبوو، هەر کاتێک دەســـەڵاتێکی ســـیاســـی لە شـــــوێنێک دامەزرا و جێگیر بوو، ئەوا ئامانجە بارزگانییە بنەڕەتییەکە، کە لەپێنـاویـدا دروســــــت بووە لەبیردەچێ و پاراســـــتن و مانەوەی ڕەوشـــــە نوێیەکە دەبێتە ئامانجی ســــەرەکی. زۆر جار، کاتێ ئیدارەی نوێ لە خاکێکی نوێ هاتۆتە ئارا، بانگەوازی ئەوەی کردووە، گوایە هەر تەنیا بە پاراســــتنی دەســـــەڵاتەکەی دەتوانێ بارودۆخی ئابووری پەرەپێبـدا بەوەی بە لای ســــود و قـازانجی وڵاتی دایکـدا بشـــکێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو خـاکە نوێیە ببێتە دەرچەی ئابوورییەکی چارەنووســـــاز بۆ دەوڵەتی نیشـــتمان، ئیدی هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئاراســــتەیە دەڕۆن، کە نەوەک هەر

2Philip Ireland, Iraq: A Study in Political Development (London, 1938), p. 34

خاکەکە بپارێزرێ، بەڵکو پەلیش بهاوێژرێ و پێوەلکاندنی ناوچە و هەرێمی دیکەش بگرێتەوە.[3]

خۆی زۆر ڕاستی لەبن سەری ئەو بیرۆکە دایە کە دەڵێ؛ فراوانخوازیی بازرگانی بۆ فراوانخوازیی سیاسییش سەردەکێشی، بەتایبەتیش لە دۆزی هیندستان و ویلایەتەکەی عێراق، واتە بەسرا. لێ لە سەرێکی دیکەوە، بۆ بەریتانیا موسڵ دۆزێکی بێوێنە بوو لەوەی هەم لە ڕووی سەرنجڕاکێشانی ئابووری و هەم ستراتیژیی هاوتا بوو. ئەوەی ڕاستی بێ وەک توێژینەوەکەش دەریدەخا، ئایندەی موسڵ لەنێو زلهێزەکانی یەکەمین جەنگی جیهاندا بەشێوەیەکی بەرز و باڵا بەند بوو بەوەی ئاخۆ چۆن کاربەدەستانی بریتانی و فرەنسایی دەیانڕوانییە موسڵ. تۆ بڵێی بۆ بەرژەوەندی ئابووری چارەنووسساز بوو یاخود بۆ بەرژەوەندیی ستراتیژیی دانەبڕاو بوو؟ تەنانەت لەنێو ئەو باسوخواس و تاوتوێکردنەشدا، کاربەدەستان مشتومڕی پێداگرییان لەسەر ئەوە بوو، ئاخۆ موسڵ لە چ ڕوویەکەوە بەهای ستراتیژیی پتر بوو (بۆ نموونە نەوت لە بەرانبەر خاک). لە کۆتاییشدا جۆرێک لە بەرژەوەندی لە هەرێمەکەدا بەسەر ئەوەدا زاڵ بوو ئاخۆ چۆن بریتانییەکان موسڵ بۆ خۆیان هەڵبگرنەوە.

---

3 Ibid, pp. 35–36

هەروەها لەنێو ئەو باســـوخواســـە تاوتوێکراوانەدا زیاتر پرسـی بەرژەوەندیی تایبەتمەند بە ڕۆژگارەکەوە لەئارادابوو، بەتایبەتتریش ئەمانە لە سەروبەندی جەنگی یەکەمدا. دیسان لێرەوە، موسڵ ڕوانێنێکی گرنگی سیاسەتی دەرەکیی بریتانیا لە ماوەی جەنگی یەکەمدا خســـتە بەردەســـتی ئێمە. ئاخر بریتـانییەکـان لەمـاوەی جەنگەکەدا، بەڵکو بەشـــێوەیەکی تـایبەتتر لە ســـەروبەنـدی جەنگەکەدا، زیـاتر خەمیـان لە کـاتبەنـدیی جەنـگەکە دەخـوارد لە ئەورووپـا لەوەی لە کیووســـەرەکـانی دیکەی جیهـانـدا بەدوای چـاوتێبڕینە ئیمپریالییەکانی دیکەی بکەوێ. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی لە ڕووداو و دانوســتانی دابەشــکردنەکە لەگەڵ فرەنســا لە ١٩١٥ و ١٩١٦دا دەرکەوت، کە ڕێککەوتننامەی ســـایکس-پیکۆی لێکەوتەوە. باســـوخواس لەســـەر موســـڵ بۆ ئێمە دەرووی باســـێکی گەورەترمان لەبارەی ســـیاســـەت بۆ دەکاتەوە؛ ئەو ســـیاســـەتەی لە بنەڕەتدا بەشـێک نەبوو لە کەشـوهەوای دەسـترۆیشـتنی هەژموونی بریتانی. هەروەها جەنگی یەکەمیش بەندێکی دیکە لەو باسـوخواسـە مێژووییە لەســـەر پرســـی نەوت دەکاتەوە. کەشـــتیگەلی پاشـــایەتیی بریتـانی کە هێڵی ســـەرەکیی بەرگریی بریتـانی بوو، پشـــتئەســـتوور بوو بە ســـەرچاوە خۆییەکانی بریتانی لەو بارەیەوە، بۆیە زۆر کەس بڕوایان وەهابوو، ئەو ســـەرچاوە و دەرامەتە بەشـــێوەیەکی گشـــتی دەبێتە پرســـێکی

چارەنووســــــــــاز لە پەرەســـــەندن و پێشــــهاتەکانی خۆتێهەڵقورتاندنی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. موســــڵیش بە نەوتێکی زۆرەوە دەوڵەمەند بوو، ئەمەش بووە دۆزێکی گرنگ تا بەهێزیی بەڵگەوبەندەکان دەربخات، نەخاســــمە ئەوانەی نەوتیان کردبووە چەقی بازنە.

بەدەر لە ڕوانینی سیاسەتی بریتانیا، هەر توێژینەوەکە خۆی لەبارەی موسڵ و لەبارەی ئەوەی ئاخۆ چۆن بووە بەشێک لە بــازنەی دەســــەلاتی بریتــانی، بەرچــاوڕوونییەکی گەورەترمــان لەبــارەی مێژووی دەوڵەتی عێراق و مێژووە ناوازەکەی خودی موســــڵ نیشــــان دەدا. دروســــتکردنی دەوڵەتێکی نوێ و پەیداکردنی ســنوورێکی نیشــتمانییانە بۆ هەتا هەتایە بەشــــێوەیەکی دینامیکییانە، باری کۆمەڵایەتیی موســــڵی گۆڕی. ئاخر خێزانەکان لەیەک دابڕان، ڕێگاکانی بازرگانی پچڕان و قانون و ڕێســــا و ڕێنمایی نوێ لەســــەر بنەمای بەرژەوەندیی حکومەتێکی دیکە هاتنەکایە، کە بینای لەســــەر حیســــابی دانیشــــتوانە هەبووەکەی بوو. لەگەڵ ئەوەشــــدا ئەوەی دەمودەســــت بەهۆی ڕووداوەکە ڕوون نەبووبووەوە، ئەوەبوو ســــنوورەکــان وەک لێکەوتەیەکی جەنگ بە شــــێوەیەکی ڕادیکالانە جیاوازبوون لەگەڵ ئەوەی ئەنجــامی جەنگەکە هێنــایەدی. هەڵبەتە ئەم کــاریگەرییەش لەســــەر خەڵکەکەی بەرەو ئاراســــتەیەکی دیکە ڕۆیشــــت. کەواتە، بۆ ئەوەی یەکلابکرێتەوە ئاخۆ لە کۆتاییدا چۆن و

بۆچی موسڵ کەوتە بن دەسەڵاتی بریتانیاوە، ئەوا لەسەر ئێمە پێویستە بە دوای سەرەداوی ئەو ڕووداو و کاراکتەرانەدا بگەڕێین، ئەوانەی وایانکرد ویلایەتەکە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بریتانی.

زۆر لە توێژەران، ئەوانەی لە پەیوەندیی بریتانیا بە موسڵیان کۆڵیوەتەوە، تیشکیان خستووەتە سەر دوو بەش؛ یەکەمیان پەیوەندیی موسڵ بە بریتانیا لە ڕووی بەرژەوەندیی نەوتەوە، دووهەمیشیان چۆن بریتانیا لە ١٩١٨دا ویلایەتەکەی خستە بن ڕکێفی خۆیەوە.[٤] خۆی ڕێککەوتنێکی گشتی هەیە بەوەی نەوتەکە شتێکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ بڕیاری بریتانیا بەوەی موسڵ بۆ خۆی دابڕێ و ئەمەش ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرای پێناسەکراوی سیاسەتی بریتانیا بووە. کاتێکیش لە نزیکەوە لەم ڕوانینە بپێچینەوە، دەبینین لە سەرەتاوە تەمومژی لەسەر بوو، بەتایبەتیش لە ١٩١٥دا، لەو کاتەی بریتانیا ئەوەی پەژراند موسڵ بدرێتە فەرەنسا. زۆر لە توێژینەوەکان ئەم ڕووداوەیان بە شتێکی بایەخدار بەهەند هەڵنەگرتبوو، ئەوانی دیکەش سەرنجی ئەوەیان دابوو گوایە هێشتا نەوت ئەو بایەخە بەرچاوەی لە هزروبیری ستراتیژیی بریتانیدا پەیدانەکردبوو. ئەم

---

[٤] پێویستە ئەو سەرنجە دەرببڕێ، کاتێک باسی هۆکارە دنەدەرەکانی بریتانیا بۆ داگیرکردنی ئەو پارێزگایە دەکری زۆر لە توێژەران ڕاگوزەرییانە ناوی موسڵیان هێناوە. نووسەر

ڕوانینەی دوایی پەنجەی لەسەر خاڵی ڕاستی داناوە، هەرچەندە هەردوو ڕوانینەکان سەرچیخچووانە زیادەڕەوییان کردبوو لە بایەخپێدانی بریتانیا بۆ نەوت لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

بەڵێ، هەر بەڕاستییش نەوت پرسێکی گرنگ بوو، بەڵام ئەو یەکێک بوو لەنێو فرەپرسی دیکەدا. هەر بۆیە مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، دووبارە لەسەنگی محەک دانەوەی بەرژەوەندییەکانی بریتانییە لە موسڵ و هەڵسەنگاندنی بایەخی کاربەدەستانە بۆی. نەوتیش لە بەرڕەوتی[٥] بەرژەوەندییەکانی بریتانیدا تاوتوێدەکرێ وەک بەشێک لە گشت نەوەک وەک شتێکی دابڕاو، هەڵبەتە وەک هۆکارێک لە سەرووی هەموویان تیشکی دەخرێتەسەر. هەر بەو نیازەشەوە، لە بەندی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا باس لە پەرەسەندنی بەرژەوەندییەکانی بریتانی و کێبڕکێکارانی لە ناوچەکەدا دەکرێ. بایەخێکی تایبەت بەو مقۆمقۆ زۆرەی لەبارەی هێڵی ئاسنینی بەغدا دەدرێ، کە چۆن شەقڵی خۆی لەبەرەبەرەی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا وەرگرت. سیاسەتی بریتانی لەو ماوەیەدا بە چوار قۆناغدا تێپەڕی، لە دەستپێکەوە بە بەرگریکردنێکی شێلگیرانە لە بەرژەوەندییەکان لە بەرانبەر پاڵپشتیی (فەندی) دارایی

---

[٥] بەرڕەوت: بەردەق، کۆنتێکست، سیاق.

بریتانیا بۆ هێڵی ئاسنین و کۆتاییەکەشی بە سازش دێت بۆ بەرژەوەندییە ئەوروپییە بریتانییەکە لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە ئیمپریالییەکانی.

بەندی دووەمیش شۆڕدەبێتەوە نێو دڵی بابەتەکە و ڕێککەوتننامەکەی سایکس-پیکۆ و سیاسەتی ئەو پێشهات و پەرەسەندانەی بۆ ڕێککەوتنەکە سەرکێش بوون. کاتێ جەنگی یەکەم هەڵگیرسا، ئیمراتۆریەتی عوسمانی چووە پاڵ ئاڵمان و قەڵەمڕەوییەکەی ڕووبەڕووی هێرشی هێزەکانی هاوپەیمانان کردەوە، بەتایبەتیش هەڕەشەوگەفی ڕوسیا. لەگەڵ ئەوەی لە جەنگەکەدا بریتانیا و فرەنسا و ڕووسیا لە دژی ئاڵمان هاوپەیمان بوون، کەچی ڕکابەری یەکدییش بوون، کەواتە کاتێک سەرەداوی ئەوە دەرکەوت، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەش بکرێ، بریتانیا چاوی لەسەر قۆناغی دوای جەنگەکە بوو. بریتانیا لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا بۆ هاوپەیمانەکەی قوربانی بە موسڵ دا تا هەردوولایان، هاوپەیمانەکانیان قایل بکەن و دەوڵەتێکی دابڕاویش لە نێوان خۆیان و ڕکابەرە نەیارە کۆنەکەیان کە ڕووسیا بوو، بهێڵنەوە.

وەنەبێت ڕێککەوتنەکان لەگەڵ هاوپەیمانە ئەروپییەکان تاکە پابەندنامە بن، کە لە لایەن بریتانییەکانەوە کرابن. ئەوە بوو بریتانییەکان لە ١٩١٦دا بەڵێنیان بە دەوڵەتێکی

سنوورپێناسەنەکراوی عەرەب دا، بەوەی لەژێر دەسەڵاتی شەریف حوسێندا بێ. هەڵبەتە ئەم بەڵێنە کێشەی لەگەڵ فرەنسییەکان بۆ پەیداکرد، بەڵام خۆ ناکۆکییەکان یەکلانەکرابوونەوە تا بریتانیا بەڵێنێکی دیکەشی لە ١٩١٧ بە زایۆنیستەکان دا بەوەی پشتگیرییان بکا.

سێیەمین بەندیش بەدوای هەوڵوتەقەللای بریتانیادا دەڕوا، بەوەی ئەو ناکۆکی و دژبەرییانە ئاشت بکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بریتانیا تێکۆشا ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکەی خۆی لەگەڵ فرەنسییەکاندا هەمواربکاتەوە بەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ خۆی ببا. بە هاتنی ساڵی ١٩١٨ش بەخت و چارەنووس، جەنگەکەی بەرەو ڕووداوی نەزانراو برد، کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینییەوە: مردنی دەوڵەتمەدارە ناودارەکانی بریتانیا و بەشداری کردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاتنە نێو جەنگەکە، لە هەمووشیان گرنگتر کەوتنی ڕوسیای قرال. ئەم هەلومەرجە نوێیانە لە ڕوانینی بریتانییەکاندا واتای ئەوەی گەیاند، چیدی قوربانیدان بە موسڵ پێویست نەبێ، بەڵکو لەو کاتەی بە دڵنیاییەوە بریتانیا داخواز بوو ئەم پارێزگایە بکەوێتە بن جڵەوی خۆیەوە، ئەوا پرسی پڕگوشار لەسەری بەڵێنەکانی سەردەمی جەنگ پەیدابوون، کە لە هەموو هەنگاوێکی داگیرکەرییانەدا هاوڕای بوون. موسڵیش دەبووایە بووبایە ئامانجێکی لاوەکی.

لە کۆتاییدا، بریتانیا دەبووایە دەســــتی بەســــەر موســــڵدا بگرتبایە، بەڵام نەوەک بە ڕێگەی دیپلۆماسیەتی کراوە لەگەڵ فرەنســــادا. ئەو ڕێککەوتنە دژبەرانەی بە یەکدی. بـارێکی گران بوون بۆ بریتـانیـا تـا چارەســــەریان بکا، هەر بۆیە دەبووایە سـەروەزیری بریتانی و فرەنسـی، هەریەک لە لوید جۆرج و کلیمەنســـۆ دووبەدوو یەکدی ببینین و کێشــــەی دەوڵەتەکانیان چارەســــەر بکەن. هەروەها بەندی ســـێیەم ڕاســـتەوخۆ پرســـی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە موســـڵ دەهێنێتەگۆ و لەگەڵ فرەڕەهەندی دیکەیدا هەڵیدەســـەنگێنێ. تۆ بڵێی هەروەک توێژەران باســـیان کردووە ئاخۆ نەوت گرنگ بووە یاخود پرســـگەلی دیکە، کە لەمێژە لە پرســـی نووسـینەوەی مێژوودا پشـتگوێخراون؟ لە کۆتاییشـدا ئاخۆ موسڵ چ واتایەکی بۆ دیمەنە بەرفراوانەکەی بریتانیا هەبوو؟

## میزۆپۆتامیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان

بەر لە سـەدەی بیسـتەم، ڕوانینی فەرمیی دەسـەڵاتی بریتانیا بـایەخێکی زۆری بە ویلایەتی موســــڵ، واتە بە ویلایەتە عوســـمانییەکە دابوو. ئاخر موســـڵ لەمێژبوو کلیلی مەکۆی بـازرگـانیی ڕۆژهەڵاتی نـاوین بوو، بەڵام لەبەرچـاوی بریتـانییەکـان لەهەموو شـــتێکی نـاوازەتری ویلایەتەکە، هەڵـکەوتەکەی بـوو. لەپـاڵ هەردوو ویـلاتەکەی دیـکەی

عوســـمانی، واته بەســـرا و بەغدادا، موســـڵ پاژێک بوو، میزۆپۆتـامیـای پێکدەهێنـا، ئەو نـاوچەیەی دەکەوتە ســـەر یەکێک لە ڕێگا هەرە خێراکانی هیندستان. بەهۆی نزیکییەوە لە بەشـێکی هەرە چارەنووسـسـازی ئیمپراتۆریەتی بریتانی، ئەوە بوو میزۆپۆتامیا بە خۆی و هەرســـێ ویلایەتەکەیەوە کەوتە نێو ڕایەڵەی چڕ و ئاڵۆزی بەرژەوەندییەکانی بریتانی. ئەو بەرژەوەندییانەی بریتانیای ناچارکرد لە ســاڵی ١٩١٤دا دەسـت بەسـەر بەسـرادا بگرێ و پاشـان بەغدا لە ١٩١٧ و موســـڵیش لە ١٩١٨دا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەرچەندە لە ســـاڵانی بەر لە هەڵگیرســـانی جەنگەکە، ســـیاســـەتی دەقاودەق لەبارەی ســـەربەخۆیی موســـڵ و دەوروبەری بە شـێوەیەکی تایبەتی بەشـێکی سـیاسـەتی هەبوو نەبوو. هەر مشـوورخواردنێک بۆ ئەو ویلایەتە عوسـمانییە بە مەحکەمی لەنـێو وێـنەی بەرفـراوانـی هەرێـمـی مـیـزۆپـۆتـامـیـادا بەســـترابووەوە بە بەرژەوەندییەکانی بریتـانی. کەواتە بۆ تێگەیشـــتن لە بەرژەوەندیی بریتانی لە موســـڵدا، پێویســـتە یەکەم جار لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە میزۆپۆتامیاوە بڕوانین و بیخەینە بەرباس.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەبەستە، ئامانجی ئەم بەندە ئەوەیە، کورت و پوخت وێنای پەرەســـەندنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە میزۆپۆتامیادا بکا، هەروەک وەک چۆن پێناســـەی دەقــاودەقی ئەو بەرژەوەنــدییــانە دەکەین، ئەویش لەبەر


ڕەوتی ڕووداوەکـان لە ئێوارەی[٦] بەر لە هەڵگیرســـــاندنی جەنگی یەکەمی جیهانی. کاتێک سەرنجی تایبەت چووە سەر پرسـی هێڵی ئاسنینی بەغدا، وەنەبێ ئەم پرسـە هەر ڕۆڵێکی گرنگی لە شەقڵپێدانی سیاسەتی دەرەکیی بریتانیا لە هەمبەر میزۆپۆتامیا هەبێ، بەڵکو شـێوازێکی دیمەنی هەرەگرنگیشـی لە ســـیاســـەتی بریتانیدا هێنایەکایە. ئەم شـــێوازەش لە داهاتوودا لە دەمەقاڵێ و شەڕ لەسەر موسڵدا هاتەپێشەوە، کە وردەکاریی خۆی بۆ ڕوونکردنەوە دەخوازێ. ئەم بەندە بە وێناکردنی بریسکەی بەرایی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر میزۆپۆتـامیـا کۆتـایی پێـدەهێنێ، دیـارە ئەمەش لە پـایزی ١٩١٤دا ڕوویــدا، ئەمە و لەگەڵ بــڕیــاڕدان لەســـــەر ســـــەربــارکردنی توخمێکی دیکە بۆ جەنگەکە، کە خۆی تێهەڵکێشـــــە لەگەڵ بەرژەوەنــدیی هەبووی بریتــانیــا لە ناوچەکەدا.

---

[٦] مەبەســـت لە ئێوارەی بەر لە...: ئەوەیە کاتێکی نزیک بەر لە ڕووداوەکە یان ڕێککەوتەکە، ئەمەم لە بەرانبەر دەســـــتەواژەی the eve of بەکارهێناوە. وەرگێڕ

## پەرەسەندنی بەرژەوەندی و ڕکابەرییەکان

بازرگانی، هەروەک چۆن لە زۆر بەشـــی دیکەی ســـەر ئەم زەمینەدا لە میزۆپۆتـامیـاشـــــدا دنەدەری بەرفراوانبوونی



بەرژەوەندییەکان بوو.[٧]هەروەک لە سـەرەتای ١٦١٩ و بەر لە پێکهێنانی شـانشـینەکانی بریتانی، ئەوا کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندسـتان East India Company هەموو هەریر(ئـاوریشـم)ی قۆرخکردبوو، ئەوەی بەنێو ئێران و کەنداودا تێدەپەڕی و لە ١٦٤٣شـدا یەکەمین کارخانەی ئینگلیزی لە بەسرا، لە بەشی خوارووی میزۆپۆتامیا دامەزرا و پێ بەپێی ڕۆژگاریش فرۆشـتن و بازرگانیکردنی بە کاڵای بریتانی بەرفراوانتر دەکرد. کاتێکیش بازنەی بازرگانیی کاڵای بریتانی بەرفراوانتر دەبوو، پەلوپۆی بەنێو وڵاتەکەدا هاوێشت و بەرەو ژوور هەڵکشا تا گەیشتە موسڵیش، ئەو پارچەیەش تادەهات لە ڕووی سـتراتیژی و ئابوورییەوە گرنگتر دەبوو، تا بووە دەروازەیەکی بازرگانیی بریتانی. ئەو بایەخەش لە ماوەی سـەدەی هەژدەهەمدا زیاتر پەرەیسـەند بەوەی وردە وردە بریتانیا بووە هاوپشـکی سەرەکی لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.[٨]

لە ماوەی نێوان سـاڵانی ١٨٢٠ و ١٨٤٠دا، کاتێک تەکنەلۆژیای ئاراسـتەکار(ڕووگەنما) بۆ دەریا و ڕووبار پێشـدەکەوێ، ئیدی دۆڵەکانی دیجلە و فرات تیشـکی پتری هەڵمەتی گواسـتنەوە و پرۆژەی قازانجدارییان

[٧] 5 Ireland, Iraq, p.31

[٨] هەمان سـەرچاوە لاپەڕە ٣١؛ قۆرخکردنی(مینۆپۆلی) ئاوریشـمە و لە لایەن شا عەباسی ئێرانییەوە مسۆگەرکرابوو.

دەکەوێتەســـــەر.[9] تەنانەت حکومەتی بریتانی وەهای دەبینی، ئەو دۆڵەی بە موســـڵدا دەڕوا، وەک ئەگەرێکی بەرچاوی پەیوەندیی بەیەکەوەبەســـتنەوەی ڕێگای هیندســـتان بە نۆکەندی ســـوێســـەوە بزانێ. لە ١٨٥٠شـــدا، یەکەمین پلانی ڕێگای ئاســـنینی میزۆپۆتامیا بۆ لەندەن هاتەپێشـــەوە، کە موسـڵ بەشــە هەرە ئاڵۆزەکەی ڕێگاکە بوو.[10] هەرچەندە هیچ کام لەم پێشـــنیاز و پڕۆژانە پەســـەند نەکران، لێ لەگەڵ ئەوەشـــدا هێشـــتا لە ســـەدەی نۆزدەهەم تا پێنانە ســـەدەی بیستەمیشەوە موسڵ و بە شێوەیەکی گشتییش میزۆپۆتامیا وەک ســـتراتیژییەکی گرنگ و مەکۆی بازرگانی مایەوە. هەر بۆ نیشـــاندانی وێنەیەک لەســـەر بیرۆکەی فراوانکردنی ئەو ڕێگە بازرگانییە، لە ساڵەکانی ١٩١٢ و ١٩١٤دا، بریتانییەکان بە ڕێژەی نزیکەی ٧٠٪ی بـازرگـانی میزۆپۆتـامیـایـان لەژێر ڕکێفــدا بوو.[11] هەر بەتەنیــا ئەم بــازرگــانییە کــاریگەریی جێگیریی خۆی لەسەر سیاسەتی بریتانیاوە هەبوو.

ئەرکەکــانی بــازرگــانێتی بەرایی بریتــانی و لێکەوتەی هەوڵوتەقەلای بۆ ئاراســـتەکردنی هێزی خۆی لە میزۆپۆتامیا و کەنداوی فارســـیدا، وەک دەســـتبەســـەرداگرتنی هەموو

[9] سەرچاوەی پێشوو ل ٤٤

[10] Stuart Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903-1914 (London, 1976), p. 4; Ireland, Iraq, p. 45; لە کۆتاییشـــدا ڕێگا بەنێو میسردا وەک باشترین بژاردە بینرا.

[11] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 251

بەلەمە فریادڕەسەکان و سەرکوتکردنی چەتەگەری دەریایی، هەموو ئەمانە بە شــێوەیەکی گشــتی لە ئەنجامی ئەوەوە هـاتن، کە جڵەوی هیندســتانی کەوتبووە بەردەســت.[12] بەرگریکردن لەو ناوچە چارەنووســازە بووە بنەمایەکی پتەو بۆ سیاسەتی دەرەکیی بریتانی و وای لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان بریتانی کرد ئاســایشــی " هەموو ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە ســەر هیندســتان" بپارێزن و هەموو بنکەیەکیش بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیـانەوە؛ ئەوانەی دەکرێ ببنە هەڕەشــە بەســەر ڕێگـاکەدا."[13]ئەم ســەرهێڵەی بیرکردنەوەیە بە شــێوەیەکی بەرچاوانە دەســتی هەبوو لە داواکردنی شــوێنەکانی وەک ســەنگاپورە، جەبەلتاریق و هەروەها لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەهەمیشدا ناوچەرگە و بەشــی ڕۆژهەڵاتـی ئەفـریـقـا تـا بـیـانـخەنە ژێـر قەڵەمڕەوییەکەیانەوە. هەرچی لەبارەی میزۆپۆتامیاشــەوە بوو؛ بەغدا مەکۆی ســەرەکی دەســتڕۆیشــتنی بریتانیا بوو لە

[12] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903-1914, p.3; M. And T. Zinkin, Britain and India: Requiem for Empire (London, 1964), p. 48; R. Robinson and J. Gallagher with A. Deny, African and the Victorians: The Official Mind of Imperialism, (London, 1961), p. 289; چەقی باسوخواسی کتێبەکانی ڕۆبنســن و گالاگار ئەوەبوو کە ئەو ئاســایشــپارێزییەی دەرهەق حکومەتی کاروباری هیندســتان هەبوو بە شــێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئەوە بوو بەڵکو فراوانخوازێتی ئیمپراتۆریەتی بریتانی پتر بکرێ.

[13] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903-1914, p.3

نیمچه دورگه‌ی عه‌ره‌بییه‌وه.[14] شوێنی حه‌وانه‌وه‌ی سیاسییانه له به‌غدا دامه‌زرێنران بۆ ئه‌وه‌ی ته‌وژمی ده‌سترۆیشتووی بریتانی بڵاوبکه‌نه‌وه و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانیان له به‌رانبه‌ر ڕکابه‌ره ئه‌وروپییه‌کانیان بپارێزن و مسۆگه‌ر بکه‌ن.

له دوادواییه‌که‌ی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مه‌وه مه‌ترسی و هه‌ڕه‌شه‌ی سه‌ره‌کی بۆ سه‌ر بریتانیا له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوینه‌وه، ئیمپراتۆریه‌تی ڕوسی بوو. ئاخر ڕوسیا له‌و ماوه زه‌مه‌نییه‌دا به خێرایی فراوانخوازێتی خۆی ده‌رخست، ئه‌ویش به ده‌ستبه‌سه‌رداگرتنی هه‌موو خاکی قه‌وقاز و هه‌روه‌ها له ١٨٦٤دا دۆڵ سیردریاشی Syr Darya (ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ پێیده‌ڵێن کازاخستان) خسته بن جڵه‌وی خۆیه‌وه. فراوانبوونی ڕوسیا به‌ره‌و ئاسیای ناوه‌ند و نزیککه‌وتنه‌وه‌ی له هیندستان بووه مایه‌ی ئه‌وه‌ی زۆر له ده‌وڵه‌تمه‌دارانی بریتانی چاویان لێ زه‌ق ببێ، به‌ڵام هه‌ڕه‌شه‌وگه‌فی زیاتر و کوشنده‌تر له‌وه‌وه هات، کاتێک جێپێیه‌کی قایمیان له باکووری ئێران په‌یداکرد. ئاخر ئێران ده‌روویه‌ک بوو به‌سه‌ر هه‌ردووکیان، واته هه‌م به‌سه‌ر هیندستان و هه‌م به‌سه‌ر میزۆپۆتامیاشه‌وه، به‌مه‌ش ڕاسته‌وخۆ هه‌ڕه‌شه‌یه‌ک بوو بۆ پێگه‌ی بریتانیا له هیندستان، هه‌روه‌ک چۆن به

[14] Ireland, Iraq, p.37

شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆش هەڕەشـە بوو بۆ چوونە نێو میزۆپۆتامیا. تەنانەت لە ١٨٩٠دا ڕوسـیا ئیمتیازی ڕاچاندنی هێڵی ئـاسـنینی لە ئێران وەرگرت، کە ڕێککەوتنی هێڵی ئـاسـنینی ڕوسـۆ-ئێران بوو، ئەمەش بەرژەوەنـدییە داراییەکـانی ڕوسـی لە ئێرانـدا بەهێز و تۆکمە دەکرد.[١٥] بریتـانیـای مەزنیش مکوڕبوو لەسـەر کـاردانەوەیەک بۆ ڕاگرتنی ئەو پێشـوەچوونەی ڕوسـی و تەنانەت لە جەنگی کـریـمـین(قـرم) لە ١٨٥٣-١٨٥٦ دا لەپـاڵ فـرەنسـا و ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانیدا لە دژی لەشـکرکێشـی ڕوسـیا وەستایەوە.

هەوڵ و کۆشـشێکی گەورە درا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بریتـانیـا لە میزۆپۆتـامیـادا بپـارێزرێ، بەتـایبەتیش لە لایەن لـۆرد کـورزن Lord Curzon ەوە، ئەو کەسـەی ئەو سـەرنجەی دەربڕی بەوەی: "بەغدا... پێویسـتە بخرێتە نێو بازنەی هەژمـوونی حاشـاهەڵنەگری بریتانییەوە."[١٦] ئەمەش بەو قەناعەتەی کە هەبوون و جێپێی ڕوسـیا لە ئێران مایەی هەڕەشـەیەکی جدییە، ئیدی هەموو هەوڵێکی بریتانی و بە هەموو ڕێگەیەک ئەوەبوو، دەسـتڕۆیشـتنی ڕکابەرەکەی بەرزەفت بکا. سـەرنجڕاکێشـترین ئەو هەوڵوتەقەللایەش لە

---

[١٥] Ireland, Iraq, p. 38

[١٦] G.N. Curzon, Persia and the Persian Question (New York, 2001), Vol. II p.578; Ireland, Iraq, p. 49

پەیماننامەی ١٩٠٧دا و لە دابەشکردنی ئێران بەسەر ناوچەی دەسترۆیشتووی ئەنگلۆ-ڕووسیدا ڕەنگیدایەوە.[١٧] پەیماننامەکە زۆر لە دەڤەرەکانی باکووری ئێرانی دابووە ڕوسیا، لە کاتێکدا بریتانیا بەشی باشووری بۆ خۆی دانابوو، هەرچەندە ئەم پەیماننامەیە تاکە ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانی نەبوو. یەکێ لە تاکتیکەکانی دیکە، دامەزراندنی قەوارەی پارێزراوی سەردارەکانی عەرەب بوو لەسەر کەنداوی فارسیدا. ئەم ڕێکارەش هەریەک لە ڕێککەوتننامەی میرنشینەکانی کەناراو لە ٦ی ئازاری ١٨٩٢، ڕێککەوتننامەی بەحرەین لە ئازاری ١٨٩٢ و لە هەمووشیان گرنگتر پەیماننامەیەک بوو لەگەڵ شێخ موبارەک بۆ کوەیت لە ١٨٩٩دا. ئەوەی دواییان و لەژێر پارێزگاریی بریتانییدا بووە باشترین بەندەر لە سەر کەنداوی فارسیدا.[١٨]

ڕوسیاش تاکەهێزی ڕکابەری بریتانیا نەبوو لە هەژموونپەیداکردن بەسەر میزۆپۆتامیادا. بە کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەهەم و دەستپێکی سەدەی بیستەم، ئاڵمانیش بووە ڕکابەری سەرەکی بۆ بریتانیا لەوێ. لە ڕووی ئابوورییەوە، کۆمپانیا و سەرمایەی ئاڵمانی لە نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا تا دەهات بەشێوەیەکی زۆر خێرا

[١٧] Ireland, Iraq, p. 42

[١٨] هەمان سەرچاوە ل ٣٩.

بەرفراوان دەبوو و لەگەڵیشـیدا پشـکی بازرگانانی ئاڵمان لە بـازاڕەکـانی تورکیـدا پتر دەبوو. لێ لەوەش گرنگتر، حکومەتی ئـاڵمـانی تـا دەهـات لەنێو دامودەزگـای دادوەریی عوسـمانیدا زیاتر و زیاتر دەسـتیان دەڕۆیشـت.[1] بەشـێک لەو ئەنجامە بۆ خێرا پەرەسـەندنی هێز و دەسـەڵات و نمایشـی ئـاڵمـان دەگەڕایەوە، بەڵام ئەم حـاڵەتە ئەنجامێکیش بوو بۆ ئەو گۆڕانەی لە نێو حکومەتی عوســـمانییدا پەیدابوو. لە ١٩٠٩دا کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کەوتەدەست، ئەویش بوو مایەی ئەوەی لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگاکەدا سـیاسـەتی نوێ بگرێتەبەر. حکومەتی نـوێ لە لایەن کـۆمـیـتەی ئـیـتـحـاد و تەرەقـیـیەوە بە هاوپەیمانییەکی گەورەی ئاڵمانەکانەوە پێکهات، بەتایبەتیش لە بارەی توانستی جەنگ لە دژی ڕوس. تەنانەت دیپلۆماتێکی تورک تێبینی ئەوەی کردبوو؛ "حکومەتەکەی هاتووەتە سـەر ئەو باوەڕەی کە چیدی بریتانیا نایەوێ سەرچڵی بە جەنگێک بکا بۆ ئەوەی یەکپارچەیی خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوســمانی بپارێزێ... هەر بۆیە هیچ بژاردەیەک بۆ تورک نەماوەتەوە لەوەی زیـاتر هـانـا بۆ ئـاڵمـان ببـا."[2] لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەم قەڵایەش لەژێر ئـابلۆقەی ئـابووری ڕکـابەرە نوێیەکە خۆی نەگرت و کەوت.

[1] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 8

[2] Paul Davis, Ends and Means: The British Mesopotamian Campaign and Commission (London, 1994), p.15

هەر لەسەرەتاوە ئەو سەرچڵییە بەراییە بازرگانانەی ئاڵمان لەناو تورکیادا بە هەڕەشەیەکی سەرەکی بۆ ڕوسیا لەقەڵەم درا. لێ لە ساڵە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا، ئاڵمان توانی ڕێککەوتننامە لەگەڵ هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ببەستێ. لە ئابی ١٩١١دا ڕێککەوتننامەی پۆتسدام Potsdam لەنێوان ڕوسیا و ئاڵمان پێکهات و بەهۆیەوە هەریەکەیان دانیان بە بەرژەوەندییەکانی یەکدیدا نا لە تورکیا، ئەمە و لە کاتێکدا لە شوباتی ١٩١٤دا فرەنسا و ئاڵمانیش بە ڕێککەوتنی فرانسۆ-ئاڵمانی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی خۆیان ئاشتکردەوە.[1] لە ١٩٠٩دا بریتانیاش ویستی پەیوەندییە ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ئاڵمان هێور و ئاسایی بکاتەوە و دەستی ئاڵمان لە موسڵ واڵا بکا.[٢٢] هەرچەندە سیاسەتی بریتانی بەر لە جەنگەکە لە ناوچەقی قۆناغی وەرچەرخاندا بوو، بۆیە پێویستی بە وردەکاری پتر هەبوو تا تەواو لە بەرتەکی ئاڵمان تێبگا.

### هێڵی ئاسنینی بەغدا

هێڵی ئاسنینی بەغدا یەکەمین پڕۆژەی سەرەکی بوو، کە لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە نەخشەی بۆ کێشرابێ، کە لەبن

1 2 Ireland, Iraq, pp. 55-56

[٢٢] هەمان سەرچاوە ل٥٥.

ڕکێفی بریتانیادا بێته نێو میزۆپۆتامیا.[٢٣]ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانه بوونه مایەی نیگەرانییەکی زۆر لە نێو سیاسەتدارێژەران و بووه سەنگی محەک بۆ تاقیکردنەوەی هێز و دەسترۆیشتنی بریتانیا له هەرێمەکەدا. له هەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو، زۆر له سیاسەتەکانی بریتانیا وەک ئەنجامێکی هێڵی ئاسنینی بەغدا چەکەرەیان کرد و پەرەیانسەند، که دواتر له میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی له موسڵدا بینران و دەرکەوتن. له بنەڕەتەوه نەخشەی هێڵه ئاسنینەکه بۆ ساڵی ١٨٨٧ دەگەڕێتەوە، ئەم هێڵه ئاسنینەی بەغدا بەرهەمی سەرمایەداره وەبەرهێنەکانی ئاڵمان و حکومەتی عوسمانی بوو. هەروەک نەخشەکه له سەدەی بیستەمدا بەرەوپێشەوە چوو، هەردوولایان، حکومەتی ئاڵمان و بریتانیا تا دەهات مەیل و چاویان زیاتر لەسەر ئەو پەرەسەندنه بوو. له ١٩٠٣دا ئاڵمان دوا ئیمتیازی هێڵێکی نوێیان له عوسمانییەکان وەرگرت و لەتەک ئەمەدا له ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بوونه ڕکابەری بریتانیا.

خۆی درێژکردنەوەی هێڵی ئاسنین له کوستەنتینەپولەوە له کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەبوو، بەڵام هێڵی پێشنیازکراوی بەغدا وەها دەستنیشانکرابوو تا ١٩١٦ تەواو

---

[٢٣] ناونیشانی فەرمی پرۆژەی هێڵی ئاسنینی بەغدا ئەمەبوو: "La Societe Imperiale Ottomane du Chemin de Fer de Baghdad."
کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی بەغدای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

ببێ، ئەو هێڵەش بە ڕۆژهەڵاتی قۆنیا تێدەپەڕی و چیاکانی تۆروسی دەبڕی تا دەگەیشتە ئەسکەندەرونە، حەڵەب، موسڵ و لە کۆتاییشدا بەغدا.[٤] ئەم تەداروکەش بەقەدەر لەبەرچاوگرتنە تەکنیکییەکان ڕەنگدانەوەی لەبەرچاوگرتنی سیاسی و ئابووری بوو.

بۆ ئالْمان ئەو هێڵە ئاسنینە نوێیە ئامرازێک بوو بۆ بەستنەوەی "فیدراسیۆنی سیاسی و ئابوری"ی ئایندەیی و بەهۆیەوە دەکرا ئەڵمان هێزێکی سەرەکی لە میتیلئوروپا Mitteleuropa پێکبهێنێ، میتیلئوروپاش ئەو ناوچانە بوون، کە ئالْمانیا لە ڕێی نەمسا و مەجەر و بالکان و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەستی دەرۆیشت و دایپۆشیبوو.[٥] هەر بەڕاستیش بەرژەوەندیی ئالْمان لە هێڵە ئاسنینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەر بە میزۆپۆتامیا کۆتایی نەدەهات؛ پارەی ئالْمان فەندی هێڵی ئاسنینی ئەناتۆلیای تورکیشی کرد و نەخشەکە بۆ هێڵی ئاسنینی ئێرانیش هەبوو.[٦] هەرچی هێڵی ئاسنینی بەغداش بوو، بەشێوەیەکی

---

[2] Davis, Ends and Means, p. 33; John Keay, Sowing the Winds: The Seeds of Conflict in the Middle East (New York, 2003), pp. 33–36

[2] Davis, Ends and Means, p. 32

[2] Edward Earle, Turkey, the Great Powers, and the Baghdad Railway: A Study in Imperialism (New York, 1923), p. 47; هێڵی ئاسنینی ئێران لە لایەن ڕوسیا و بە ڕێککەوتنێک لە

تایبەتمەند بۆ ئەوە نەخشـــەکێشــرابوو، "هێڵی گەیاندنی ڕۆژهەڵاتی شـــام و هینـدســـتـان و ڕۆژهەڵاتی دوور لە لەنـدەنەوە دابېڕێ و لەجێگەیـدا هەر بە وشـــکانییەوە بە ڕایخ(دەوڵەتی)ی ئـاڵمـانی ببەســـتریتەوە و ببێتە ئەگەری داردەســتێکیش بۆ هێرشـکردنە سـەر میسـر و هیندسـتان."[27] لایەنە سەربازییەکەی ئەم دۆزەش دواتر لە ٢ی ئابی ١٩١٤دا پشـتڕاسـتکرایەوە، ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسـمانی چووە پاڵ هاوپەیمانییە سێقۆڵییەکەی لەگەڵ ئاڵمان و نەمسادا.[28]

خۆ ئەگەر هاتبا نیاز لە ڕاکێشـــانی هێڵی ئاســـنینی بەغدا "پێگەی ئیمپراتۆرییەتی ئـاڵمـانی و نمـایشـــی لە جیهـان و فروانبوونی باری دارایی و ئابووری" بووایە، ئەوا ئەوکات هەر دەبوو لەســـەر حیســـابی بریتـانیـا بووایە.[29]ئەم هەراســـانییە لە وایتهۆل[30]ەبڕایەوە و مشـــتومڕی زۆری

١٩١١دا ڕاگیرا، هەرچی ڕێگەش بوو بەرەو ئەســکەندەرونە بەهۆی بەرگری فرەنسـییەکان وەسـتێنرا. بە گوێرەی لێکدانەوەی کاربەدەسـتانی ئاڵمان، ئەم هێڵە ئاســـنینانە گەر تەواوکرابان دەبوونە مایەی دابینیکردنی کەرەســـتەی خاوی پێویســت، ئەو کەرەســتانەی لە ســەرچاوە خۆجێییەکانی ئاڵمان دابین نەدەبوون.

[27] Davis, Ends and Means, pp.33-34; هەڵسـەنگاندنە سـەربازییەکە بەگوێرەی مارشاڵی مەیدانیی ئاڵمان کۆلمار ڤۆن دەر گۆلتز بوو.

[28] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨. هەرچەندە کاتی خۆی بڵاونەکرایەوە.

[29] هەمان سەرچاوە، ل ٣٣

[30] وایتهۆل شـەقامێکە لە لەندن، دەسـتەواژەیەکە بۆ مەکۆی بڕیاڕی سـیاسـی بریتانی، چونکە دامودەزگا میرییەکانی بریتانی لەوێن. وەرگێڕ

ســـەبارەت بەو پرســـە بەدوای خۆیدا هێنا. لەماوەی نێوان ١٩٠٣ تا ١٩١٤ (واتە لەکاتی دوا ئیمتیازی هێڵی ئاســـنین و هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا) سیاسەتی دەرەکیی بریتانی بە چوار قۆناغدا تێپەڕی، هەریەکە بە گوێرەی بەڵگەنامەی فەرمیی خۆی.

قۆناغی یەکەمیان: یاداشتەکەی لانسداون Lansdowne (وەزیری کاروباری دەرەوە لە ١٩٠٠-١٩٠٤) لە ١٩٠٣دا بوو.

دووهەمیشیان: لیدوانی کابینەی حکومەت بوو لە ١٩٠٧.

ســـێهەمیان: لە لایەن ئێدموند گریێ Edmund Grey (وەزیـــری کـــاروبـــاری دەرەوە لە ١٩٠٥-١٩١٦) لە ١٩١٠دەرچوو.

دواهەمینیشـــیان: لە ١٩١٣ و ١٩١٤دا و بەدوای یەکدا لە ڕێککەوتننامەکانی ئەنگلۆ-تورکی و ئەنگلۆ-ئەڵمانی ڕەنگیدایەوە.[٣١]

[3] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 16; M. K. Chapman, Great Britain and the Baghdad Railway 1888–1914 (Northampton, 1948), p. 76

یاداشتی لاندسداون لە نیسانی ١٩٠٣ لەبارەی هێڵی ئاسنینی بەغداوە، جەخت لەسەر دانوستان لەگەڵ پارەدارانی ئاڵمان و دەستکەوتە دیپلۆماتییەکان کراوەتەوە بەوەی هێڵی ئاسنینی بەغدا وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی گرژیی لەگەڵ ئاڵمان بەکاربهێنرێ. یاداشتەکە پێشنیازی ئەوەی کردبوو، بە ڕاکێشانی دەستی پارەدارانی فرەنسی و ڕوسی بۆ پرۆژەکە "بەنێودەوڵەتی" بکرێ. دەستبەجێش ئەو خشتەیە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان و حکومەتی کاروباری هیندستانەوە[٣٢] ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەیەکی ڕەخنەئامێزانەی توند بووەوە.[٣٣] تەنانەت لەو بارەیەوە کاربەدەستانی حکومەتەکەی هیندستان پێشنیازی ئەوەیان کرد دەستڕۆیشتنی ئاڵمان تەنیا لە موسڵدا سنووردار بکرێ.

ئەم تەوژمە فشارە خۆی لە سیاسەتێکی نوێدا بینییەوە، کە وردەکارییەکەی لە یاداشتێکی کابینەی حکومەتەکەدا و لە ١٩٠٧دا بەرجەستە بوو. یاداشتەکە هەموو شەقڵێکی بێگانەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێگای بەرەو هیندستان ڕەتکردبووەوە، هەروەها "بەنێودەوڵەتیکردنی" هێڵی ئاسنینی بەغداشی لە بەرژەوەندی پێشنیازێکی خشتەی "بەشەکی" دەبینی، بەوەی هێزە ناوبراوەکان تەنیا لەناوچەی هەژموونی

---

[٣٢] مەبەست حکومەتی بریتانیایە کە لە هیندستان پێکیانهێنابوو. وەرگێڕ

[3] Earle, Turkey, the Great Powers, and the Baghdad Railway (New York, 1923), p. 180

خۆیاندا لەبن کۆنترۆلیاندا بێ. بۆ بریتانییەکان کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕووبەرەی لەنێوان بەغدا و بەسرادا بوو لە شتە پێشنۆرەییەکانیاندا[٣٤]بوو. وەرچەرخانەکە ڕەنگدانەوەی بەشێک لە ئاگابوونەوەبوو لە هەمبەر میزۆپۆتامیا، بەلام لە ئەنجامی ئەوەش بوو کە پارتی لیبرال لە هەڵبژاردندا براوە بوو.[٣٥]هەرچۆنێک بێ، توخمی هەرە بەهێزی پشت ئەو سیاسەتە لەو ماوەیەدا لایەنی ئابوری بوو. بازرگانیی ئاڵمان لە هەرێمەکەدا گەیشتبووە ژمارەیەک لە ناوچەکان بۆ بواری پێشخستنی ئاودێری کە ئامراز و ماکینەی کشتوکاڵیی قورس بوون، هەروەها گەیشتبوونە ئەو شوێنەی قەلای بازرگانیی بریتانی بوون لەو ناوچانەدا.[٣٦]هەر هێڵە ئاسنینەکە خۆی هەڕەشەیەک بوو لەسەر کۆمپانیای کەشتیرانی بریتانی، کە ماوەیەکی زۆر بوو مەیدانی بەیەکگەیاندنی کەنداوی فارسییان بە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە قۆرخ کردبوو.[٣٧]

---

[٣٤] پێشنۆرە: ئەو شتە ئەو بایەخەی لەپێش ئەوانی دیکەوە دێ، ئەفزەلییەت. وەرگێڕ

[35] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, pp.32 & 68

[٣٦] سەرچاوەی پێشوو ل ٥٦.

[37] Earle, Turkey, the Great Powers, and the Baghdad Railway (New York, 1923), p. 191; هەروەها ئیرل سەرنجی ئەوەشی دابوو، کە زۆر لەو تۆمەتانەی لە هێڵی ئاسنینی بەغداوە هەبوو، هی ئەوە نەبوون پشتڕاست بکرێنەوە.

ئەم هەڕەشەی پێشینە لە ١٩١٠دا ڕێگەی بۆ وەرچەرخانێکی سیاسی دیکە خۆشکرد. ئەو پەیامەی گرێی لە ٢٠ی نیسانی ١٩١٠ بۆ لۆوتەر Lowtherی ناردبوو، تەرخان بوو بەوەی نیازی حکومەت لەسەر ئەو سیاسەتانەی ساڵی ١٩٠٧دا چڕببێتەوە بەو سەرنجەی کە بریتانیا هێڵی ئاسنین لە دۆڵی ڕوباری دجلەدا لێبدا.[٣٨] لەکاتێکدا هەوڵی دیپلۆماسی لەپشت ئەو چڕبوونەوەیە هەبوو، لێ دیسان دنەدەری سەرەکی پشت داوایەکە بازرگانییش بوو. ئاخر بە وەرگرتنی ئیمتیازی لێدانی هێڵی ئاسنین پێ بەپێی ڕوباری دیجلە، کە بە هۆیەوە سیستمی ئاودێری هەرێمەکەش پێشدەکەوێ، ئیدی بریتانیا لە ئایندەی نەشونمای کەرتی کشتوکاڵیی میزۆپۆتامیا دڵنیا دەبێتەوە.[٣٩] دوابەدوای ناردنی پەیامەکەی گرێی، حکومەتی بریتانی هەوڵیدا لەگەڵ ئاڵمان بکەوێتە دانوستاندن، کەچی هەردوولای پەیوەندیدار نەگەیشتنە ڕێککەوتن. بە شێوەیەکی تایبەتیش حکومەتی ئاڵمان بیرۆکەی بریتانییەکانی لەمەڕ قۆرخکردنی هێڵی ئاسنین لە باشوری میزۆپۆتامیادا ڕەتکردەوە.[٤٠]

---

3 4 Cohen, British Policy in8 Mesopotamia 1903–1914, p. 91

[٣٩] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠

[٤٠] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤

ئەم ناتەبایی و بەبنبەستگەیشتنە، ڕێگەی بۆ قۆناغی چوارەم سیاسەتی بریتانیای بۆ هێڵی ئاسنینی بەغدا خۆشکرد. هەر تەنیا ئەم جارەیان هەردوو حکومەتی ئاڵمان و بریتانیا دەکرا بگەنە ڕێککەوتنێک، کە "وەها داڕێژرابوو بەسەر هەموو هۆکارەکانی بەدحاڵیبووندا زاڵ ببێ."[41] یەکەمین جووڵەی بریتانیا چاوخشاندنەوە بوو بە داواکانی لە هێڵی ئاسنینی دۆڵی دیجلە و کەمکردنەوەی بوو بۆ هێڵێکی بچووک لە کووتەوە بۆ عەمارە و مەندەلی. پاشان ئاڵمان لە هەوڵی بەرپەچدانەوەکەی خۆی لە هێڵی ئاسنینی بەغدا بۆ بەسرا پاشەکشە بکا و تەنیا داوای کۆنترۆڵکردنی هێڵی نێوان بەسرا و کەنداوی فارسی بکا.[42] هەروەها بریتانیا ویستی خۆی بۆ پەسەندکردنی هێڵی ئاسنینی بەغدا-کەنداو ڕاگەیاند، کە هی تورک بوو، هەروەها دەستەبەریی بازرگانیشی دایە بازرگانە بریتانییەکان. ئەنجامی سازشەکانی بریتانیا ڕێککەوتننامەکانی ئەنگلۆ-تورکی لە ١٩١٣ و ئەنگلۆ-ئاڵمانی لە ١٩١٤ی لێکەوتەوە.

لە بەراوردکردنی ڕێککەوتننامەکانی ١٩١٣ و ١٩١٤ لەگەڵ ڕاگەیەندراوەکانی سیاسەتی پێشووی بریتانیادا دژبەرییەکی تیژ دەردەکەوێ. بەرژەوەندییە بازرگانییەکان لە ساڵەکانی

[41] Davis, Ends and Means, p. 35

[42] 8 Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p.238; Davis, Ends and Means, p. 35

١٩٠٧ و ١٩١٠دا ڕۆڵێکی چارەنووسسازانەیان لە شەقڵپێدانی سیاسەتی بریتانیادا بینی، هەرچەندە بە هاتنی ساڵی ١٩١٤ دەستبەرداری زۆر لە داواکانی بوو، زیاتر لەوەی دامەزرێنەرانی هێڵی ئاسنین خەونیان پێوەدەبینی."[٤٣] دیاربوو لەپشت ئەمە سیاسەتی دژبەر هەبوو، ئەوانەی فشاری سیاسی و دیپلۆماتیی ئەورووپی زۆری لەسەر بوو. لە دانوستانەکانی ڕوسۆ-ئاڵمان لە پۆتسدامدا پێگەی بریتانیایان بنکۆڵ کرد، ئەمەش لەو کاتەیدا نوێنەرایەتی ڕوس دارشتەی پڕۆژەی هێڵی ئاسنینی بەغدای لە لایەن ئاڵمانەوە پەسەندکرد.[٤٤] لەمیانەی پەیماننامەی تورکۆ-ئاڵمانیش لە ١٩١٠دا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئاڵمانی گەیشتنە ژمارەیەک ڕێککەوتن، ئەوانەی پەیوەندییان بە هێڵی ئاسنینی بەغداوە هەبوو بە دەستەبەری بەردرێژ و دامەزراندنی دامودەزگای سەربازییشەوە. بریتانیا لە هیچ یەک لەو دۆزانە نە پشکی تێدا هەبوو و نە باندۆریشی بەسەرەوە هەبوو. بۆ دەوڵەتمەدارانی بریتانیش ڕووداوەکان ئەو دیمەنەیان خستنە بەردەم، ئەگەر هاتوو چارەسەرییەکی شیاو بۆ هێڵی ئاسنینی بەغدا نەدۆزنەوە، ئەوا بە دەستی بەتاڵ لێی دەردەچن.

---

[43] Davis, Ends and Means, p. 35

[44] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p.201; Stephen Longrigg, Iraq, 1900 to 1950: A Political, Social, and Economic History (London, 1953), p. 60

ئەو پێگە لاوازە دیپلۆماتییە هاوشـــــان بوو لەگەڵ پێگەیەکی گەورەتری لەبەرچاوگرتنی ستراتیژیی بریتانی لە ئەوروپادا. یەکەمین و گرنگترین لەبەرچاوگرتنەکە پـاراســـــتنی هاوپەیمانێتی بوو لەگەڵ هەریەک لە فرەنســـا و ڕوســـیادا. زۆر لە کاربەدەســـــتە بریتـانییەکـان لەوە دەترســــــان کە ســیاســـەتی زۆر نزیکبوونەوە لە ئاڵمان لە میزۆپۆتامیادا وا بکـا ڕۆڵی فرەنســـــــا نەهێڵێ یـان ئەو خـاوبوونەوە و ئـاســـــاییبوونەوەی پەیوەنـدیی لەگەڵ ڕوس بنکۆڵ بکـا.[٤٥] لەهەمان کاتیشدا هەر کاربەدەستان حەزیان لێبوو لە ترسی لەیەکترازانی شـیرازەی تەباییان لەگەڵ ڕووسـیا نەیگەیەننە مریشـــکە ڕەشـــە و تێکی نەدەن. هەروەها ئەو ترســـەش لە ئـاراداُبوو، نەبـادا بەهۆی دژایەتیکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دڵسۆزیی موسڵمانەکانی هیندستان لەسەر ئەوان وەربگەڕێ، ئاخر هێشتا سوڵتانی عوسمانی هەر لەسەر ئەو بانگەوازە بوو گوایە ڕابەری ئاییینیشە.[٤٦]

[45] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 211

[٤٦] هەمان ســــەرچاوە ل ٢١١؛ هەروەها پێویســـــتە ئاماژە بەوەش بدرێ کە گۆڕینی کەسی کاربەدەست کاریگەری بەسەر سیاسەتی دەرەوەش هەبوو، ئاخر لە باڵوێزخانەکەی کوســـتەنتینەپول لۆوتەر بوو پاشـــان مالێتی جێگەی ئۆکۆنۆری گرتەوە، لە وەزارەتی کـاروبـاری دەرەوەش نیکلســـــن جێگەی هـاردینگی وەک جێگری وەزیر گرتەوە، لە ئیدارەی هینـدســــتـانیش کرێو جێگەی مۆرلی گرتەوە، لە هێزی ئەدمیرالی کەشـــتیگەلیشـــدا چەرچل بووە لۆردی یەکەمین.

هێڵی ئاسنینی بەغدا چەندین لایەنی گرنگی لەبارەی سیاسەتی بریتانی هێنایە پێشەوە، کە لە میانەی ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا پەرەیسەند.

یەکەمین ڕووی ئەو هاتنەپێشەوەش پەرەسەندنی ئاگایی زیاتر بوو لەبارەی میزۆپۆتامیا و لە کاتی خۆشیدا موسڵ وەک ئەوەی یەک مەکۆی گرنگی بازرگانی بێ بە توانستێکی لەبننەهاتووی باری ئابوورییەوە.

دووهەمینیشیان پەرەسەندنی ئەو جیاوازییە لەنێوان کاربەدەستانی هیندستان و هاوتاکانیان لە لەندەنەوە. لەمێژیش بوو میزۆپۆتامیا کەوتبووە بن باڵی هیندستان بۆیە بەڕێوەبردنیشی هەر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هیندیستاندا بوو.[٤٧] هەرچۆنێک بێ، ئاڵمان بۆ لەندەن مایەی نیگەرانی بوو، بۆیە دەبوایە وێنە گەورەکەی لەبەرچاو بووایە.

سێهەمیشیان کە لە هەموویان گرنگتر بوو، سەرهەڵدانی سەرەداوی ئەو سیاسەتە بوو، کە پیشنۆرەیی دایە خەم و نیگەرانییە نێودەوڵەتی و ستراتیژییەکان. بە شێلگیرتربوونی پەیوەندییەکانی ئاڵمان لەگەڵ عوسمانییەکاندا، دەبووایە بریتانیا لەژێر تیشکی هەڕەشەی ئەوروپییەکان و ئەگەری

[٤٧] هەمان سەرچاوە ل ٥٥ و ٧٣؛ هەر بۆ ئەندامانی یەکەمین ئیدارەی مەدەنی لە عێراق لە حکومەتی هیندستانەوە ڕاگوێزرابوونەوە.

هەڵایســـــانی ئاگری جەنگ بە پێگەی خۆی لە میزۆپۆتامیادا بچێتەوە.

## سەرهەڵدانی جەنگ: شاڵاوی سەر بەسرا و ڕێگە بەرەو موسڵ

لە ٦ی نۆڤێمبەری ١٩١٤دا هێزی لەشـکرکێشـیی هیندی “D” لە فاو، لە باشـــووری میزۆپۆتامیا لە کەنداوی فارســـیدا دابەزی. ئەم ڕووداوە، هەرچەندە ڕامان و دونیابینییەکەشی ســـنووردار بوو، لێ لەبـارەی میزۆپۆتـامیـاوە دەرخەری قۆنـاغێکی دیکەی ســـیـاســـەتی دەرەکیی بریتـانیـا بوو. هەڵگیرســـانی جەنگەکە بە شـــێوەیەکی کارایانە کۆتایی بە دانوســـتـانی لەگەڵ ئـاڵمـان هێنـا، لەگەڵ ئەوەشـــدا بەرژەوەندییەکان بریتانیان ناچارکرد کاریگەریی پاراســـتنی هەرێمەکە لەبیر نەکەن. هەرچی لەبارەی بەرژەوەندییەکانیش بوو، وەک خۆیان مانەوە و نەگۆڕان، بەڵام جەنگەکە خەم و پرسـی لەشـکرکێشـی و سـتراتیژی گەیاندە باڵاترین ئاسـت، ئەو ڕاسـتییەی لە سـاڵانی دواتردا لەگەڵ ئەزمونی موسـڵ هاوشان بوو.

بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن سیاسەتی بریتانی بەو خاڵەیەوە پەیوەســت بوو، پێویســتە ســەرەتا وردەکاریی مەبەســتی لەشـکرکێشـییەکە و چۆنییەتی شـەقڵوەرگرتنی سـیاسـەتی داهاتووی ڕوون بکەینەوە.

حەزی داواکردنی بەسرا، ویلایەتی باشووری میزۆپۆتامیا بۆ ژێر قەڵەمڕەویی بریتانیا شتێکی نوێ نەبوو. هەر زوو لە ١٩١١ەوە بریتانییەکان خۆیان پلانی لەشکرکێشییان بۆ سەر میزۆپۆتامیا ئامادە کردبوو، لێ کردەوەکە پیادە نەکرا و چەند جاریکیش پرۆژە و پێشنیازی دوپاتەبووەوە ڕەتکرانەوە.[٤٨] لەسەریکی دیکەشەوە هەڵگیرسانی جەنگەکە گیانێکی نوێی وەبەر لەشکرکێشییەکە و ئامانجە نوێیەکان بەخشی. خۆی بۆ بریتانیا لە داگیرکردنی بەسرا لە ساڵی ١٩١٤دا سێ مەبەستی سەرەکی لەئارادا هەبوون:

**یەکەمیان**: شتێکی گشتی بوو، بەڵام لەمێژبوو شتەکە داخواز بوو بۆ ئەوەی ڕێگای گەیشتن بە هیندستان بپارێزرێ.

هەر لە هەناوی ئەم ئامانجەوە، مەبەستی **دووەم** هاتەئارا، کە خۆی لە پشتگیریکردنی عەرەب لە دژی تورک دەبینییەوە.

**دواهەمین** مەبەستیش پاراستنی کانە نەوتییەکانی ئێران و کۆگای نەوتی عەبادان بوو.[٤٩] هەر یەک لەم سێ مەبەستانە

---

[٤٨] هەمان سەرچاوە ل ٢٠٦ و ٣٠٠

[49] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p.299; Keay, Sowing the Winds: The Seeds of Conflict in the Middle East (New York, 2003), p. 45; Paul Guinn, British

لەســەر یەک ڕوانگەی ســیاســەتیی بریتانی چڕبووبوونەوە، بەڵام بە چەقکردنی تەنیا یەک مەبەســـت وەک هۆکارێکی چارەنووسساز بۆ لەشکرکێشییەکە لە کێشە بەدوور نەبوو.

هەر بۆ نموونە، مەبەست لە پاراستنی سەرچاوەکانی نەوت لە کەنداوی فارســـی، کە زۆر نزیک بوو لە بەســـراوە، پێشـــنۆرەییەکی تێکەڵە بوو. لەســـەرێکەوە، نەوت وەک ســـەرچاوەیەکی ســـتراتیژیی ســـوتەمەنی بوو بۆ هێزیی دەریاوانی و لە ١٩١٤شـــدا بریتانیا داوای بەشـــی هەرە ســـەرەکی کرد لە کۆمپانیای نەوتی بریتانی، کە ئەوکات لە کێڵگە نەوتییەکـانی ئێرانـدا کـاری دەکرد. ئیـدی زۆر لە کاربەدەســـتانی بریتانی زانیارییان لەبارەوە هەبوو، بەوەی ئەم شـــتە بۆ دارشـــتنی بڕیاری ســـیاســـی گرنگە. هەر بۆ نموونە لیۆد جۆرج Lloyd George [٥٠] لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی *یاداشتەکانی جەنگ*، نووسـیویەتی "ئەوە بە ڕوونی دیـارە تورکیـا دەیەوێ بـداتە پـاڵ هێزی دوژمنەکـانمـان. ئەمەش دەســـتبەجێ زۆر گرنگە بەوەی هەنگـاوەکـان بۆ پـاراســـتنی دابینکردنی نەوت لە کەنـداوی فـارســـییەوە

Strategy and Politics 1914 to 1918 (Oxford, 1965), p. 43; Longrigg, Iraq 1900 to 1950, p. 77; V.H. Rothwell, British War Aims and Peace Diplomacy (Oxford, 1971), p. 18

٥٠ داڤید لوید جۆرج (١٨٦٣–١٩٤٥) ســیاســەتمەدار و ســەرۆوەزیری بریتانیا. وەرگێڕ

بگیرێنەبەر."[51] هەر بەڕاســـــتیش پـاراســـــتنی ســـــەرچـاوە دابینکەرەکانی نەوت یەکێ بوو لە ئامانجە ڕاســـــتەقینەکانی لەشـــــکرکێشـــــیی هێزی پیـــادەی هینـــدی، ئەوەی بە D ناسراوە."[52]

لەگەل ئەوەشـــــدا نەوت تەنیا یەکێ بوو لە چەندین ئامانج و لە پێواژۆی ڕۆژگار و جەنگەکەشدا ئامانجێکی سەرنجڕاکێش بوو، کە بۆ لەشـکرکێشـی و داگیرکارییەکە سـەریکێشـا. هەر بۆ نموونە چەرچـڵChurchill[53] حـاشـــــای لەوە کرد، کە بریتانیا پشـــتی بە کێڵگە نەوتییەکانی ئێرانەوە بەســـتبێ، ئەو لێدوانی وەهای دا؛ "ئەگەرێکی لاواز هەیە بۆ ئەوەی هێزێکی وەها بۆ ئەو مەبەســـتە لەوێ بخرێتە گەڕ... ئێمە پێویســـتە نەوت لە شـــوێنی دیکەوە بکڕین."[54] لە مەیدانیشـــدا توانســـتی هێزی لەشکرکێشییەکە بۆ پاراستنی هێڵەکانی نەوتەکە لەبەر

---

[51] David Lloyd George, War Memoirs of David Lloyd George (Boston, 1936), Vol. II, p. 238

[52] A.T. Wilson, Loyalties Mesopotamia 1914–1917 (Oxford, 1930), p. 8; F.J. Moberly, History of the Great War based on Official Documents: The Campaign in Mesopotamia 1914–1918 (London, 1927), Vol. I, p. 99

[53] وینســـتن چەرچڵ (١٨٧٤–١٩٦٥) ســـیاســـەتمەداری بەناوبانگی بریتانی، لە کـاتی جەنگی یەکەمـدا وەزیری کۆلۆنەکـان و لە جەنگی دووهەمیشـــــدا سەرۆوەزیری بریتانیا بوو. وەرگێڕ

[54] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 302; Davis, Ends and Means, p. 38

کورتهێنی سەربازییەوە سنووردار بوو.[55] نەخشەکان بۆ پارێزگارییەکی کردەیانەی پاڵاوگەکان و لوولەکێشی و کێڵگە نەوتییەکان تا ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٥ هی ئەوە نەبوون لە ڕووی داراییەوە فەند بکرێن، تەنانەت ئەو نەخشانە بە شێوەیەکی ڕاستەقینەش تا دواتر ئەوەندە کاریگەرییان نەبوو.[56] بەو داخوازییانەش بۆ قایمکردنی بەرەی ئەورووپا و کورتهێنی لە هەبوونی هێزی سەربازیی کاریگەر هەبوو، هەرچی پاراستنی کێڵگەکانی نەوتیش بوو لە ئامانجە لاوەکییەکان بوو.

هەرچی دەربارەی نیازی بریتانیا بوو بۆ پاڵپشتکردنی عەرەب، ئەوا لەمەشیاندا هەوڵێکی تێکەڵە هەبوو. لەسەریکەوە، کاربەدەستانی بریتانی دەیانزانی هەستوسۆزێکی دژەبریتانی لەنێو عەرەبەکانی بەسرادا بڵاوبووەتەوە و بۆیە لەوە دەترسان نەبادا لە دژی بەرژەوەندییەکانی بریتانی ڕاپەڕن.[57] لەسەرێکی دیکەشەوە، زۆربەی ئەو کاربەدەستە بریتانیانە لە ١٩١٤دا بڕوایان وەهابوو، "کە عەرەب خەریکە لەوە دڵنیادەبنەوە تورک لەناو دەچن."[58] لەبارەی پاراستنی پێگەی بریتانییەکان لە

[5]9 Wilson, Loyalties Mesopotamia 1914–1917, p.9

[56] Davis, Ends and Means, p. 32

[57] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 307

[58] هەمان سەرچاوە ل ٣٠٤

باشـــــووری میزۆپۆتامیاوه دوو ڕوانین لەبەردەم کاربەدەستانی بریتانییەوە هەبوو، شتێکی پێویستە داوای پشتگیری لە عەرەب بکرێ و بۆ دژایەتیکردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئاراستەبکرێن، ئینجا دووربکەونەوە لە ئەگەری دوژمنێکی داهاتوو و لە بەرانبەریشدا هاوپەیمانێکی نوێیان دەستبکەوێ. بریتانیا نەیدەویست ئەوەندە دنەی ناسیونالیزمی عەرەبی بدا بەقەدەر ئەوەی دەیانەویست پەیوەندییەکی شلۆقیان لەگەڵدا ببەستن تا بەرژەوەندییان لە ناوچەکە بپارێزرێ. کەچی بریتانیا لەم بارەیەوە پشتی خانەدانانی عەرەبی لە هەرێمەکەدا گرت.

یەکێ لەو کەسانە سەید تالبی[٥٩] ئەندامی یەکێک لە خانەوادە هەرە ڕێزلێگراوەکانی ویلایەتی بەسرا بوو. بریتانییەکان لەو بڕوایەدابوون، دەستڕۆیشتنی تالب دەکرێ بۆ ئەوان ببێتە کلیلی یارمەتییان لە میانەی پەلاماردانی بریتانیا بۆ سەر ناوچەکە. هەر بۆ نموونە بە مەزەندەی هاردینگ Hardinge "هەردەبوو ئەو کەسە بهێنرێتە ڕیزی خۆیان"، لە کاتێکدا وەزارەتی کاروباری دەرەوە پێی وابوو، "تالب.. دەکرێ ببێتە مایەی ئاژاوەنانەوە [لە دژی تورک] یان وا لە هێزی

[٥٩] تالب ئەلنەقیب (١٨٧١-١٩٢٩) سیاسەتوانێکی عەرەبی بەسراوی، یەکێک لە بەربژێرەکان بۆ پاشایەتی عێراق و یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی نوێی عێراق و یەکەمین وەزیری ناوخۆی لە حکومەتە کاتییەکەی عەبدولرەحمان گەیلانی نەقیب. وەرگێڕ.

چەکداری عەرەب بکا هەڵبگەڕێتەوە".[60] تاڵبیش بە دەوری خۆی لە حکومەتی عوسمانی بەگومان و خۆپارێز بوو، لەو بڕوایەدا زۆری پێناچێ ئەو لە بەسرا دەردەکەن.[61] بۆ بەدبەختیش، دانوستانەکان هیچی وەهایان لێ شین نەبوو بەوەی بریتانییەکان پشتگیری تاڵب بکەن، بۆیە هەرچۆنێک بێ لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگەکە، تاڵب لە ناوچەکە هەڵات.[62] هەڵبەتە تاڵب تاکە خانەدان نەبوو کە بریتانییەکان پەیوەندییان پێوە کردبێ؛ وتووێژ لەگەڵ شێخی موحەمەرە و عەزیز عەلی بەگ و پاشان لەماوەی جەنگەکەدا لەگەڵ شەریف حوسێنیشدا کرا.[63]

هەروەک لێکدانەوەی پێشووتر، لەوێدا کێشە لەگەڵ ڕوانگەی پڕوپاگەندانەوە هەبوو. کێشەکە تا ڕاددەیەکی زۆر بە مەوداوە پەیوەست بوو. هەروەک ئارنۆلد ت ویلسن Arnold T. Wilson باسی کردووە: " لەوێدا کەموکورتییەکی جەوهەری هەبوو... ئەمەش ڕوون بوو کەوا عەرەب بەشێوەیەکی گردەبڕانە پێوەی پابەند نەدەبوون، ئەوان لە لێکەوتەی تۆڵەکردنەوەی تورک

[60] هەمان سەرچاوە ل٣٠٦-٣٠٧

6 Wilson, Loyalties Mesopotamia 1914-1917, p. 18

[62] هەمان سەرچاوە ل ١٨

[63] شێخی موحەمەرە بۆ ماوەیەکی درێژ بوو هاوپەیمانی بریتانییەکان بوو لە باشووری میزۆپۆتامیادا، عەزیز عەلی بەگیش ناسیونالیستێکی عەرەب لە میسرەوە پەیوەندی بە کیچنەر .Kitchenerەوە هەبوو.

دەترســـان... هەرچۆنێکیش بێ حکومەتی بریتانی لە توانایدا نەبوو پــاڵپشـــتییەکەی وەهــایــان بکــا و ترســـــەکەیــان بڕەوێنێتەوە."[٦٤] بەبێ ئەو جۆرە مســــۆگەرییە، ئەوا حکومەتی بریتانی نەیدەتوانی بەدەســـــتهێنانی پاڵپشـــتیی عەرەب بۆ هەڵمەتەکەیان گردەبڕانە پشـــتڕاســـتبکاتەوە، چونکە توانای حکومەت تا ڕاددەیەکی زۆر ســــنووردار بوو. ئاخر لەنێو بریتانییەکان خۆیان نەخشــەیەکی ڕون و ئاشـکرا بۆ قۆناغی دوای جەنــگ نەبـوو، ئەوانەی دەیــانەویســــــت جڵەوی کۆنترۆلەکەیان لەدەســــــت دەرنەچێ، کەچی خانەدانەکانی عەرەبیش حەزیان لێبوو هەر خۆیان ســــەردار بن. لەوەش پتر، بیرۆکەی داواکردنی پشـــتگیریی عەرەب ئـامـانجێکی ئامرازانەی کاریگەر بوو بەوەی عەرەب لە توانایاندا هەیە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بپارێزن. پێدەچوو لەشـکرکێشــی بۆ ســــەر میزۆپۆتــامیــا لە دەراوی نیگەرانیی قوڵترەوە پەیدابووبێ.

باشە ئەگەر هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان سەربەخۆ دروست نەبووبێ، کەواتە ئەدی چی لەشکرکێشی بۆ سەر میزۆپۆتامیا ڕوون دەکــاتەوە؟ توێژەرێــک تێبینی ئەوەی کردووە؛ "لە ١٩١٤دا ســیاســەتی بریتانیا لە هەمبەر میزۆپۆتامیادا لەســەر بنەمای پێویســتی پاراســتنی ئەو بەرژەوەندییانەی ڕۆنرابوو، کە لە ســەدەی نۆزدەهەمەوە لەئارادا بوون، هەروەها لەگەڵ

[6] Wilson, Loyalties Mesopotamia 1914-1917, p. 16

ئەوانەی لە ســـاڵی ١٩٠٣وە بە دواوە پەرەیان ســـەندبوو."[٦٥] نزیکی بەســـرا لە هیندســـتان و مێژووی دوورودرێژی بۆ ڕاچاندنی پەیوەندیی بازرگانی، هەموو ئەمانە بە لێدانی تەپڵی جەنگی یەکەم کەوتنە بەر هەڕەشـــە، ئەمەش زیاتر لەوە بوو کە ســـەرنجی دەوڵەتمەدارانی بریتانی بۆ لای خۆیان ڕابکێشی و مشووری بخۆن. هەردوو لایەنیان، نەوت و پشتگیریی عەرەب کەوتنە خانەی ئەو بەرڕەوتە؛ هەبوونی ســەرچاوەی دابینکردنی نەوت لە ئێران باشــتر لەگەڵ ئەوە دەهاتەوە، کە هێزی ســـەربازیی بریتانی لەو نزیکانە بێ و هەڵبەتە پشـــتگیریی عەرەبیش ڕێگەی بە بریتانییەکان دەدا باشـــتر تیشـــک بخەنە ســـەر هێزی مرۆییان لە هەمبەر مانۆڕەکانی دیکەی جەنگ. هەر بۆیە لەشـــکرکێشـــییەکە بە ئامانجە ســـنووردارییەکانییەوە کردەیەکی بەرەنگاری بوو، مەبەســـت لێی پاراســـتنی "ئەمری واقیع" بوو لە باشـــووری میزۆپۆتامیاوە.[٦٦]

لەکاتێکدا ڕەگوڕیشـــەی شـــاڵاو بۆ ســـەر میزۆپۆتامیا بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو دەگەڕایەوە، لێ لێکەوتەکانی هەڵمەتەکە شـــەقڵی پێشـــهاتی ئایندەی بۆ هەریەک لە میزۆپۆتامیا و ســـەرلەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەســـرا بۆ بریتانیا دەروازەی موســـڵ و تەواوی

[65] Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914, p. 308

[٦٦] هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٨.

میزۆپۆتــامیــا بوو. چەنــد هەفتەیەکی کەم دوای ئەوەی بریتانییەکان بەسـرایان داگیرکرد، سـێر پرسـی کۆکس Sir Percy Cox،[67] ئەو پیاوەی دواتر بووە کۆمســـیاری باڵای عێراق، لێدوانی دا، بەوەی ئەو ناتوانێ ئەوە ببینێ کە چۆن "خۆمان لە گرتنی بەغدا دوور بخەینەوە."[68] ئەم وەرچەرخانە لە هەڵوێســت، هەر لە ســەرەتاوە نەخشــەکە بۆ کردەوەیەکی ســـنووردارانە کێشـــرابوو، ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی نوێی نێوان بریتانیا و میزۆپۆتامیا بوو. ســــەرهەڵدانی ئیدارەی مەدەنی، کە لەگەڵ لەشــکرکێشــیی بریتانییەکانەوە هاتەکایە، وردەکــاریی زیــاتری لەگەڵ خۆیــدا هێنــا و داواکــانیش خۆجێیانەتر بوون بۆ ئەوەی ســـەرنجی کاربەدەســـتانی بریتانی بۆ لای خۆیان ڕابکێشێ. ئیدی لەم بەرڕەوتەدا، شار و گوند و دەڤەری زۆر پەیدابوون و چوونە بن ڕکێفی ئەو ئیدارە مەدەنییە تازەیە، ئەمانەش داخواز بوون مشـــووری زیاترین بخورێ و بایەخی پێویســـتیان پێبدرێ لەوەی هەر لە دوورەوە، لە مەکۆی دەسـەڵات لە هیندستان و لەندەنەوە سەیر بکرێن.

---

[67] سـێر پرسـی کۆکس (١٨٦٤-١٩٣٧) ژەنەڕاڵێکی باڵای سـوپای بریتانی لە هیندستان و کارهەڵسوڕێنەری سیاسیی بریتانی لە عێراق. وەرگێڕ

[6] Peter Sluglett, Britain in Iråq (New York, 2007), p. 9

## بەردەوامیی سیاسەتی بریتانی

وەک بینیمان مێژووی تێوەگلانی بریتانیا لە میزۆپۆتامیا بۆ سەدەکانی پێش دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکە دەگەڕێتەوە. تا دەهات بە شێوەیەکی شیلگیرانە بەرژەوەندییەکانی لەوێ پتر دەبوو لە گەڵیشـــیدا بەرژەوەندیی ڕکابەرەکانی زێدەتر دەبوو. بە ڕاکێشانی هێڵی ئاسنینی بەغداش، دەستپێوەگرتنی بریتـانیا بە هەرێمەکە ڕاســـتەوخۆ لە لایەن هێزی دیکەوە مایەی گەف و هەڕەشـــە بوو، بەوەی ڕکابەرەکە بەتەواوی ئاگای لە بایەخی پێگەی میزۆپۆتامیا بوو بۆ بریتانییەکان. کاتێکیش جەنگەکە هەڵگیرســـا، تیختیخەی بریتانیا درا تا دەستی خۆی بوەشێنێ و دەروازەی میزۆپۆتامیا بخاتە ژێر ئاســـایشـــی خۆیەوە. کاتێ مرۆ بە قووڵی لەو ڕووداو و پێشهاتانەدا دەڕوانێ، ئەوا ژمارەیەک گۆڕانی لە سیاسەتی بریتانیدا بۆ دەردەکەوێ، بەڵام کاتێ مرۆ قووڵتر لێی بڕوانێ ئەوا لەوێ توخمگەلی بەردەوامبوون یـان زۆر بـابەتگەلی دەقاودەقتری ســـیاســـی بەدیدەکا. یەکێ لەوان کە ڕێنوێنی ئاراستەی گۆڕانکارییەکان و سیاسەتەکانی بەرهەمهاتوو لە ئانوســـاتی کلیلئاســـای خۆیدا لە مێژووی موســـڵ و بەشـــێوەیەکی بەرفراوانتریش لە ڕۆژهەڵاتی نـاوینـدا بەدەرکەوت.

لە چاوی بریتانییەکان و لە میانەی دەمەقاڵی لەســـەر هێڵی ئاسنینی بەغدا، ئەو هەڕەشەیەی لە لایەن بەرژەوەندییەکانی ئــاڵمــانەوە دەرکەوت، زۆر بەرز بوو. ئــاخر دەکرا هێڵی ئاســـنینەکە هەم کۆمپانیا و هەم کاڵای ئاڵمانی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و ڕکابەریی بریتانییەکانی پێ بکا. هەروەها دەکرا کرێـار و مەعمیـل لە بـارهەڵگری کەشـــتیگەلی بریتـانی بتەکێنێتەوە و هەر خودی ئاڵمان لە ســیســتمی ئاودێری و بەدواداگەڕان و دەرهێنانی نەوتی میزۆپۆتامیاش تێوەبگلێ. وەک ئەنجامیش دەبووایە بریتانیا ئاراستەی خۆی بگۆڕێ و سیاسەتەکەی وەها وەربچەرخێنێ تا بەهۆیەوە ڕەفتاری پێ لەگەڵ ڕەوشــە نوێیەکە بکا. ئەم وەرچەرخانە لە سـیاسـەتی میزۆپۆتامیا ڕەنگدانەوەی گۆڕینی "مەغزای" ســـیاســـەتی گشـــتیی بریتـانی بوو بەوەی "داخوازینـامەی ڕەوشـــی دیپلۆماســـی ئەورووپی... باندۆر و ڕۆڵی لێبڕاوانەی لەســـەر شەقڵی سیاسەتی خۆجێی بریتانیدا دانا."[٦٩]

بریتانیا دەســتی بە کۆمەڵێک کارە پێشـنۆرەییەکانی خۆیەوە گرت، بەوەی دەبێ بەگوێرەی توانـای خۆی ئەو دەرفەتەی

---

[6] Cohen, British Policy in [9]Mesopotamia 1903-1914, p. 209; کۆهن لە پەراوێزی کتێبەکەیدا باســـی ئەوەی کردوە کەوا گۆڕانەکە هەر بە تەنیا بە لەســـەر میزۆپۆتامیاوە بەند نەبوو. هەروەها ســـەرنجی ئەوەشی دابوو ئەم دەقهێنانەوەیە وێنای دوا قۆناغی سیاسەتی هێڵی ئاسنینی بەغـدای دەکرد نەوەک تەواوی دۆزەکە، ئەمەو ئەو بەڵگەوبەنـدە بوو کە نووسەرەکە هێناویەتەوە.

بۆی دەلوێ بەدوایانـدا بچێ و بیـانهێنێتە دی. کـاتێکیش بریتـانیـا لە ١٩٠٣دا پێشـنیـازی بەنێودەوڵەتیکردنی هێڵی ئاسنینی بەغدای کرد، ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکەیە بوو، کەوا بریتانیا بە تەنیا لە توانایدا نییە بەسـەر ویسـتی ئاڵماندا زاڵ ببێ. هەرچەنـدە بەرژەوەنـدییە بـازرگـانییەکـان لەبەین نەچـوون، بەڵام لەبـری ئەوە هـی ئەوە نەبـوون بە جۆشـوخرۆشـەوە بەدوایاندا ڕابکا و بەدییان بهێنێ. بریتانیا لە ١٩٠٧دا بە پلەی ١٨٠ لەسیاسـەتەکەی پێشـووی وەرگەڕا و تێکۆشـا هەژموونی خۆی بۆ پـارێزگـاریکردن لەو بەرژەوەنـدییـانە بەکـاربهێنێ، هەروەهـا لە ١٩١٠شـدا بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی بەرفراوانتر کرد. وەنەبێ ئەم بەرژەوەندییانەش لە پڕێکەوە و لە مـاوەی چوار سـاڵدا سـەریان هەڵدابێ، بەڵکو چەندین سـەدە بوو لە نەشـونمادا بوو، هەر بۆیەشـە گۆڕانکارییەکە وێنەی ڕوانینی حکومەتی نوێی نیشـان دەدا بەوەی پێگەکەی لەبەررەوتی نێودەوڵەتیدا بەهێز بووەوە تا بتوانێ بە دوای سـەرەداوە زەحمەتەکانی گەیشـتن بە میزۆپۆتامیادا بڕوا. لەم دۆزەدا وا مەزندە دەکرا بەرژەوەندییە دیپلۆماتی و سـتراتیژییەکان ڕۆڵی لاوەکییان بینیبێ. لە کۆتاییشـدا، لە ماوەی نێوان سـاڵەکانی ١٩١٠ و ١٩١٤دا بریتانیا بە وەرچەرخانێکی دیکە وەرسـووڕا، کە ڕەنگـدانەوەی هەلومەرجەکـانی دیمەنی نێودەوڵەتی بوو. کەواتە ئەو وەرچەرخـانەی لەنێوان سـاڵەکـانی ١٩٠٣ و

١٩١٤دا ڕویاندا، نوێنەرایەتی بەردەوامی شێوەی سیاسەتی بریتانی بوون؛ هەر کاتێک بۆی لوابێ و باری قورسی دیپلۆماسییەتی دەرەکی و یان هەڕەشەی ستراتیژی لە ئارادا نەبووبن ئەوا بریتانیا بەدوای بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیدا چووە، بەڵام لە هەبوونی کاریگەریی ئەو هەلومەرجانەدا بایداوەتەوە سەر سازشکردن.

بۆ هەندێک لە توێژەران، دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهان لەپڕ کۆتایی بە شێوەی پێشووی سیاسەتی بریتانی هێنا. تا ڕاددەیەکیش، دەستپێکی هەڵمەتی سەر میزۆپۆتامیا ڕەنگدانەوەی ئەمە بوو لەگەڵ بەدواداچوونی بریتانیا بۆ بەرژەوەندییەکانی لەناوجەرگەی جەنگەکەدا. هەرچۆنێک بێ، ئەم شێوازە لەمیانەی بگرەوبەردەی بریتانیا لەگەڵ موسڵ بەدواداچوون و بەردەوامی خۆی هەبوو. لەشکرکێشی بۆ سەر میزۆپۆتامیا سەرەتایەک بوو بۆ ناکۆکییەکی گەورەتر، ئەویش دابەشکردنی سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو.

# بەندی ٢

## موسڵ لەنێوان بریتانیا و فرەنسادا

لەشـــکرکێشـــیی بریتـانیا بۆ ســـەر میزۆپۆتـامیا ڕووی گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە سـیاسـەتی بریتانی نیشـان دا. لەبری ئەوەی لە ڕێی توخمگەلی خۆجێی پێشـتر لە بەرانبەر دەسـتڕۆیشـتنی ئاڵمان لە هەرێمەکەدا بووەسـتێتەوە، هەر یەکســـەر لە حوکمڕانی ڕاســـتەوخۆیـدا گلا. هەرچەنـدە ئـاراســـتەی نزیکبوونەوەی لە ئـاڵمـان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گۆڕا، لێ ئاراستەی نزیکبوونەوەی لە مجێزەکانی هـاوپەیمـانەکـانی خۆی نەگۆڕا. لە ٤ی ئەیلوولی ١٩١٤دا هەریەک لە بریتانیا و فرەنســا و ڕوســیا ڕایانگەیاند، ئەوان ئاشـــتییەکی لەیەک جیاواز لەگەڵ دوژمنەکانیاندا ناکەن و دەبێ پێشـــوەختەش بە مەرجەکانی ئاشـــتی قایل بن. ئەم جاڕنامەیە زیاتر بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی بوو لەوەی بۆ ئاڵمـان بێ. کەواتە هەر لەبەرەبەیانی کردەوە جەنگییەکانی بریتانیدا، کاربەدەســـتانی بریتانی ئەوەیان زانی، داواکردنی هەر بســـتە خـاکێکی میزۆپۆتـامیا و داگیرکردنی بەندە بە نیازپاکیی هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا. ئیدی وێڕای ئامانجی هاوبەش بۆ ســـەرکەوتن بەســـەر هێزەکانی بەرەی ناوەندا؛[٧٠] فرەنســـا و ڕوســـیا و بریتـانیـا لە پێشـــنۆرەیی و

[٧٠] مەبەســـت بەرەی دیکەی جەنگەکە بوو، کە پێکهاتبوو لە ئاڵمان و دەوڵەتی عوسمانی هتد... وەرگێڕ

بەرژەوەندییەکانیان ڕکابەر بوون و بەردەوامیش لەگەڵ یەک ناکۆک بوون.

لە هەوڵێکی ئاشتکردنەوەی ئەو بەرژەوەندییە ناکۆکییانەیاندا، ئەو زلهێزانە، ڕۆژهەڵاتی ناوینیان دابەشکردە سەر مەودای بەرژەوەندییەکانیان، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش پێشهات و شوێنەوارەکەی لەبەرچاوە. بۆ چەندین سەدە بونیادی سیاسییانەی هەرێمەکە لەبن هەژموونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوو، هەرچەندە بە ئاستی لەیەکجیاوازیش ئۆتۆنۆمیدار بوو. سنوورە مەحکەمە نوێیەکانیش کە لە پێش جەنگەکەوە هاتنەپێشەوە، ڕووی بازرگانی و هاموشۆیان گۆڕی و بە چەندین شێوە شێوازی ژیانی ڕۆژانەش گۆڕا. مایەی سەرنجڕاکێشانە، ئەو کەسەی ئێستا سەیری نەخشە بکا، دەبینێ موسڵ پارێزگای بەشی باکووری عێراقی نوێ پێکدەهێنێ، هەرچەندە ئەمەش لە نیشانە و هێمای بنەڕەتیدا نەبوو، کاتێ بەڵگەوبەندەکانی جەنگ پەیدابوون. ئەوەی ڕاستی بێ موسڵ لە نەخشەی دابەشکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ لە ١٩١٦دا وەک سەرچاوەی دەرامەتی بۆ قەڵەمڕەویی فەرەنسی دانرابوو. بریتانیاش لە لەشکرکێشییەکانی دواتری بەنێو ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لەژێر ئەم تێگەیشتنەدا دەجووڵایەوە، تەنانەت دوای داگیرکردنی موسڵیش لە ١٩١٨دا. ئەمەش بەرهەمی کۆمەڵێکی ئاڵۆزوبڵۆزی بەرژەوەندییە درێژمەوداکان بوو، سەرباری

مەترسییە دەمودەستەکانی کاتی جەنگەکەش، کەچی بە هیچ شـــێوەیەک نـاکرێ دنەدەرەکـان تەنیـا لەیەک توخم چڕبکرێنەوە.

هەرچۆنێک بێ هەر بە تەنیا فرانسە و ڕوسیا لە دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هاوپشـکی بریتانیا نەبوون. لە ١٩١٦دا و لەهەمان ماوەی گرێدانی ڕێککەوتنامەی ســـایکس-پیکۆدا، بریتـانیـا ڕێککەوتنێکی دیکەی لەگەڵ میری مەککە، لەگەڵ شـــەریف حوســێندا بەســت بۆ ئەوەی لەدوای جەنگەکەدا دەوڵەتێکی عەرەبی دابمەزرێنێ. ئەنجامەکەش بووە مـایەی بەشـــێکی گەورە لە پشـــێوی و لێکەوتەی بەرچـاوی دیپلۆماسییانەی دوای جەنگ. هەر بۆیە، مەبەستی ئەم بەندە ئەوەیە بەرژەوەندییەکانی بریتانی بخاتە ســەر نەخشـــە، ئەوســـا چ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بێ یان بە دەقاودەقی لە ویلایەتی موســڵدا بێ. هەروەها باس لە داخوازی دژبەریی شۆڕشی عەرەب و لەشکرکێشی بۆ سەر موسڵ کراوە. ئەم ڕوداوەش یـارمەتیمـان دەدا تـا لەوە تێبگەین، ئـاخۆ بۆچی بریتانیا ویستویەتی موسڵ بداتە فرەنسا و پاشخانێکیش بێ بۆ بەندەکانی دواتر.

## پێناسەی بەرژەوەندییەکانی بریتانی

موســــڵ یەکێک بوو لە ناوە ڕیزکراوەکانی نێو لیســــتێکی دووررودرێــژی نــیــگەرانــیــیەکــانــی بــریــتــانــی، بــۆ ســــیاســــەتدارێژەرانیشــــی واتایەکی تێکەڵەی هەبوو. لە ســــەرێکەوە موســــڵ لە ڕووی ســــتراتیژی و ئابوورییەوە خاوەنی مەزندەکارییەکی بێ ئەژمار بوو، پرســــەکە تەنیا پەیوەســــت نەبوو بە نەوتەوە، کەچی لە ســــەرێکی دیکەوە جەنــگ و هێزە ڕکــابەرەکــان بریتــانیــان نــاچــار کرد بە شــێوەیەکی ڕەها ڕوانگە هەرە پێویســتەکە لەبەرچاو بگرێ. بریتانییەکان بۆ دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی دەقاودەقی پێویســــتییە ڕەهــاکە، لە دەســــتپێکی ســــاڵی ١٩١٥ەوە زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان گرێ دا.

ئەو ڕووداوانەی ســەریان بۆ ئەو جۆرە کۆبوونەوانە کێشــا، لەگەڵ دەســــتپێکی مجێز و چاوتێبڕینی ڕوســــیــای قرِاڵی هاوزەمان بوو. ئاخر پێشــتر ســێرگی ســازانۆڤ Serge Sazonovی وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕوسیا، لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩١٤دا هــاوتــا فرەنســــی و بریتــانییەکــانی لە داخوازییەکــانی ڕوســــیــا ئــاگــادار کردبووەوە، ئەویش "ئازادییەکی هەمیشــەیی بۆ گەرووەئاوییەکان" بوو، ئەوانەی دەریای سپیی ناوەڕاستیان بە دەریای ڕەشەوە دەبەستەوە، هەڵــبەتە ئەمەشــــی وەک بەشــــێکی دانەبڕاو لە هەر

ڕێككەوتننامەیەكی ئاشتی دانابوو.[٧١] كەواتە كاتێك كەشتییەكانی بریتانی لە ١٩ی شوباتی ١٩١٥دا لە دەردەنیلدا تەقەیان لە بەرەی پێشەوەی توركەكان كرد، كاربەدەستانی ڕوسی ترسان لەوەی نەبادا بریتانیا یەكێك لە ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی بگرێ، كە لەمێژبوو جێی چاوتێبڕینی ڕوسیا بوو، ئەویش كوستەنتینەپول بوو.[٧٢]

هێزەكانی هاوپەیمان پێشتر وردەكارییەكی سەرەكییان لەبارەی مەرجەكانی خۆبەدەستەوەدانی تورك تاوتوێ كردبوو، ئیدی نیازی لەشكركێشییەكەی بریتانیش بۆ سەر گالیپولی Gallipoli هەر بۆ ئەوە بوو، هەرچەندە هەرگیزیش نەهاتەدی، بۆ ئەوەی ئەو ئارەزووەیان بە زوویی بەدی بێ.[٧٣] كەچی لە ٤ی ئازاری ١٩١٥دا هەریەك لە باڵوێزەكانی

---

[7] Paul Davis, Ends and Means: The British Mesopotamian Campaign and Commission (London, 1994), p. 97; Jukka Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920 (London, 1969), p. 14.

[٧٢] لەم خاڵە و لە ڕوانگەی كاربەدەستانی ڕوسەوە جەنگەكە ڕوانینی كەمی بۆ دەستكەوت دەخستە بەردەم. بڕوانە: Peter Sinnott, Russia from Empire to Revolution: The Illusion of the Emreging Nation State in the South Caucasus and Beyond, from Reeva Spector Simon and Eleanor Tejirian, The Creation of Iraq 1914-1921 (New York, 2004), pp. 125-132.

[٧٣] بە وردەكارییەوە نیاز لە هەڵمەت یان لەشكركێشییەكەی گالیپولی ناچاركردنی توركیابوو تا خۆی بەدەستەوە بدا، هەروەها بۆ ئەوەی دنەی

فرەنسی و بریتانی یاداشتێکیان لە ڕوسەکانەوە پێگەیشت، بەڵکو بە فەرمی دان بە "چاوتێبڕینە نەریتییەکانی ڕوسیادا بنێن."[٧٤] لە بنەڕەتەوە ڕوسیا داوای ئەوەی دەکرد؛ لەهەر ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەکاندا، شاری کوستەنتینەپول بخرێتە سەر قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریەتی ڕوسی. ڕوسیاش لە بەرانبەردا بەڵێنی ئەوەی پێدان پشتگیریی لە هێزەکانی هاوپەیمان بکا لە هەر بەشێکی دیکە لە دەوڵەتی عوسمانی، کە چاویان تێبڕیبێ تا بیخەنە سەر قەڵەمڕەویەتەکەی خۆیان.[٧٥]

ئەو داوایانەی لە لایەن ڕوسیاوە کران، تەواوی چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا گۆڕی. ئاخر لە بریتانیا داخوازییەکان پرسی گەلی نوێیان لەبارەی

بولگاریا و ڕۆمانیا و گریک بدا بێنە ناو جەنگەکەوە، هەروەها ئامرازێکی ئاسایسپارێزانەش بێ بۆ دابینکردنی ڕێگەی ڕوسیا.

[7] Davis, Ends and Means, p.[4]98; David Fromkin, A Peace to End All Peace: The Fall of the Ottoman Empire and the Creation of the Modern Middle East (London, 1989), p. 140; Elie Kedourie, England and the Middle East: The Destruction of the Ottoman Empire 1914–1921 (London, 1956), p. 30

[7] 5 Davis, Ends and Means, [5]p. 98; David Fromkin, A Peace to End All Peace: The Fall of the Ottoman Empire and the Creation of the Modern Middle East (London, 1989), p. 140; Elie Kedourie, England and the Middle East: The Destruction of the Ottoman Empire 1914–1921 (London, 1956), p. 30 66 Davis, Ends and Means, pp. 98–99; Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 140

ڕۆژهەڵاتی نـاوینـدا هێنـایە پێشـــەوە، هەر بۆ ئەوەش کۆبوونەوەی ســـەنگین و جدی گرێدران. لە ١٠ی ئازاری ١٩١٥دا و لە لەنـدەن ئەنجوومەنی جەنـگ کۆبووەوە تـا وەڵامی داوا نوێیەکەی و خسـتنەڕووی ڕوسـیا تاوتوێ بکا. ویڕای نیگەرانیی ئارســەر بلفۆر Arthur Balfour لەبارەی ئەگەری کەمکردنەوە و ســووککردنی هەوڵەکانی ڕوســیا لە بەرەی ئاڵمانیاوە، بە گشـــتی قایلبوون لەســـەر ئەوەی کە "ڕوسـەکان خۆشـحاڵ دەبن بە کوستەنتینەپول و ئیدی نابنە لەمپەر لە ڕووی هەر داوایەکی دیکەی بریتـانی."[٧٦] ئینجـا ئەنجوومەنی جەنگ هاتە ســـەر تاوتوێکردنی ئەو خاک و ناوچانەی پێویســتە داوای بکا، لەم ڕووەشــەوە دوو ناوچە لەپێشـــەوە بوون و مەیلیـان بۆ چووبوو: ئەو نـاوچە عوســمانییەی لە دەوروبەری کەنداوی فارســی کە موســڵ وەک ویلایەتێک لە میزۆپۆتامیاش بگرێتەوە لەگەڵ بەندەری ئەسکەندەرونە لەسەر کەناراوی سوریا.

هەرچی ســـەبـارەت بە نـیگەرانـی و خەمـی بەنـدەری ئەسـکەندەرونە بوو، ئەوا هەردوو بڕیاربەدەسـتی حکومەتی بریتـانی، لۆرد کێچنەری وەزیری کـاروبـاری دەرەوە و وینستن چەرچڵی لۆردی یەکەمی ئەدمیراڵ لەو بڕوایەدابوون بەنـدەرەکە بـۆ هەر ڕێـکـکەوتـنـێـکـی دوای جەنـگ

[7] Davis, Ends and Means, p. 99

چارەنووســـســـازە.[٧٧] چەرچڵ لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر هاتو و بریتانیا بتوانێ کەشـــتیگەلی ئەڵمانی ببەزێنێ، ئینجا دەبێ هەڵوەدای هێزێکی وەها بێ دەرەقەتی ئەوە بێ لە ناوچەی دەریای ســپیی ناوەڕاســتدا و لە هەلومەرجێ دوای جەنگدا ڕووبەڕووی کەشـــتیگەلی فرەنســـی و ڕوســـی ببێتەوە. کێچنەریش لەوبڕوایەدا بوو بەنـدەرەکە واتـای ئەوە دەدا هێڵێکی بەرگری بێ لە میســـر لە دژی ئەگەری هەر مەترســـییەکی ڕووســـی بەوەی بیەوێ لە دوای جەنگەکەدا کۆنترۆلی کوســـتەنتینەپول بکـا.[٧٨] هەروەهـا ئەو لەوەش گەیشتبوو، کە دەکرێ ئەسکەندەرونە بە هێڵی ئاسنینەوە بە موسڵ ببەستریتەوە، بەهۆیەوە دەکرێ سەرچاوەی سامان و دەرامەتی میزۆپۆتـامیـان بگەیەنرێتە دەریـای ســـپیی ناوەڕاســـتەوە. هەر بەتەنیا لوید جۆرج لاری لەمە هەبوو، ئەویش بەو بڕوایەی کە داوای بریتانیا بۆ ئەســـکەندەرونە دەبێتە ئەگەری وروژاندنی هەر یەکێک لە فرەنسـا و ڕوسـیا لە دژی بریتانیا. ئینجا کۆبوونەوەکە بەبێ هیچ ڕێککەوتنێکی

---

[7] Nevakivi, Britain, France [7] and Arab Middle East 1914–1920, p. 15. هەروەها نیڤاکیڤی بە تایبەت لەبارەی ئەســـکەندەرونە و بەرژەوەنـدییەکـانی بەریتـانی لەکـاتی جەنگـدا نووســـی، بڕوانە؛ "Lord Kitchener and the Partition of the Ottoman Empire, 1915–1916," K. Bourne and D.C. Watt, Studies in International History (London, 1967) pp. 316–329

[7] 9 Nevakivi, Britain, France [8] and Arab Middle East 1914–1920, p. 16

دەقاودەق لەنێو ئەو کاربەدەسـتانەی بریتانی کۆتایی پێهات، بەڵام لەبری ئەوە کۆبوونەوەکە بە بیرۆکەیەکی تەمومژاوی و قایلبوون بە داواکارییەکانی ڕوسیا کۆتایی هات.[٧٩]

لەو کاتەی بڕیاردارێژەرانی سیاسی خۆیان بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئامادە دەکرد، زۆر لە کاربەدەسـتانی دیکە خەریکی تاوتوێکردنی هەردوو پرسـەکەی ئەسـکەندەرونە و موسـڵ بوون. سـێر ئێدمۆند بارۆو Sir Edmund Barrowی وەزیری کاروباری سەربازی لەگەڵ داگیرکردنی موسڵ یان ئەسکەندەرونە نەبوو، چونکە بە گوێرەی پێداگریی ئەو، ئەم کارە زۆر سـەخت بوو. هەروەها خەرجییەکی زۆریشـی بۆ بەرگری لێکردن تێدەچوو. ئێدمۆند بارۆو لە تێبینییەکدا بۆ کابینەی جەنگ لە ١٦ی ئازاردا نووسیبووی: "

*"خۆ ئەگەر ئەسـکەندەرونە بە خۆمانەوە بلکێنین، ئەوا نەوەک هەر دەچینە بن باری تێچوونێکی لەبنەهاتوو بۆ بەنـدەرەکە و قەڵاو چەپەرەکـانی، بەڵکو دەبێ پـابەنـدیش بین بە کۆنترۆڵکردن و بەرگریکردن لەو هێڵە کراوەیەی هێڵی ئاسنینی بەغدای نێوان بەندەرەکە تا دەگاتە موسـڵ، ئەمە و لەکاتێکدا دەبێ بەردەوام*

[7]9 Davis, Ends and Means, p. 99; Aaron S. Klieman, “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” Journal of Contemporary History, 3, 3, The Middle East (Jul., 1968), p. 240

*تووشی گێژەڵووکەی پیلانگێڕیی سیاسی و کێشەگەلی ڕەگەزیی کورد و ئەرمەن و ئەناتۆلی و سوورییەکان ببینەوە، کە پێویست ناکا سەری خۆمانیان پێوە بێشینین."* ٨٠

وەنەبێ بارۆو لەم ڕەخنەیەیدا بەتەنیا بووبێ. زۆر لە ئەندامانی حکومەتەکەی کاروباری هیندستان هەمان نیگەرانی و پەرۆشییان هەبوو. ئارسەر هرتزل Arthur Hirtzel، کە دواتر بووە یاریدەرەی وەزیری کاروباری هیندستان، سەرنجی ئەوەی دا؛ "لەدەستدانی کاتیی موسڵ و خاکە بەپیتەکەی چیای شەنگال شتێکی خۆش نییە، بەڵام لە ئیمپراتۆریەتێکی وەک هی ئێمە شتێکی نەکردەیە (مەحاڵە) تۆ لە یەک کاتدا بەرگری لە هەموو شتێک بکەی.[٨١] لە جەوهەردا دەستبەسەرداگرتنی موسڵ و ئەسکەندەرونە، کە چارەنووسی ئەمەی دواییان بە هی پێش خۆیەوە بەسترابووەوە، هێشتا لە پێشنۆرەییە هەر باڵاکانی کاربەدەستانی بریتانی نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕ و باسوخواسەکان هێشتا کۆتاییان نەهاتبوو. زۆری پێنەچوو دوای کۆبوونەوەکەی ١٠ی ئازار

---

8 1 Note by General Edmund Barrow, March 16, 1915, CAB/24/1.

8 2 Comments by Arthur Hirtzel, March 17, 1915, CAB/24/1.

باڵوێزی بریتانیا لە ڕوسیا ڕێنمایی بۆ هات تا بە قڕاڵ ڕابگەیەنێ بەوەی ڕێککەوتنەکەیان هەندێ دەستەبەریی تێدا هەیە.[82] ئەم سێ زلهێزە لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کۆنفرانسێک بۆ دانانی مەرجەکانی کۆتایی بۆ ئاگربڕ ڕێکبخەن. هەر لەو ماوەیەشدا فرەنسا مەیلی خۆی بۆ بندەستکردنی سیسیلیا و سوریا ڕاگەیاند، ئەوەی دوایی فەڵەستین و شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانەکانیشی گرتەوە، هەرچەندە فرەنسا مەودای تەواوی ئەو مەیلە بەرژەوەندییەی ڕوون نەکردەوە.[83] لە ١٩ی ئازاردا کۆمیتەی جەنگ دیسان کۆبووەوە تا درێژە بە تاوتوێکردنی باسوخواسەکانی دابەشکردن لە بەرڕەوتێکی بەرفراوانتردا بدا. سێر ئێدوارد گرێی Sir Edward Greyی وەزیری کاروباری دەرەوە دوو پرسی هێنانە پێشەوە:

"(١) ئایا دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچە تازانە وا لە ئینگلستان دەکەن لاوازتر بێ یان بەهێزتر؟

---

[82] “de Bunsen Committee Report” from J.C. Hurewitz, The Middle East and North Africa in World Politics: A Documentary Record 1915–1945 (London, 1979), vol. II, p. 28; Davis, Ends and Means, p. 99; ئەم دەستەبەرییانەش سەربەستی ڕەوتی بازرگانی بەنێو گەرووەکان و ئۆتۆنۆمی بۆ شارە پیرۆزەکانی موسڵمانانی لەخۆدەگرت.

[83] Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II p. 28

(٢) تۆ بڵێی ئەو هەســــتە بەهێزەی نێو جیهانی ئیســــلامی لەبەرچاوبگیرێ کە دەبێ ئیسلام لە ڕووی سیاسی هەروەک ڕووە دینییەکەی هەبوونی مسۆگەر بکرێ؟"[٨٤]

گـرێـی بەخـۆی دژی بـیـرۆکەی فـراوانـخـوازی بـوو و پرســـیارەکانیشــــی ئاراســـتەی ئامانجە مەودادرێژەکان و شێوازی دەسەڵاتیی بریتانی بوو.[٨٥]

لەو کاتەدا دوو ڕوانین هاتنەکایە؛ یەکێکیان لەو بڕوایەدا بوو لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکەش پێویســـتە ســــەروەریی ئیمپراتۆریەتی عوســــمانی پارێزراو بێ، لەکاتێکدا ڕوانینی دووەم دەســتی بەوە گرتبوو، کە دەبێ عوســمانییەکان ببنە قوربانی بۆ دەوڵەتێکی عەرەبی بە پێگەی خەلافەتەوە.

کیچنەر لەگەڵ ڕوانینەکەی دووەمدا بوو، مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، ئەگەر هــات و ڕوس جڵەوی کوســــتەنتینەپۆل بگرنەدەســـــت، کەواتە تورکەکـان لەبەر پێی ئەوان دەچن، هەروەها لەسەر ئەوەش پێداگر بوو، کە پێویستە میزۆپۆتامیا بکەوێتە بن دەســـــەڵاتی بریتــانیــا نەوەک ژێر دەوڵەتێکی

[84] 5 Klieman, “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” p. 241; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 16
[85] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 16

عەرەبی.[٨٦]هەرچی لەبـارەی میزۆپۆتـامیـادا لەئـارادا بوو، پێشـنۆرەیی بەلای بریتانییەکان بۆ هەردوو ویلایەتی بەسـرا و بەغـدا بوو نەوەک موســـــڵ. لەکـاتێکـدا هەنـدێـک لە کاربەدەســتانی وەک کیچنەر و چەرچڵ لەوە گەیشــتبوون، کە ویلایەتی موســـــڵ بەشـــێکی دانەبڕاوە لە میزۆپۆتامیا، کەچی ئەوانی دیکە، وەک وەزیری کـاروبـاری حکومەتی هیندســـــتـان لۆرد کریۆ Crewe saw ویلایەتی بەغـدا و بەســـــرای وەک چەقی بـازنە دەبینی. تەنـانەت لۆرد کریۆ پێشنیازی ئەوەی کردبوو، هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا ڕاســتەوخۆ بخرێنە ســەر حکومەتی کاروباری هیندســتان. ئەمەش ئەوەی نەدەگەیاند کە موســـــڵ بکەوێتە ژێر جڵەوی هێزێکی بێگـانە، بەڵام بەرژەوەنـدییەکـانی بریتـانی و بەتـایبەتیش بەرژەوەنـدییەکـانی حکومەتی کـاروبـاری هیندســـــتان لەو هەرێمانە بەهێزترە تا هەرێمی دیکەی وەک موسڵ.

لە کۆتـایی کۆبوونەوەکەدا هەردوو دەنگی لادەر و دژ بە حوکمی ڕاســـتەوخۆ کە هەریەک لە لوید جۆرج و ئارســـەر بلفۆر بوون، ملکەچی ڕوانینەکـانی کیچنەر بوون. لەگەڵ

[8] 7 Kedourie, England and[6] the Middle East , p. 34; Klieman, “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” p. 241; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 17

ئەوەشـدا هێشـتا کۆمیتەکە بە فەرمی بڕیاری خۆی لەبارەی پرسـی فراوانخوازێتی بۆ دەسـتبەرداگرتنی ناوچەکان نەدا.[٨٧] هێشتا بریتانیا دەبووایە ئامانجەکانی فرەنسا هەڵبسەنگێنێ و بڕیاری ئەوەش بدا، ئاخۆ کامە لە ویلایەتەکان بخرێتە ژێر جڵەوی حوکمڕانی ڕاسـتەوخۆی بریتانییەکان و کامەشـیان دەبێ ببێتە دەوڵەتێکی سـەربەخۆی عەرەب. ئاسـکویس Asquithی سـەروەزیریش بە باشـترین شـێوە ئەنجامی کۆبوونەوەکەی پوختکردەوە بەوەی؛ "خۆ ئەگەر بە هەر هۆیەک بێ... لێگەڕابایین وڵاتەکانی دیکە لەسـەر تورکیا پڕکێش پڕکێشـیان بووبا بێ ئەوەی ئێمە هیچ شـتێکمان بۆ خۆمان بردبا، ئەوکات ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێنەدەهێنا."[٨٨]

کۆبوونەوەی پێشتر چەندین پرسی وروژاند و جیاوازی ئەو بیروبۆچوونەشـی خسـتەڕوو کە لە نێوان حکومەتی کاروباری هیندسـتان و وەزارەتی جەنگدا هەبوو. هەر بۆیە

---

[8] Klieman, “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” p.242; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 17; it is also worth mentioning that these dissident voices favored taking Haifa over Alexandretta for Britain’s Mediterranean access.

[8] Klieman, “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” p.242; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 17; ئەوەش شایانی باسکردنە کە ئەم دەنگە نارەزایانە پێیان باشـتر بوو بریتانیا حەیفا لەبری ئەسـکەندەرونە داوا بکا، ئەمەش باشتر دەهاتەوە لەگەڵ دەروازەی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست.

بۆ کاربەدەستان پێویست بوو قووڵتر باسوخواسەکانی ئەم ڕەوشە تاوتوێ بکەن و بگەنە دارِشتەیەکی ئاشکرا و ڕوون بۆ ئامانجەکانیان. لە ١٢ی نیســـــانی ١٩١٥دا کۆمیتەیەک بە سەرۆکایەتیی سێر مۆریس دە بەنسن Sir Maurice de Bunsen (کۆمیتەی بەنسن) بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە پێکهــات.[٨٩]هەر لە بەرایی ئەم کۆبوونەوەیەدا ڕێککەوتنێکی گشتی لەسەر پێویستی لایەنی کەمی داواکارییەکانی بریتانیا هەبوو، بەتـایبەتیش میزۆپۆتـامیـا، هەرچەنـدە پێویســـــتیش نەبوو ویلایەتی موســـــڵی لەگەڵدا بێ، هەروەهـا هەنـدێک ســـــەربەخۆییش بۆ دەوڵەتێکی عەرەبی دابین بکرێ، هەرچەنــدە لایەنـی هەرەزۆری فـراوانـخـوازییەکە و بە چ شـــێوەیەکیش بریتانیا دەســـتی پێوەبگرێ و هەڵیبســـوڕێنێ هێشـتا هەر پرســیار بوو. هەر بۆیە کۆمیتەکەی بەنســن بە وردەکــاریــیەوە بەدوای هەڵــوێــزنــیــنەوەی داخــوازیــی بریتانییەکاندا چوو، هەڵبەت بەدوای ئەوەشدا چوو باشترین ڕێگە بە پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە مسۆگەر بکا، ئەوسا

[8] Hurewitz, "de Bunsen Committee Report," The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 27; The committee was made up of G.R. Clark of the Foreign Office, Sir H.B. Jackson of the Admiralty, Major-General C.E. Callwell and Lieutenant-Colonel Sir Mark Sykes of the War Office, and Sir Hubert Llewellyn Smith of the Board of Trade.

چ دابەشکردن بێ، چ دروستکردنی ناوچەی بەرژەوەندی بێ یاخود لامەرکەزیبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێ.

ئەندامانی وەزارەتی کاروباری هیندستان وەک سێر ئێدموند بارۆو، ئارسەر هیرتزل و لۆرد هاردینگLord Hardingeی جێگری پاشـــا لە هیندســـتان داوای پێوەلکاندنی تەواوی ویلایەتی بەســـرا و بەغدای پارێزراویێتییان (مەحمیە) کرد. هاردینگ پێنج هۆکاری بۆ داگیرکردنی هەمیشـــەیی بەســـرا خستەڕوو:

*(١) پرســـی زاڵبوونمان بەســـەر کەنداوی فارســـیدا دەبڕێنێتەوە.*

*(٢) ئاسـایشـی عەبادان و کاری کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی دەستەبەر دەکا...*

*(٣) ئاســـایشـــی پێگەی شـــێخەکانی موحەمەرە و کوێت مسۆگەر دەکا.*

*(٤) تێچوونەکەی دەدرێ.*

*(٥) پرسـی کۆتامەنزڵی ڕێگەی ئاسـنینی بەغدا چارەسـەر دەکا.*[٩٠]

ئارســـەر هێترتزلیش پشـــتی ڕوانینەکانی هاردینگی گرت و ئەوەشـی خسـتەسـەر، دەبێ هەموو مەکۆ بازرگانییەکان بە

[9] Davis, Ends and Means, p. 100

هی بەغداشـــەوە بکەونە بن دەســـتی بریتانییەکانەوە.[٩١] ئەو سنوورانەی لە مێشکی هێرتزل بوون تا هێڵی پانی ٢٤ و تا بەرزاییەکـانی زنجیرە چیـای حەمرین درێژ دەبوونەوە.[٩٢] ئەوەی مایەی تێبینی بێ، ســـەرتاپای ویلایەتی موســـڵ لە دەرەوەی بازنەی ئەم داوا و سنوورانە بوو، ئەم پرسـەیەی دواتر لە کۆبوونەوەکەدا نۆرەی تـاوتوێکردنی دێتەوە. لەوەش ســنووردارتر و تۆکمەتر پێشـنیازی سـێر ئێدمۆند بـارۆو بوو، کە داخواز بوو ڕەوتی پێوەلکـاندنەکە هەر بە تەنیـا ویلایەتی موســـڵ بگرێتەوە و بەغـداش بخرێتە بەر ســەروەریی ڕووکەشـی تورک هاوچەشـنی وڵاتی میسـر.[٩٣] بارۆو هیوای بەوە هەبوو ئەگەر هات و بەغدا بەشـێوەیەکی فەرمی کۆنترۆڵ نەکەن، ئەوا بە ڕاوبۆچوونی جیهـانی ئیسلامی باش وەردەگەڕێ و هەروەها گرژی لەگەڵ فرەنسا و ڕوس کەم دەکـاتەوە بەوەی نـاوچەیەکی دابڕ لەنێوان بریتانیا و هاوپەیمانەکانی دروســـت دەبێ. هەروەها تێبینی ئەوەشــــی دا، ئەم جۆرە تەداروکە هەم تێچوونەکەی بە

---

[٩١] ئەم مەکۆیانەش ئەمانەی خوارەوەی دەگرتنەوە: بەســرا، قورنە، ناســرییە، عەمارە و بەغدا.

9 3 Davis, Ends and Means,[2] p. 101; Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 31

9 4 Davis, Ends and Means,[3] p. 101; Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 31

ڕاددەیەکی زۆر کەمتر دەبێ و هەم پاراســتنیشــی ئاســانتر دەبێ.[٩٤] هەروەک لۆرد کریۆ ئەنجامەکەی لێدەرهێنابوو، کە نەخشــەڕێگای ئەم بیرۆکانە ئەوەبوو؛ "داخوازیی بریتانیا بۆ سنوورەکان، کە ئێستا تورکیای ئاسیایە، پێویستە زیاتر بۆ ئەوە بێ ئاخۆ ئێمە چەندمان بەردەکەوێ بەقەدەر ئەوەی لێبڕاو بین بەرانبەر ئەوی ئەوان بەریان نەکەوێ."[٩٥]

خۆ ئەگەر کاربەدەســتانی کاروباری هیندســتان ئامانجی ســنووردariان لەبەرچاو بووبێ، ئەوا ئەوانەی وەزارەتی جەنگ و ئەدمیرالی دەریایی مەودای چاوتێبڕینی ئامانجەکانیان بەرفراوانتر بوو. هەروەک لە سەرنجی پێشوو دەرکەوت، کێچنەر بە شــێوەیەکی تایبەت لەبارەی ئەگەری هەڕەشــەی ڕوسیاوە هەستیار بوو، ئەو لەو بڕوایەدا بوو، کە دەبێ میزۆپۆتامیا بە ئیمپۆراتۆریەتی بریتانییەوە بلکێندرێ بۆ ئەوەی ڕێگر بێ لەوەی ڕوســیا "دەســتی بە دەرووی دەریاوە ڕابگا و ئیدی وای لێبکا کۆنترۆڵی سەربازی و بەشی هەرەزۆری بازرگانیی وەک دەستکەوت بۆ خۆی ببا."[٩٦] لەم ڕوانینەدا دەرووی دەریایی بەســەر دەریای ســپیی ناوەڕاســتدا چارەنووســساز بوو بۆ بەرگریکردن لە هەرێمەکە.

---

[9][4] Davis, Ends and Means, p. 101

[٩٥] هەمان سەرچاوە. ل ١٠٢؛ دەقی وتەکەی کریۆ.

[٩٦] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢. دەقی وتەی کیچنەر.

ئەدمیرالی دەریاش هەمان ڕاوبۆچوونی کیچنەری هەبوو و ترسی ئەوەیان هەبوو ڕووسیا بە دەستبەسەرداگرتنی کوستەنتینەپۆلدا هێزوگوڕی خۆی پەیدابکاتەوە. هەر بۆیە بۆ پارسەنگڕاگرتنی ئەو هەڕەشەیە، ئەدمیرالی دەریایی پێشنیازی کرد؛ یاری "بابل دژ بە بێزەنتە" بکەن و سنووری ئیمپراتۆریەتە کۆنەکە بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست درێژبکەنەوە، ئەوەش بە داواکردنی بەندەری ئەسکەندەرونە.[٧] لەوەش دەقاودەقتر، ئەدمیرالیی دەریایی لەو بڕوایەدا بوو، ئەگەر ڕوسیا دەست بەسەر کوستەنتینەپۆلدا بگرێ ئەوا دەرووی دەریای سپیی ناوەڕاستی لەسەر دەکرێتەوە و دەستی پێڕادەگا، بەمەش پێگەی باڵادەستێتی هێزی دەریایی پاشایەتیی بریتانی دەخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. خۆ ئەگەر بریتانیا داوای دەستبەسەرداگرتنی ئەسکەندەرونە بکا، ئەوا بەم

[9] Davis, Ends and Means, p. 102; Nevakivi, “Lord Kitchener and the Partition of the Ottoman Empire, 1915-1916,” p.324; هۆکارەکانی کیچنەر بۆ داواکردنی ئەسکەندەرونە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبوونەوە: (١) لە باری ناوکاو و تەنگانەدا دەکرێ لە ئەسکەندەرونەوە بە هێڵی ئاسنین هێزی سەربازی بۆ میزۆپۆتامیا ڕەوانە بکرێ ئەوێ خێراترە لە ڕێگای نۆکەندی سوێس؛ (٢) کەواتە لە کاتی ئاساییدا هێزێکی بچووکیش دەتوانێ میزۆپۆتامیا بپارێزێ؛ (٣) بریتانیا لە بارێکی ستراتیژی باشدا دەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی هەر دوژمنێک (ڕوسیا) بۆ سەر میزۆپۆتامیا؛ (٤) دەکرێ کۆنترۆڵی چەکپێدان بۆ عەرەبەکانی میزۆپۆتامیا وەک چۆن لەڕێی دەریای سپیی ناوەڕاست هەروەک سەری کەنداوی فارسیش بکرێ."

کارەی نەوەک هەر سووتەمەنی کەشتیگەلی دەریای سپیی ناوەڕاست بە نەوتی کەنداوی فارسییەوە دابین دەکا، بەڵکو هەر شوێنە خۆجێیەکە دەبێتە بەربەستێک بەرانبەر کشان و لەشکرکێشیی ڕوسیا لە باشوورەوە. هەروەها دەکرێ وەک دژەهەڕەشەیەکیش بێ بۆ هەر هەوڵێکی فرەنسا کە بیەوێ ڕێگەی بازرگانی لە میزۆپۆتامیاوە ببڕێ.[٩٨]

لەکاتێکدا بەهەندهەڵگرتنی لایەنی سەربازی و ستراتیژی باڵی بەسەر ڕوانگەی ئەدمیرالییەوە کێشابوو، ئەنجومەنی ئابووری بە هێورەیی لەسەر ڕەهەندەکانی ئابووری سیاسەتی بریتانی چڕ بووبووەوە. بەغدا لەو خاڵەی ڕوانینەوە "بایەخدارترین خاڵی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی بوو، ئاخر ئەوەش لەوەوە دەهات، کە مەڵبەندی دابەشکردنی بوو بۆ سەر ویلایەتەکانی موسڵ و بەسرا و خاسیەتی بەرهەمی تایبەت بە خۆیشی هەبوو.[٩٩]وێڕای ئەمەش، ڕێنمایی ئەنجومەنی ئابووری ئەوەبوو ئەگەر بیانەوێ جڵەوی زۆرینەی کەناراوی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و هەروەک بازرگانییەکەی بەدەستەوە بگرن، ئەوا دەبێ داوای سیاسەتی تاریفەی لیبراڵی لە فەرەنسا بکەن. کوستەنتینەپول

---

[9] Davis, Ends and Means, p. 103; V. H. Rothwell, “Mesopotamia in British War Aims, 1914–1918,” The Historical Journal, 13, 2 (Jun., 1970), p. 277;

[9] Davis, Ends and Means, p. 103

لەم ڕوانگەیەوە کێشـــەیەک نەبوو ئەگەر هاتبا و بریتانیا بیتوانیبا داوای هاتوچوونێکی ئازادانەی بەنێو گەرووەکانیدا کردبا و بۆشی مەیسەر بووبایە.[100]

هەر یەکێک لەو گرووپانە ڕوانگەی جیاوازی لە سـیاسـەتی بریتـانی بە پێشـــنۆرە دەگرت، هەرچەنـدە هەموو ئەو ئـامـانجـانەش بە تەواوی نەدەکرا بەدی بێن. بەم جۆرە، بۆ ڕۆژی پاشـتر و لە ١٣ نیسـاندا ئەندامانی کۆمیتەکە هەوڵیان دا بۆچوونە نـاکۆکەکـانیـان ڕێک بخەن و هـاوزەمـان بکەنە سـیاسـەتێکی یەکانگیر. یەکەمین خاڵیش کە لەسـەر سـەکۆی کۆبوونەوەکە هاتە پێشـەوە ویلایەتی موسـڵ بوو. هەروەک پێشـتر ئاماژەی بۆ کرا، زۆر لە کاربەدەسـتان موسـڵیان لە هەژماری مەزندەکانی خۆیان دەرهێنابوو، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە دەســـتبەســـەرداگرتنی ســـەرتـاپـای موســـڵیـان ڕەتکردبووەوە. ئەمەش بووە مـایەی گەنگەشـــەکردنێکی گرنگ لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەکە. سێر مارک سایکس Sir Mark Sykes و ژەنەڕاڵ کۆلوێل Callwell دەنگیـان بۆ دەســـتبەســـەرداگرتنی موســـڵ بوو، ئـاخر ئەوان لەو بڕوایەدابوون ئەو سنوورەی هێرتزل بۆی پێشنیاز کردبوون هیچ پێشـــدەســـتییەکی بۆ بەرگریکردن نییە و ناگونجێ.[1]

[100] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣

[1] Davis, Ends and Means, p. 103; Klieman, "Britain's War Aims in the Middle East in 1915," p. 245

گوێرەی ڕوانینی کۆلوێل، مرۆڤ "هەمیشـــــە دەبێ ئەوە لە مێشـــــکی خۆیدا بنێ کە لە ئایندەدا ئەگەری جەنگ لەگەڵ ڕوســـــیادا هەیە... تـاکە هێڵی بەرگرییش کە دەکرێ ببێتە مایەی بەرگرییەکی ئاشکراو ڕوون، بەرزاییەکانی سەرووی ویلایەتی موسڵن."[١٠٢]

دوو پرســـــی دیکە ڕۆڵی ئەوەیان بینی، کە کاربەدەســـــتانی بریتانی ناچار بکەن موسـڵ بخەنە ناوچەی دەسـتڕۆیشـتنی بریتانی، ئەویش **نەوت و کشـــتوکاڵ** بوو. ئەدمیرال ســـلێید Slade، ئەدمیرالی شـــــارەزای نەوت دەنگی بەوە هەڵبڕی؛ موســـــڵ ســـــەرچاوەیەکی چارەنووســـــســـــازی نەوتە و پێویســـــتییەکانی هەنووکەیی نەوتی بریتانی فراژی دەکا و دەشبێتە ڕێگر بۆ ڕکابەری لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکانی ئەنگلۆ-ئێرانی.[١٠٣] هەروەهـا داواکردنی دەســـــتەبەســـــەرداگرتنی ویلایەتی موســـــڵ و ســـــەرچاوەی نەوتەکەی دەبووە مایەی بەهێزکردنی پرسی داواکردنی دەستبەسەرداگرتنی بەندەری ئەســـکەندەرونەش، ئاخر هەردووکیان ڕاســـتەوخۆ بە هێڵی ئاسـنینەوە بەسـترابوونەوە. **بۆ بڕیارڕێژەرانی سـیاسـەتی**

[1] Davis, Ends and Means, p. 103; Hurewitz, "de Bunsen Committee Report," The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 31; مایەی تێبینییە کە ڕاپۆرتی کۆمیتەکە ئاماژەیەکی تایبەتی بە گرنگی هێڵی بەرگری دابوو لە کاتێکدا گەر دەســـت بەسەر موسڵدا بگرن.

[1] Davis, Ends and Means, p. 104

**بریتانی بایەخی توانستە بەربەرینەکەی کشتوکاڵیی ویلایەتی موسڵ و ڕوبارەکەی لە بایەخی شتەکانی دیکە کەمتر نەبوو.** هەروەک هێرتزل سەرنجی دابوو، "بەشی خوارەوەی ڕێژگەی [دیجلە و فرات] بەندن بە بەشی سەروویان... بە واتایەکی دیکە، ئەو هێزەی بەنیاز بێ بەسرا پێش بخا و وای لێبکا پەرە بسێنێ... پێویستە ئەو هێزە بێ کە فەرماندار بێ، نەخاسمە بەسەر بەشە باڵا و سەرووەکەی ڕوبارەکان بۆ موسڵ."[١٠٤] لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، هەر بەتەنیا ئێدمۆند بارۆو لەسەر بنەمای تێچوونی داراییەوە دژ بە پێوەلکاندنی موسڵ مابووەوە.[١٠٥]

لەکاتێکدا کاربەدەستان گەیشتنە ئەو ئەنجامە، کە دەبێ موسڵ بخرێتە نێو خواستەکانی بریتانیا، کەچی هێشتا پرسی هەڵسووڕاندنی ئەم ناوچانە بێ چارەسەر مایەوە. چوار ڕاسپاردە بۆ کۆمیتەکە کران، هەریەکەیان واتایەکی ڕێکاری جیاوازی بۆ موسڵ هەبوو.

**یەکەمیان:** دابەشکردن و حوکمڕانییەکی ڕاستەوخۆ بوو. لەژێر ئەم مژارەدا "بەشی هەرە گەورە"ی موسڵ دەبوایە بکەوێتە بن دەسەڵاتی بریتانی.[١٠٦] "بەشی هەرە گەورە"ی

---

[١٠٤] سەرنجێک لەلایەن ئارسەر هێرتزلەوە، ١٤ی ئازاری ١٩١٦، CAB/24/1.

[١٠٥] Davis, Ends and Means, p. 104

[1] Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 33

موسڵیش زۆرینەی خاکی ویلایەتەکەی لەخۆدەگرت لەگەڵ بەشێکی بچووکی کە لە سوریاوە بۆ ئێران درێژ دەبووەوە، ئەوەی بریتانییەکان نیازیان وابوو بیدەنە فرەنسا تا ببێتە ناوچەیەکی دابڕ لەنێوان خۆیان و ڕوسیادا.[١٠٧]

**لەبن مژاری دووەمدا**، هەر هەرێمێک لەلایەن هێزێکی هاوپەیمان داوابکرێ، ئەوا بەتەنیا دەبێتە ناوچەیەکی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری، لەگەڵ ئەوەی ڕوونیش نەبوو ئاخۆ لەو هەرێمانەدا چی بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دێ.[٨]تۆ بڵێی ئەوان خاکەکە هەر لەبن جڵەوی قەڵەمڕەویی خۆیاندا بێ یان دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ مژاری دواتر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە وەڵامەکە.

**بژاردەی سێیەم:** ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەک خۆی هێشتبووەوە، یان هەر هیچ نەبێ نزیک لەو قەوارەی جارانی خۆی. لێ هێشتا بژاردەکە ئەوەی لە خۆ گرتبوو کە کوستەنتینەپول بکەوێتە ژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆی ڕوسیا

---

[1] Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 33; Klieman, “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” pp.246; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 19

[1] 9 Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II , pp. 35–40; Davis, Ends and Means, p. 104

و بەســـــراش بن دەســـــتی بریتــانیــا، بەڵام لە بەرانبەردا ئیمپراتۆریەتی عوســمانی دەســەڵاتی خۆی بەســەر ویلایەتە عەرەبییەکـان پـارێزراو دەبێ بەبێ هیچ گۆڕانێک.[109] دیـاربوو ئەم بژاردەیە بەدڵی هاوپەیمانەکانی بریتانی نەبوو، هەروەها لە بەشی زۆریشیدا دژبەری لەگەڵ خۆیدا هەبوو.

**چوارەمین** بژاردەش: لەسەرێکەوە زۆر پێشکەوتووتر بوو، لەسەرێکی دیکەشەوە ژمارەیەک توخمی لە بژاردەکانی پێش خۆیشــی وەک تێکەڵەیەک لەخۆگرتبوو. ئەم خاڵەیان لەســەر ئەوە پێداگر بوو، کە هەر هێزێکی هــاوپەیمـان دەســـــەڵاتی سـیاســی و ئابووری بەســەر ناوچەکانی خۆیدا هەبێ، بەڵام هەڵبەت ئەمەش لەژێر ســـیســـتمی لامەرکەزییەکی پلە باڵای عوســـمانیدا.[110] ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیاند، ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی لەو ناوچە ناوبراوانەدا وەک ڕواڵەت بمێنێتەوە، بەڵام "پێویســتە دەرفەتێکی شــیاو بداتە گەلانی بندەســتی و یـارمەتییـان بدا بۆ ئەوەی لەژێر نیری چەوســـــاندنەوە و ســــتەمکاری، کە لەمێژبوو لە ژێریدا دەیانناڵاند، ئازاد ببن."[111] بە واتایەکی دیکە، ویلایەتەکانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕێگەی ئۆتۆنۆمییەکی تەواویــان بــدرێتێ بەوەی ئەگەر

[109] Hurewitz, “de Bunsen Committee Report,” The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, pp. 40–42

[110] هەمان سەرچاوە، ل ٤٢-٤٤

[111] هەمان سەرچاوە، ل ٤٤

بیانەوێ سـەربەخۆ ببن، ئەمەش لەکاتێکدا لەبەرژەوەندیی بریتانیادا بێ. بەڵام ئەم خاڵەشـیان هەروەک دوو بژاردەی پێشـوو، موسـڵ ناڕاسـتەوخۆ دەکەوتە ژێر هەژموونی بریتانی.

لە کۆتاییشـدا، دوای تاوتوێکردن و گەنگەشـەیەکی زۆر، کۆمیتە بریتانییەکە ڕاپۆرتەکەی خۆی لە مانگی حوزەیرانی ١٩١٥دا تەواوکرد. دوا ڕێنمـایی بنەمـاکـانی پـاڵپشـتی دەرەنجامی ڕاپۆرتەکە بوون، ئەوەبوو کە پێویسـتە بریتانیا خۆی لە هەر دەمەقاڵێ و بەیەکدانانێک لەگەڵ ڕوسیا بەدوور بگرێ و لەسـەر فرەنسـاش پێویسـتە وەک پارسـەنگێک بۆ ڕوسـیا بوەسـتێتەوە و پێچەوانەکەش هەر ڕاسـت دەبێ.[١١٢] کەواتە ئەوەی پەیـوەسـت بـوو بە داواکـردنـی دەستبەسـەرداگرتنی ناوچەکان، کۆمیتەکە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی هەبوون. شـارە پیرۆزەکانی فەلەسـتین و لەسـەر پێشـنیازی ڕوسـیا بەنێودەوڵەتی بکرێن، ئەسـکەندەرونە بۆ فرەنسـییەکان وازی لێبهێندرێ، حەیفا ببێتە بەشـێک لە نـاوچەی قەڵەمـڕەوێـتـی بـریـتـانـیـا. سـەبـارەت بە دەستبەرداربوون لە ئەسکەندەرونەدا کۆمیتەی بنسن هیوای خواسـت بەڵکو فرەنسـا داوای هیچ شـتێک لە باشـووری سـوریا نەکا و ئیدی تیشـکی چاوتێبڕینی خۆی بخاتە سـەر

[1] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 19

باکوور بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەگەڵ ڕوســـیادا بەریەک بکەوێ.[113] حەیفـا و بەنـدەرەکەی بۆ بەریتـانیـا جێگەی ئەسکەندەرونەی بۆ دەگرتەوە، ئەم جێگرتنەوەیەش لەبارەی کردەنیـازی ســتراتیژییەوە بوو، بەوەی میزۆپۆتـامیـا بە دەریای سـپیی ناوەڕاسـتەوە ببەسـتێتەوە.[114] هەرچی لەبارەی میزۆپۆتامیاش بوو، بەســرا ڕاســتەوخۆ بە قەڵەمڕەوێتیی بریتانیا دەلکێندرێ و هەموو هێزە غەیرە تورکییەکانیش لە بەغـدا و مووســـڵ دووربخرێنەوە.[115] هەرچی لەبـارەی نەخشـەی پێشـنۆرەی حوکمڕانی بریتانییشـەوە بوو، وەها بڕیـاڕ درا لە بژاردەی چـوارەم بەوەی ئیـمپراتـۆریەتی عوسمانی بەلامەرکەزی بکرێ؛ "خۆ ئەگەر ئەوەی ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێداوە بێتە دی، ئەوا باشـــترین چارەســـەرە بۆ بەرژەوەنـدییەکـانی تورکیـا و هەم بریتـانیـای مەزن."[116] ئەم نەخشـەیە کە کۆمیتەی بنسـن سـەرەداوەکانی کێشـابوو،

---

[1] [13] Klieman, "Britain's War Aims in the Middle East in 1915," p.250; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 19


[1] [14] 5 Hurewitz, "de Bunsen Committee Report," The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 31

[1] [15] 6 Hurewitz, "de Bunsen Committee Report," The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 31; Stuart Cohen, British Policy in Mesopotamia 1903–1914 (London, 1976), p. 2.

[1] [16] Hurewitz, "de Bunsen Committee Report," The Middle East and North Africa in World Politics, vol. II, p. 45


ســــەرەتـایەک بوو بە هۆیەوە هەم موســــڵ و هەم بـاقی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لەسەر زلهێزەکان دابەشدەکرد.

**نەخشەی کۆمیتەی بنسن.** [1] ٧




[1] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920, pp. 20-21;نەخشەکان لە پێشنیازەکانی کۆمیتەی بنسن.

## دابەشکردنەکەی سایکس-پیکۆ ٨




Sykes-Picot Partition[109]

[1] نەخشەی سایکس پیکۆ Albert Hourani, A History of the Arab Peoples (Cambridge, 1991), p. 476;

## ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ

لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی بنسن بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن حکومەتەوە پەسەند نەکرا، لێ بووە سەرەداوی خواستی بریتانیا بۆ هەر دانوستانێکی دیپلۆماسی لە ئایندەدا و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشانەش کاریگەریی بەسەر سیاسەتی داهاتوویانەوە هەبوو.[119] هەروەها دەرخەر و دەربڕی وەرچەرخانی سیاسەتی بریتانیش بوو لە هەمبەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئاخر چیدی پێویستی بەوە نەمابوو ئیمپراتۆریەتەکە بە یەکانگیری خۆی بمێنێتەوە. هەر پێشتر و لەگەڵ دەستپێکی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤دا کاربەدەستانی بریتانی گەنگەشەی بیرۆکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبییان کردبوو، بەڵام دواتر لەگەڵ داواکانی هەریەک لە ڕوسیا و فرەنسا، بگرەوبەرەی سیاسی ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت. لەو کاتەوەش دەرفەتێک بۆ زلهێزە بیانییەکان هاتەپێش تا ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەڵبسوڕێنن.

یەکەمین دانوستانی دووبەدووی نیشتمانی لە ٢٣ی ئازاردا دەستپێکرد، ئەویش کاتێک پاول کامبۆن Paul

---

[1] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 23

Cambonی باڵوێزی فەرەنسا ئاگاداری گرێی کردەوە، کەوا وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا داوای لێکردووە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ بریتانییەکاندا تاوتوێ بکا.[120] هەرچەندە لەو کاتەدا بریتانیا ئامادەکارییەکی کەمی لەبارەی خواستەکانی خۆی کردبوو، هەروەها هیچ نەخشەیەکیشی بۆ ئەم پرسە دانەڕشتبوو.[121] هەربۆیە گەنگەشە و وتووێژی سەنگین و جدی لە پاش ٢٣ی ئۆکتۆبەردا کرا، ئەو کاتەی گرێی بە کامبۆنی ڕاگەیاند بەوەی دەبێ باسوخواسی دابەشکردن بهێننە گۆڕێ.[122] فەرەنسییەکان لای خۆیانەوە بڕیاریان دا جۆرج پیکۆ Georges-Picot وەک نوێنەری خۆیان بۆ دانوستانەکان دابنێن. پیکۆش دیپلۆماتکارێکی بە ئەزموون بوو، لە بەیروتدا خزمەتی ئەنجوومەنی گشتیی کردبوو، هەروەها لایەنگرێکی سەرسەختی داواکردنی دەستبەسەرداگرتنی سوریا بوو بۆ فەرەنسا.[123]

بەر لە دانوستانەکە، پیکۆ مانگێک لە پاریس مایەوە تا خۆی بۆ دارشتنی داخوازییەکانی فەرەنسا ئامادە بکا. ئەوەی ڕاستی بێ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کۆمیتە و

---

[120] Davis, Ends and Means, p. 105

[121] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٥

[122] Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 190; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914- 1920, p. 30

[123] Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 190; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914- 1920, p. 30

کۆبوونەوەکـان بە ڕوونی پێنـاســـەی ئەوەیـان کردبوو، هەروەها ســـەرســـەختانەش بەرگرییان لێدەکرد بەوەی ســووریا ئامانجی کلیلئاســای ئارەزوو و حەزی فرەنســایە.[١٢٤] هەرچۆنێک بێ، پێنـاســـەی ئەوەی ئـاخۆ داواکـارییەکە چ پارێزگایەکی ســوریا لەخۆبگرێ، بە شــێوەیەکی بەرچاو لە پێنـاســـە و ڕاڤەی بریتـانییەکـان جیـاواز بوو. بەگوێرەی فلاندین Flandinی سیناتۆری فرەنسـی؛ "لە لای ڕۆژئاواوە بەشە ئاسیای تورکی، لە زنجیرە چیای تۆرۆسەوە تا نیمچە دوورگەی ســینا درێژ دەبووەوە، فرەنســییەکان بەو خاکە دەڵێن ڕۆژهەڵات لیڤـانـت .Levant"[١٢٥]هەر ئەم پێودانگەش

[1] Kedourie, England and the Middle East, pp. 45-46; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920, pp. 30-31; بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی پیکۆ و بەرژەوەندییەکانی فرەنسا لە میانەی دانوستانەکان بڕوانە: Christopher M. Andrew and A. S. Forstner, The Climax of French Imperial Expansion: 1914-1924 (Stanford, 1981), p.66

[1] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920, p. 31

{ تێبینی وەرگێڕ: زاراوەی لیڤانت دەســـتەواژەیەکی مێژووییە بۆ کۆتـایی ســـەدەی پانزەهەم دەگەڕێتەوە، ئەوکات واتای وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی ڕۆژهەڵاتی ئیتالیای دەگەیاند، بەتایبەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی کەناراوی دەریای ســپیی ناوەڕاســت کە ســوریا و لوبنان و ئوردن و فەلەســتینی ئێســتا و بەشــێکیشـــی لە تورکیا دەگرتەوە. وشـــەکەش لە فەرەنســـییەوە واتە ئەو شـــوێنەی خۆری لێ هەڵدێ هاتووە، لە بنەڕەتیشـــدا بۆ وشـــەی levareی لاتینی دەگەڕێتەوە. هەر ئەم دەربڕینە وایکرد، دەســـتەواژەی ســـوریای مەزنتری لەسەر بنیات بنرێ. بۆیە لەکاتی وەرگێڕانی ئەم وشەیە دا تووشی

دەبێتە سەرەتای دەستپێوەگرتنی پیکۆ بۆ دەربڕینی داخوازییەکانی فرەنسی لە بەرانبەر هاوتا بریتانییەکانی.[١٢٦]

بریتانییەکانیش لە بەراییەوە سێر ئارسەر نیکلسن Sir Arthur Nicolsonیان بۆ دانوستانەکە دەستنیشان کردبوو، نیکلسنیش جێگری هەمیشەیی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوو، لەم کارەیدا کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە ئەندامانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی کاروباری هیندستان یاریدەدەری بوون.[١٢٧] کۆبوونەوەی یەکەمی نیکلسن لەگەڵ پیکۆ لە ٢٣ی نۆڤێمبەری ١٩١٥دا بوو، بە بنبەست گەیشت، هیچ کامێک لە نوێنەری بریتانی و فرەنسی نەیویست یەک قولانج بۆ بەرانبەرەکەی دانەوێنێ. دوای دانیشتنێکی دیکە، کە ئەویش هەر بە بنبەست گەیشت، ئەوەبوو حکومەتی بریتانیا بڕیاری دا دانوساندکارەکەی خۆی بگۆڕێ.[١٢٨] سێر مارک سایکس Sir Mark Sykes جێگەی نیکلسنی گرتەوە. سایکس گەڕیدەیەکی ڕۆژهەڵاتناس

هەندێ کێشە دەبین، دەکرێ وڵاتی شام بە مانا فراوانەکەی دەربڕی ئەم وشەیە بێ }

[126] Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 190; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914– 1920, p. 31

[١٢٧] ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتەکە هەریەک لە هێرتزل، هۆلدەرنس ، کالوێل و پارکەر بوون.

[128] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914– 1920, p. 31

بوو، گەشـــتی دووردوودرێژی بە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کردبوو، هەروەها لە وەزارەتی جەنگیش وەک ڕاوێژکاری کێچنەر بۆ کــاروبــاری ڕۆژهەڵاتی نزیــک خزمەتی کردبوو.[١٢٩] لەگەڵ ئەوەشــدا ســایکس لەچاو هاوتا فرەنســییەکەی ئەزموونێکی کەمی وەک دانوســـــانکــار هەبوو، هەرچی پیکۆ بوو دیپلۆماتێکی دێرین بوو.

ســــایکس لە دیســـێمبەری ١٠١٥ تــا یــانیوەری ١٩١٦دا دووبەدوو لەگەڵ پیکۆدا کۆبووەوە. دوای چەندین دانیشــتن، لە ١٦ی دیســـــەمبەری ١٩١٦دا ڕاپۆرتی خۆی لەبــارەی داخــوازیــیەکــانی فــرەنســــی و ڕەوشـــــی هەنــووکەیــی دانوســــتــانەکەی گەیــانــدە کــابینەی جەنگی وڵاتەکەی.[١٣٠] ئەوکات ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە بەرژەوەندییەکانی فرەنســا بە دنەدانی باری دارییەوە پەیوەندی بە کوســــتەنتینەپولەوە هەیە. بەگوێرەی قســەی ســایکس؛ "فرەنســا بۆ ئەوە هاتۆتە

[١٢٩] بۆ وردەکاری لەســــەر ژیانی مارکس بڕوانە: His Life and Letters (New York, 1923); Karl E. Meyeer and Shareen Blair Brysac, King Makers: The Invention of the Modern Middle East (London, 2008), chap. 3.

{تێبینی وەرگێڕ: هەروەها بۆ وردەکاری زیاتر لەســەر پاشــخان و لێکەوتەی ڕێککەوتننامەی ســـایکس-پیکۆ بڕوانە کتێبی: جێمس بار؛ هێڵێک بە نێو لمدا، و. شەفیقی حاجی خدر، ناوەندی جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢٢}

[١٣٠] کۆبوونەوەی کۆمیتەی جەنگ December 16, 1915, "Evidence of Lieut.-Col. Sir Mark Sykes on the Arab Question," p. 3, CAB/24/1/2

نێو سیاسەت، نەتەوەیەکە هەر بەدوای گێچەڵدا دەگەڕێ، دنەی جەنگ دەدا، گەلان دەچەوسێنێتەوە، چاکسازییەکان دوا دەخا یان کەڵکیان پێوە ناهێڵێ، هەمووشی لەپێناوی ئەوەی تا سەرمایەی لەسەر بنیاتبنێ."[131] هەر بۆیە دانوستانەکەی لەسەر ئەو بنەمایە بوو لایەنی سوری لە فرەنسا بترازێنێ بە بانگەوازکردن بۆ دەستپێشتنی کاسۆلیک بەڵکو کار لە بازنەکانی دەوروخولی سیاسەتی فرەنسی بکا.[132] ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کە سایکس هیوای بەوە بوو قەناعەت بە فرەنسییەکان بهێنێ بەوەی بەرژەوەندیی سەرەکییان لە دەوروبەری کەناراوی لوبنانەوە هەیە، لەوێ زۆرینە کریستیانی سوریین و تێیدا مژدەرەرانی فرەنسی چالاکن. بەم کارەش هیوای سایکس ئەوە بوو بەڵکو چاو لە داواکردنی فەڵەستین بپۆشن، کە تا ئەوکات هێشتا فرەنسا پێی وابوو فەڵەستین بەشێکە لە سوریا.

هەرچۆنێک بێ، ستراتیژی دانوسانی فرەنسی لای سایکس شتێکی نەناسراو بوو. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی

[131] 2 Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 32; Mark Sykes: Future of the Middle East (Armenian Bureau Publications, London, 1918), p. 5. دەقی وتەکەی سایکس هی دوو ساڵ دوای ڕێککەوتننامەکەیە، بەڵام هێشتاش هەر ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونیەتی.

[1] Nevakivi, Britain, France [3] and Arab Middle East 1914[2]–1920, p. 33

فرەنساش پێشتر ئاگای لە تێچوونی سیاسەتی پاراستنی ئاسایش و دەستپێوەگرتن و هێشتنەوەی ناوچەیەکی بەرفراوان هەبوو، هەروەها دنەدەرە سەرەکییەکە، ئەوەی چاوی تێبڕیبوو ئەو خاکەی دەوروبەری لوبنان بوو.[١٣٣] کەواتە "نەخشەی پیکۆ ئەوەبوو، لەبەردەم سایکسدا خۆی وا نمایش بکا، کە فرەنسییەکان سوورن لەسەر دەسەڵاتی ڕاستەخۆ بەسەر سەرتاپای سوریادا، بۆ ئەوەی کاتێ میانڕەوی لە داواکەی بکا، ڕاستەوخۆ لە بەرانبەردا سازشی بۆ بکرێ و داواکەی گیرۆ ببێ".[١٣٤] یەکێ لە سازشە بەرچاوەکان مەودای دەستڕۆیشتووبوو بەوەی بەسەر تەواوی ویلایەتی موسڵدا درێژ دەبووەوە بە ئێرانی گرێدەدرایەوە.[١٣٥] لەکاتێکدا بریتانییەکان حەزیان لێبوو فرەنسییەکان بەشێکی ویلایەتەکە بۆ خۆیان ببەن، کەچی پێشنیازەکە لە سنووری ئارەزووی ئەوانیشی تێپەڕاند.

تا ٢١ی دیسێمبەر، هەردووکیان، سایکس و پیکۆ گەیشتنە سازانێک لەبارەی ئیدارەیەکی عەرەبی لەژێر باڵی دەستڕۆیشتووی فرەنسی کە شارەکانی حمس، حەما، دیمەشق و حەلەبیش بگرێتەوە.[١٣٦] ئەمەش واتای ئەوەبوو؛

[١٣٣] Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 191

[١٣٤] هەمان سەرچاوە، ل ١٩١

[١٣٥] هەمابن سەرچاوە، ل ١٩١

[١٣٦] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920, p. 33; Davis, Ends and Means, p.107

قەوارەیەکی سەربەخۆیی عەرەب، هەروەک کۆمیتەی بنسن خواستبووی، دەکرا لە بەرڕەوتی ڕێککەوتننامەکەدا پێک بێ، هەرچەندە دابەشکردن و حوکمڕانی ڕاستەوخۆ بەشێکی دانەبڕاو بوون لە ڕێککەوتننامەکەدا. فرەنسییەکانیش بەتایبەتی لەسەر پاراستنی ئاسایش و حوکمڕانیی لوبنان مکوڕ بوون. لە سەرێکی دیکەشەوە موسڵ و بەندەرەکانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست هێشتا چارەسەر نەکرابوون.[137]

ئیدی بۆ کاربەدەستە بریتانییەکان وەک کێچنەر، سایکس، بلفۆر و هێرتزل ئەوە ڕوون بوو، بۆ ئەوەی بەندەرێکی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بەدەستبهێنێ، پێویستە لە شوێنێکی دیکە سازش بۆ فرەنسا بکا. هەر پێشتریش و لە ١٦ی دیسێمبەردا، کاتێک فرەنسا لە بنەڕەتەوە داوای ویلایەتی موسڵی کرد، سایکس ئامادەبوو جارێکی دیکە نەخشەی ناوچەکە بکێشێتەوە بەوەی خاکەکە تا دەگاتە کەرکوک بداتە فرەنسییەکان.[138] بڕیارەکەش یەکێ لە بڕیارە سەختەکان بوو، بەڵام لە کۆتاییدا بریتانیا بەم داوایانە قایل بوو، بەشی هەرە زۆریشی بۆ هەوڵوتەقەللای کیچنەر دەگەڕایەوە، ئەو کەسەی لەو بڕوایەدابوو پێویستییەکی

[137] Davis, Ends and Means, p. 107

[138] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920, p. 35

ستراتیژییه بۆ هەردوولایان دەستیان بگاتە دەریای سپیی ناوەڕاست، هەروەها بۆ ئەوەی فرەنسییەکان لە باکووری میزۆپۆتامیادا لە بەرانبەر ڕووسدا قیتیان بکاتەوە.[١٣٩] هەروەک هرتزل نووسی: "لەدەستدانی ویلایەتی موسڵ قوربانییەکی سەنگینە بۆ ئێمە... [بەڵام] ئەو چارەسەرییەی ئێستا دابەزینێکی بەرچاوی داوا بنەڕەتییەکانی مستەر پیکۆتە، ئیدی ئێمە سوپاسگوازی زۆری مارک سایکس قەرزدارین."[١٤٠] هەروەها مایەی سەرنجیشە ئەوە بگوترێ، کە بریتانیا لە کامبۆنی باڵوێزی فرەنسی سازشێکی لە نەوتی موسڵ دەستکەوتبوو، هەرچەندە وردەکارییەکەی دیارنەکرابوو.[١٤١]

لە ٣ی یانیوەری ١٩١٦دا ڕەشنووسێکی ڕێککەوتنەکە سازکرا، بەڵام چەندین هەموارکردنەوەی بەدوادا هات، زۆرینەشیان تێشکیان خستبووە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هەروەک ئیمتیاز (زێدەماف)ی هێڵی ئاسنین و

[١٣٩] یاداشتێک لە ٩ی ئەیلوولی ١٩١٦ لە ئارسەر بلفۆرەوە، " from E.L. Woodward and Rohan Butler, Documents on British Foreign Policy (London, 1952), series 1,vol. IV, p. 374

[1] Davis, Ends and Means, pp. 107-108; Marian Kent, Oil and Empire: British Policy and Mesopotamian Oil 1900-1920 (London, 1976), p. 122

[1] Stephen Longrigg, Oil in the Middle East: Its Discovery and Development (Oxford, 1961), p. 44; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920, p. 40

مافی بازرگانیکردن. ڕەشـــنووســـە فەرمییەکەش لە ٤ی شـــوباتی ١٩١٦ لە لایەن بریتانیا و لە ٨ی شـــوباتیشـــدا لە لایەن فرەنســاوە مۆرکرا. هەرچەندە پەســەندنامەی ڕوســی دەویســـــت تــا بەڵگەنــامەکە ببێتە بڕوانــامەیەکی قــانونی فەرمــانــبەردار. کەواتە لە بەرایــی ئــازاری ١٩١٦دا هەردوولایان، ســایکس و پیکۆ بەرەو پێترۆگراد ڕۆیشــتن تا مۆری کۆتــایی لە ڕێککەوتننامەکە بدەن.[١٤٢] دانوســـــانەکانی لەگەڵ ڕوسیا بە بەراورد لەگەڵ هی بریتانی و فرەنسی، بە شــێوەیەکی ڕێژەیی خێرا تێپەڕین و ئەوەندەی ئەوانیش چڕ و گرژ و خەست نەبوون.[١٤٣]

ڕوســـــیا لە ١٧ی ئازاردا وێڕای ئەو ناوچە تورکییانەی کە پێشـــــتر داگیری کردبوو هەروەک تەرابزۆن و ئەرزەروم، داوای خاکی زیاتریشـــــی کرد، ئەو ناوچەیەی دەوروبەری

---

[1] 3 Davis, Ends and Means[4], p. 108; Habibollah Atarodi[2], Great Powers, Oil and The Kurds in Mosul(Southern Kurdistan/Northern Iraq), 1910–1925 (Lanham, 2003), p. 24; کتێبەکەی ئــاتــارۆدی ئەم بــابەتەی تــاوتوێکردووەوە، بەڵام بەڵگەو ئەنجامەکانی لەخشـــتەبەرن و کتێبەکەی ئەو بەزۆری لەبارەی ســـەرچاوەی سەرەکییەوە تەمومژاوی و کورتهێنە.

[١٤٣] Davis, Ends and Means, pp. 108; لە ١٠٧ ئازاردا دانوســـــانی مۆریس پالیۆلۆگ Maurice Paleologueی باڵوێزی فرەنســی لە ڕوســیا بە دەنگی بەرزەوە بە ڕوسەکانی ڕاگەیاند، کە بریتانیا دەیەوێ ئەو ناوچەیەی دەوروبەری موســڵ ئەوەی لەگەڵ ئێران خۆی لێکدەداتەوە، "بدرێتە فرەنســا چونکە دەیانەوێ ناوچەیەکی دابڕ بێ لە نێوان ئەوان و ڕوسەکاندا هەبێ.

گۆلی وان لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا و هەموو ئەو ڕێیەی درێژ دەبووەوە تا دەگەیشتە سەر سنووری موسڵ.[١٤٤]

روسیا ڕێگەی بە فرەنسا دا ناوچەی دەستڕۆیشتووی خۆی لە ئاناتۆلیای باکووری ئەسکەندرونە درێژبکاتەوە و هەرچی لەبارەی شـارە پیرۆزەکانی فەلەسـتینیش بوو کە بەگوێرەی نەخشـــەی ئـامـادەکراوی بریتـانیـا بۆ بەنێودەوڵەتیکردن ئامادەکرابوو، ڕەزامەند بوو. لە ناوەڕاستی نیساندا سایکس بۆی کرا بە ڕاپۆرتێک لەندەن لە قایلنامەی ڕوسیا سەبارەت ئاڵوگۆڕی ناوچەکان ئاگادار بکاتەوە. بەم شـــێوە دوایین ڕەشـــنووســـی ڕێککەوتننامەکە لەنێوان هەرســـێ لایەندا لە ٢٦ی ئـایـاری ١٩١٦دا خرایە بەردەســــت. پـاشـــــان، داخوازییەکانی هەردوولای بریتانی و فرەنســـی لەبەرچاوی کـاربەدەســـتـان دەرکەوت زیـاتر لەیەک دەچن لەکـاتێکـدا بریتانییەکان بەشـــێوەیەکی تایبەت هەموو ئەو ئامانجانەیان بەدیهێنابوو، کە کۆمیتەی بنسن لە بۆ پاراستنی بەشی هەرە گەورەی موســڵ کێشــابووی. لەگەڵ ئەوەشــدا وەنەبێ هەر بەتەنیا ڕێککەوتننامەی ســایکس-پیکۆ بەڵێنێکی نهێنی بووبێ، بەوەی بریتانی لەو قۆناغەدا لە ئەستۆی خۆی گرتبێ.

---

[١٤٤] هەمان سەرچاوە ل ١٠٨

## بەڵێندان بە شەریف حوسێن

لەکاتێکدا دانوســـــتان لەنێوان هێزەکانی هاوپەیمان لەکایەدا بوو، بریتــانیــا لەنێوجەرگەی هەڵوەدابوونی پشـــــتگیریی عەرەبدا بوو. لە هەمووشــــی ســـەرنجڕاکێشـــتر ئەو نامە و نامەگۆڕینەوانەی لەنێوان ماکماهون و حوســـــێندا بوون، کە لە تەمموزی ١٩١٥ەوە تا ئازاری ١٩١٦دا درێژەیان کێشـــا.[١٤٥] حوســــێنی کوڕی عەلی میری مەککە بوو، ئەو وەهــای خۆدەردەخســـت کە تۆرەمەی بۆ ســــەر محەمەد پێغەمبەر دەگەڕێتەوە و هەژمونێکی بەرچـاوی لە هەرێمی حیجـازدا هەبوو. خۆنزیککردنەوەی ئەو لە کۆمســـیاری باڵای بریتانی لە میســــــر، کە هینری مـاکمـاهون بوو لە ڕێی عەبـدوڵڵای کوڕییەوە بوو، ئەمەش لە تەموزی ١٩١٥ەوە بە زنجیرەیەک گفتوگۆ دەستی پێکرد تا سـەریکێشـا بۆ "شـۆڕشـی عەرەبی" بەنـاوبـانـگ.[١٤٦] لە هەمووشـــــی گرنگتر بۆ ئەم بـابەتە ئەو

---

[١٤٥] هەوڵوتەقەللای بریتانی بۆ کێشـــکردنی عەرەب هەروەک دواتر باســـیان لێوەکرد، لە ئێوارەی بەر لە لەشکرکێشی بوو بۆ سەر بەسرا لە نۆڤێمبەری ١٩١٤، ئەم هەولانەشـیان بریتیبوون لە نزیکبوونەوە لە ســەرۆک هۆزەکانی کەنداو هەروەک شێخی موحەمەرە لە ویلایەتی بەسرادا.

[1] Kedourie, England and the Middle East , pp. 36–38; Elie Keduorie, In the Anglo–Arab Labyrinth: The McMahon–Husayn Correspondence and its Interpretations (London, 1976), p. 4; لێترەدا کیدوری تێکۆشاوە بە درێژی باسـی ڕێککەوتننامەی سـایکس–پیکۆ بکا، بەڵام زۆر وردەکارانەتر باسـی لە بەڵێنەکانی بریتانیا بۆ شەریف حوسێن کردووە.

بەڵێنـانەی بریتـانی بوون، ئەوانەی لەبـارەی خـاکەوە بە حوسێنی کوڕی عەلی درابوون.

عەبـدوڵڵا بە نوێنەرایەتیی بـاوکی لەبەردەم بریتـانییەکـانـدا پرسـی سـەربەخۆیی دەوڵەتێکی عەرەبی وروژاند. ئەو لە قسـەکـانی خۆیـدا بـاسـی ئەوەی کرد؛ حکومەتی نوێی عوسـمانی بە سـەرۆکایەتی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی، "هـاوئـاواز نییە لەگەڵ بـاوکم" و "خۆ ئەگەر ئەو ئیتحـاد و تەرەقییە نـاچـارمـان بکەن بەوەی بەرگری لە وڵاتەکەمـان بکەین، ئەگەر ئێوەش ڕێگەیان لێبگرن بەوەی کەناراوەکانمان بۆمبـاران بکەن و هێز دابەزێنن... ئەوا کـارئـاسـانی بۆ بازرگانیتان دەکەین لە هەموو هێزەکان بە باشترتان دەزانین و پێشـنۆرەییتان دەدەینێ."[47] ئەم پێشـنیازە دەرفەتێکی بۆ بریتانییەکان ڕەخسـاند تا بگەنە ئامانجە سـەرەکییەکانیان، دەرفەتێک لە دەسـتپێکی هەڵمەتی لەشـکرکێشـی بۆ سـەر میزۆپۆتامیاوە نەڕەخسابوو، بۆ ئەوەی تیختیخەی شۆڕشی عەرەبە لایەنـدارەکـانی بریتـانیـا لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بدەن.

[47] Keduorie, In the Anglo-Arab Labyrinth, pp. 4 & 9-10

ڕەوتی بەڕێوەچوونی گفتوگۆی نێوان بریتانیا و حوسێن درێژ و ئاڵۆزیش بوو.[١٤٨] ڕوانگەی بنەڕەتی حوسێن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەرەبی زۆر لە پانتایی خاکی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەگرتەوە، "لەباکوورەوە دەگەیشتە مێرسین و ئەدەنە تا دەگەیشتە هێڵی پانی ٣٧... و تا سنوورەکانی ئێران؛ لە ڕۆژهەڵاتیشەوە سنووری ئێران تا کەنداوی بەسرا."[١٤٩] هەڵبەت ئەمەش ناکۆک بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەریەک لە بریتانیا و فرەنسا، کە ئەوکات لە پێواژۆی بەرەوپێشبردندا بوو. هەرچۆنێک بێ، لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٥دا ماکماهون ڕوونکردنەوەی بۆ حوسێن نووسی، بەوەی داواکانی لەسەر خاکەکە هەموار بکرێتەوە بەڵکو کەناراوی خۆرئاوای سووریای لێدەربهاوێژرێ و "کارهەڵسوڕاندنێکی تایبەتیش" لەبارەی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا بدرێتە بریتانیا، موسڵیش لە ناوهێناندا

[148] بۆ بەقوولی ڕوانینە نامە و نامەگۆڕینەوەی حوسێن- مەکماهوون بڕوانە: George Antonius, The Arab Awakening: The Story of the Arab National Movement (New York, 1946); Eli Kedourie’s In the AngloArab Labyrinth; Elie Kedourie, The Chatham House Version and Other Middle Eastern Studies (Chicago, 2004); chap. 2; Efraim Karsh and Inari Karsh, Empires of the Sand (Cambridge, 1970).

[140] “Note from Sharif Husayn, July 14, 1915,” from J. C. Hurewitz, Diplomacy in the Near and Middle East: A Documentary Record 1912–1956 (Princeton, 1956), vol. II, p. 14

پشتگوێخرا، ئینجا "بریتانیای مەزن ئامادەیە دان بە سەربەخۆیی عەرەبدا بنێ و پشتیوانیشی بکا."[150] خۆ ئەوەش بۆ عەرەب پێویست بوو جەنگ لە دژی ئیمراتۆریەتی عوسمانی ڕابگەیەنن و ڕاوێژکارە فرەنسییەکانیش لە بەشێکی سەر خاکەکەیان بپەژرێنن.[151]

لە ١ی یانیوەری ١٩١٦دا حوسێن زۆر لە پێشنیازەکانی ماکماهونی پەسەند کرد، هەرچەندە ئەوەشی بەتەواوی ڕەتکردەوە کە بەیرووت لە نێو سنووری دەوڵەتە پێشنیازکراوەکەی دەربهێنرێ، پێی باش بوو هەر بەتەنیا واز لە هەرێمەکانی مێرسین و ئەدەنە بهێنێ.[152] ئەوەی

---

[150] تێبینییەکی سێر هنری ماکماهون لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٥، لە Hurewitz, Diplomacy in the Near and Middle East, vol. II, p. 15 وەرگیراوە.

[151] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p.28; Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 194; لێرەدا هەندێ سەرلێتێکچوون لەبارەی پرس و خەمی ڕاوێژکارەکانی فرەنسی هەیە، ئاخر ماکماهون لەو بڕوایەدا بوو عەرەب ڕاوێژکاری فرەنسییان نەویستووە، لەکاتێکدا سایکس لە ڕاپۆرتی خۆیدا نووسیویەتی کەوا نوێنەری حوسێن پێی قایل بووە. فرۆمکینیش پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کەوا ئەو دابەشبوونە لەسەر بنەمای جیاوازی ڕوانی سیاسییانەی نێوان ڕاوێژکارانی بریتانیا بووە.

[152] تێبینینامەی شەریف حوسێن لە ١ی یانیوەری ١٩١٦، لە m Hurewitz, Diplomacy in the Near and Middle East, vol. II, p. 16; Elizebeth Monroe, Britain's Moment in the Middle East 1914–1971 (London, 1981), p. 32; Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 29 دەرهێنراوە.

مایەی ســــەرســـــامی بوو، ئەمە وای لە ماکماهون نەکرد ڕێککەوتن لەگەڵ حوسـێندا نەکا، ئەوەبوو لە ٢٥ی یانیوەری هەمان ســـاڵدا ماکماهون بۆ حوســـێنی نووســـییەوە کەوا؛ "ئەوپەڕی مایەی خۆشـحاڵی و ڕەزامەندیمانە گەیشـتووینەتە لێکتێگەیشـــتنێکی خوازراو."[١٥٣]هـاوکـاریی نێوان هەردوو لایەن لەسـەر شـۆڕشـە نەخشـە بۆکێشـراوەکە بەردەوام بوو بێ ئەوەی پێناســـەیەکی ڕوون بۆ دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ دیـاری بکرێ کە پێـدەچوو بێتەدی. تۆ بڵێی ســـنووری دەوڵەتەکە بەیروتیشـــی گرتبایەوە؟ ئاخۆ حوســـێن دەیزانی ســـنووری باکووری واتە موســـڵ خراوەتە بن دەســـەڵاتی فرەنســـی؟ حوســـێن لە زۆر ڕووی ڕێککەوتنی بریتانی و ســـروشـــتی دژبەیەکی بەڵێنەکـان پێنەگوترابوو، هەر لە تاریکیدا هێڵرابووەوە، دەکرا ئەمەش ببێتە مایەی ڕەخنەگرت لە ڕێککەوتننامەی سـایکس –پیکۆ هەروەک فشـارێکیش بێ بۆ کشانەوە لێی.[١٥٤]

---

[١٥٣] تێبینینـامەی ســـێر هنری مـاکمـاهون لە ٢٥ی یـانیوەری ١٩١٦دا لە m Hurewitz, Diplomacy in the Near and Middle East, pp. 16-17; Keduorie, In the Anglo-Arab Labyrinth, p. 121 دەرهێنراوە.

[١٥٤] قەدوری لە کتێبی In the Anglo-Arab Labyrinth ڕوونکردنەوەیەک لەبـارەی تەمومژاوی دەوری نـامەگۆڕینەوەکـانی مـاکمـاهون-حوســـێنیـان گرتبوو دەخاتەڕوو، بەوەی هەردوو پیاوەکە لەســەر جۆرێک لە ســتراتیژیی هەڵخەلەتاندنی ئەویدیکە کاریان کردووە بۆ ئەوەی پشـــتگیری ئەوانیدیکە بەدەســت بهێنن. بەگوێرەی فرۆمکینیش بێ پێویســتی بە جۆرێک لایەنگرتنی یـاخیبوونی حوســـێن هەبوو لەپـاڵ ئەمە بریتـانییە بۆ ئەوەی خۆی لە

## گرتنی موسڵ

لەکاتێکدا حکومەتی بریتانی گەنگەشەی لەبارەی سیاسەتێکی تایبەت بە موسڵ دەکرد و خەریکی دارشتەیەک بوو بۆ ئەوێ و ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی، هەر لەو کاتیشدا هەڵمەتی لەشکرکێشیی سەربازیی بۆ سەر میزۆپۆتامیا لەپێناو دەستکەوتی زیاتر لەسەر خاک درێژەی هەبوو. دوای داگیرکردنی بەسرا لە ٢٢ی نۆڤێمبەری ١٩١٤دا، هێزەکانی بریتانی لە پێشڕەوی زیاتردا بوون بەرەو ویلایەتی بەغدا. ڕەوتی لەشکرکێشییەکە لەبەر بەرەنگاریی زۆر و نوشستی بەرچاو هێواش دەڕۆیشت، بەڵام لە کۆتاییدا و لە ١١ی ئازاری ١٩١٧دا هێزی بریتانی بەغدایان گرت و خەریکی قایمکردنی دەسەڵاتیان بوون.[١٥٥] هێشتا نەخشەی داگیرکردنی موسڵ چەکەرەی نەکردبوو و تا ئەو ڕادەیەش فەرماندە سەربازییەکان نیگەران بوون لەوەی موسڵ خرابووە ژێر قەڵەمڕەویی فەرەنسییەوە. هەڵبەتە ئەوەش واتای ئەوەی نەدەگەیاند، کە فەرماندە سەربازییەکان موسڵ

---

سەروسەودای عوسمانییەکان بپارێزێ. بڕوانە؛ Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 185.

[١٥٥] بۆ زانیاری تەواو لەبارەی لەشکرکێشییەکە بڕوانە: F.J. Moberly, History of the Great War based on Official Documents: The Campaign in Mesopotamia 1914-1918 (London, 1927), vol. I-IV; vol. IV کە بە شێوەیەکی تایبەت تیشک خستووەتە سەر لەشکرکێشییە بۆ سەر موسڵ.

پشتگوێ بخەن؛ ئاخر پێشتریش لە میانەی کردەی سەربازیی بریتانی لە باشووری میزۆپۆتامیاوە، عوسمانییەکان موسڵیان وەک بنکەیەکی کردەوەکانیان بەکاردەهێنا، ئاخر ئەگەر ڕێگەیان بدرێ درێژە بە قایمکاریی قەڵا و چەپەری بەرگرییان بن لەدژی هەردوولای بریتانی و ڕوسی، ئەوا دەکرێ ئەو توانستەشیان هەبێ تا دەست لە ئێرانی دراوسێشیان بوەشێنن.[156]

کاربەدەستانی بریتانی بیریان لە پلانگەلێک کردەوە بەڵکو بە یارمەتی ڕوسەکانەوە هێرش بکەنە سەر ویلایەتی موسڵ، هەندێک لەو کاربەدەستانە پێیان باشتر بوو ڕوسەکان موسڵ بۆ خۆیان ببەن بۆ ئەوەی دەرەتانێک بۆ بریتانیا بێتە پێشەوە ژمارەی هێزەکەی کەم بکاتەوە.[157] تەنانەت بەبێ یارمەتیی ڕوسەکانیش هێشتا کاربەدەستانی بریتانی لە نرخاندنی شایستەبوونی دەستبەسەرداگرتنی موسڵدا بوون: "گرتنی موسڵ بوو لەگەڵ بەزینی سوپای هالی Hali's army هاوئاواز، ئەمەش زەبرێکی کوشندە بوو لە شکۆی تورک و بووە مایەی ئەوەی سوپای تورک ڕووبەرێکی

156 William Marshal, Memories of Four Fronts (London, 1929), p. 248; Moberly, History of the Great War, vol. IV, pp. 12–14; Mohammad Gholi Majd, Iraq in World War I: From Ottoman Rule to British Conquest (Lanham, 2006), p.342

157 Moberly, History of the Great War, vol. IV, p. 3;

گەورەی لە خاکێکی بەپیت و فەڕ لەدەست بدا، کە تا ئەوکات سەرچاوەی بەشی سەرەکی ئازوقە و خۆراکیان بوو."[١٥٨] لەگەڵ ئەوەش پێشڕەوی هێزی بریتانی لە تواناندا نەبوو تا هێڵی ئاسنینیان لە سامەڕاوە بەرەو باکوور ڕانەکێشا.[١٥٩]

لە یەکشەممەی ١٨ی نۆڤێمبەری ١٩١٧دا، ژەنەڕاڵ ستانلی مۆد Stanley Maude، فەرماندەی بریتانی و هێزی هیندی لە میزۆپۆتامیا بە دەردی کۆلێرا مرد. ئەمەش وایکرد ژەنەڕاڵ ولیام مارشال William Marshall جێگەی گرتەوە، کە لەکاتی خۆیدا تەواوی میزۆپۆتامیا داگیر بکرێ.[١٦٠] لەکاتی وەرگرتنی پێگەکەی، لە دەسەڵاتی باڵا و لە لەندەنەوە فرمانی بۆ هات بارەگایەکی بەهێز و دەسترۆیشتوو لە بەغدا دابمەزرێنێ، ئەمەو "لەکاتێکدا پێگەی مەڵبەندییەکەی خۆی لەوێ و باڵادەستی لە ڕووی فەرماندەیی سەربازیی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێک دەرفەت بوو دەست لە دوژمن بوەشێنێ و سەرکەوتوو بێ."[١٦١] لە بنەڕەتەوە ئەرکی مارشال ئەرکێکی بەرگرییانە بوو، بەڵام لە ڕێنمایەکاندا ئەوە ڕوون بووەوە، کە دەرفەتی پێشڕەویکردنی بۆ کراوەتەوە. هەروەها ڕێگەی پێدرا

---

[١٥٨] یاداشتێکی ژەنەڕاڵ گیلمان، لە ٦ی شوباتی ١٩١٨، CAB/24/4

[١٥٩] Moberly, History of the Great War, vol. IV, p. 16; تەنانەت ژەنەڕاڵ مۆد لە بیری هەڵسەنگاندنی یارمەتیدانی پێشڕەوی ڕوسیش دابوو.

[160] Marshal, Memories of Four Fronts, pp. 259–260;

[161] Moberly, History of the Great War, vol. IV, p.87

یــارمەتی ئەگەری هەر پێشـــڕەوییەکی ڕوســـی بۆ نێو هەرێمەکە بدا.

هەر زوو مارشال دەستبەکار بوو، فەرمانی دەرکرد لەسەر ســـنووری موســـڵ هێز بجوولێنێ و جێگەی خۆی بگرێ، تەنانەت بۆ ئەم کارە بەتالیۆنێکی ڕوســـیشـــی وەک هێزێکی پشـــتیوان بەکارهێنا.[١٦٢] مارشـــال بەنیاز بوو لە بەرایی مانگی شوباتی ١٩١٨دا هێرش بکاتە سەر موسڵ، بەڵام زۆر بەئاگا بوو لە ســـەختی گەیشـــتن بە خـــاک و ڕێگەوبـــانی و زەحمەتییەکانی لەبارەی گەیاندنی ئازوقە و یارمەتی گەیاندن و هەر کـــارێـــکـــی لەم جـــۆرە ڕووبەڕووی دەبـــوونەوە.[١٦٣] ئەمەش بە ڕوونی لە ئایاری ١٩١٨دا دیاربوو کاتێ فەرمانی بۆ گرتنی کەرکوک پێگەیشـــت. ئەو لە ڕۆژی حەوتی ئایار ئەو ئـامـانجەی بۆی دیـاریکرابوو بەدی هێنـا، بەڵام زۆری پێنەچوو لەبەر ئاستەنگی گەیشتنی ئازوقە و لەبەر کورتهێنێ

[١٦٢] Marshal, Memories of Four Fronts, p. 266 ئەو بەتـالیۆنەی ڕوســـی لە ئێرانەوە هات بە فەرماندەیی کۆلۆنێل بیخاراکۆڤ Bicharakov (قۆشـــەنێکی پارتیزانســـکی) لەژێر فەرماندەیی مارشـــالدا لە میزۆپۆتامیادا جەنگا. هەر بۆ نموونە ســـەربازانی ڕوس لەپاڵ هێزی بریتانیا لە جەبەل حەریم Jebel Harim (پێم ڕاست نەبووەوە مەبەستی چیای حەمرینە یان نا. وەرگێڕ) لە دیســـێمبەری ١٩١٧ جەنگاون و چەندین پاداســـتی شـــەڕەفی جەنگانیشیان وەرگرت.

[1] Marshal, Memories of Fo[3]ur Fronts, p. 286

له هێزی ســـــه‌ربازییدا له شـــــاره‌كه‌دا كشـــــایه‌وه.[١٦٤] هیچ شـاڵاوێكی دیكه‌ی بۆ گرتنی شـاره‌كه نه‌كرد تا هێڵی ئاسـنین بۆ تكریت لێنه‌درا و به‌رده‌ست نه‌بوو.[١٦٥]

چه‌ند جه‌نگه‌كه له كۆتاییه‌كه‌ی خۆی نزیك ده‌بووه، ئه‌وه‌نده‌ی دیكه كاربه‌ده‌ستانی بریتانی وه‌ك سـێر پرسـی كۆكس Sir Percy Coxی كۆمسیاری باڵای ئیداره‌ی مه‌ده‌نی له عێراق و ئارنۆلد ویلســـن Arnold Wilson بۆ گرتنی موســـڵ په‌رۆشـتر ده‌بوون. هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ش زیاتر ڕوون ده‌بووه‌وه كه یارمه‌تیدانی ڕوســـه‌كان وه‌ك مارشـــال لێدوانی دا، به‌رجه‌سـته نه‌بوو: "ئێسـتا سـوپای ڕوسـی له ئێران تووشـی به‌ڵایه‌ك بووه پێی ده‌گوترێ به‌لشـــه‌فیزم، ئیدی پیاوه‌كانیان به كۆمه‌ڵ له ڕیزه‌كانی ســـوپا هه‌ڵده‌گه‌ڕێنه‌وه."[١٦٦] ته‌نانه‌ت هێزی پشـتیوانی خۆجێیش كه به‌شـێوه‌یه‌كی ڕێژه‌یی بچكۆله بوو، هه‌روه‌ك سه‌ركرده‌ی ده‌سترۆیشتووی خێڵه‌كی كوردی شـــێخ مه‌حمود بۆ پێشـــڕه‌ویكردن به‌ره‌و موســـڵ،[١٦٧] هه‌ر

[1] Marshal, Memories of Four Fronts, p. 302, Moberly, History of the Great War, vol. IV, p. 167; Sir Arnold Wilson, Mesopotamia 1917–1920: A Clash of Loyalties (London, 1931), p. 9

[1] Marshal, Memories of Four Fronts, p. 318 5

[١٦٦] هه‌مان ســه‌رچاوه، ل ٣١٨؛ له ینایری ١٩١٨دا قشـوونه‌كه‌ی ڕوســی له‌ژێر فه‌رمانده‌یی بریتانا له‌سه‌ر بڕیاری فه‌رمانده‌كانیان گه‌ڕایه‌وه ئێرانێ.

[١٦٧] هه‌روه‌ك له په‌یوه‌ندیی نێوان مه‌كماهون و شـــه‌ریف حوســـێن و پاشـــان هاوكاریی ســـه‌ربازی بۆ كوڕانی ئه‌میری مه‌ككه (عه‌بدوللا و فه‌یســـه‌ل) بۆ

پێیـدەکرا یـارمەتییەکی کەم پێشـــکەش بکـا.[١٦٨] ئیـدی ئەم ڕەوشـــە بۆ دەوڵەتمەدارانی زۆر ڕوون بوو بەوەی ئەگەر بریتانیا یان هەر هێزێکی هاوپەیمان بۆ ئەم مەبەســتە لەهەر تەداروکێکی پاش جەنگەدا دەســت بەســەر موســڵدا بگرێ، ئەوا لەسەر بریتانیا پێویستە دەستی بەسەردا بگرێ و هەر بریتانیاش بەتەنیا بیپارێزێ.

ســەرکەوتنی ژەنەڕاڵ ئەلنبی لە ســوریا پێگەی مارشــالی لە میزۆپۆتـامیـا بە پـاراســـتنی لابـاڵەکەی و بە تەواوکردنی

---

گرتنی شام دەرکردنی تورک بوو، هەڵبەت هەردەبێ مەجەکانیشیان بۆ شێخ مەحمودی مەزنیی کورد هەر هەمـان مەرج بووبێ. لە ئەنجـامـدا میرەکـانی عەرەب ئەگەر بەتەواویش نەبێ، ئەوا لەڕێی ئەوەی پێی دەگوترێ شـۆڕشـی عەرەب لە ١٩١٦دا توانیان عوســمانییەکان لە عەرەبســتان و دواتر لە شــام وەدەرنێن و لە پاداشـتیشـدا دوو تەختی دوو پاشـایەتی ئوردن و عێراقییان پێبڕا، کەچی مەلیکی کوردســـتـان لە تـاقیکردنەوەی دەرکردنی تورک دەرنەچوو، چونکە ڕووداوەکان دواتر ســـەلمێنەری ئەوە بوون چۆن کەوتە بن باندۆری ئەفســەرێکی تورک، بەناوی شــەفیق عەلی(ئۆزدەمیر) لە ڕواندز. وەرگێڕ

[١٦٨] Gertrude Bell, Review of the Civil Administration, 1914–1920, Cmd. 1061, 1920, p. 47; شـێخ مەحمود هەر زوو پەیوەندی بە بریتـاننییەکـانەوە کرد و وەک نوێنەری بریتـانیـاش لە ســـلێمـانی دانرا. بریتانیا هیوای بەوە بوو بەڵکو شــێخ مەحمود بتوانێ بەتەواوی ئاســایشــی نێوخۆیی دابین بکا، لەکاتێکدا شــێخ مەحمودیش لەوبڕوایەدا بوو کە بریتانیا ئۆتۆنۆمییەکەی ئەو مســـۆگەر بکا. لێ هیچ کامیان بە گوێرەی نەخشـــەکە نەڕۆیشــتن. بۆ وردەکاری زیاتر لەبارەی شـێخ مەحمود بڕوانە: Abdul-Rahman Idris Saleh Al-Bayatti, Al-Barazinji and British Influence in Iraqi Kurdistan Until 1925 (London, 2005); تێبینی: دوا سەرچاوە بەتەنیا بە زمانی عەرەبییە.

درێژکردنەوەی هێڵی ئـاســــنین بۆ تکریـت بەهێز کرد و وایلێکرد پێشــرەویکردن بۆ موســڵ و گرتنی مەیســەر ببێ.[169] لە کۆتاییدا و لە ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا ژەنەڕاڵ مارشــــاڵ بروسکەیەکی پێگەیشت بۆ ئەوەی تاپێی دەکرێ ئەو خاکەی بەرەو ئاراســــتەی موســــڵ بگرێ.[170] مارشــــالیش خێرا و لێهاتووانە جووڵا، لە ٢٥ی ئۆکتۆبەردا کەرکوکی گرتەوە و لە ٣٠ ئۆکتۆبەریشدا گەیشتە نزیک موسڵ. ئیدی موسڵ تا ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ کەوتە بن چەنگی هێزەکانی بریتانی، ئەمەش لەوکاتەدا بوو کە ئاگربڕ لەگەڵ دەوڵەتی عوســمانی لە کایەدابوو. کاری دوژمنکارانە لەنێوان هەردوولادا وەستا، کەچی هێشتا پرسی چارەنووسی موسڵ یەکلانەکرابووەوە.

هەر مــارشـــــاڵ بە خۆی لە ١ی نۆڤێمبەرەوە بە هەواڵی ئـاگربڕەکەی زانی و وردەکـارییەکەشــــی بۆ ڕۆژی دوایی پێگەیشـــــت.[171] بە گوێرەی ئاگربڕەکە بووایە؛ "هاوپەیمانەکان بۆیان هەبوو هەر خاڵێکی ســــتراتیژی بگرن،" لەوەش پتر، مارشــاڵ فەرمانی لە وەزارەتی جەنگەوە پێگەیشــت بەوەی

[169] Bell, Review of the Civil Administration , pp. 48; Majd, Iraq in World War I, pp. 343-345; Marshal, Memories of Four Fronts, pp. 318

[170] Marshal, Memories of Four Fronts, p. 318

[171] Marshal, Memories of Four Fronts, p. 323; Wilson, Mesopotamia 1917-1920, p. 20

موسڵ داگیر بکا.[172] مارشـال لە ٧ی نۆڤێمبەر گەیشـتە موسڵ و گفتوگۆ لەنێوان خۆی و فەرماندەی عوســـمانی بە ناوی عەلی ئیحســان دەســتیپێکرد. مارشــال بە باشــترین شــێوە نــاوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی پوخــت کردووەتەوە؛ "عەلی ئیحســان لە بەڵگەوبەندەکانی زۆر ئاوقاتانە و کەمۆیانە بوو، بەڵام من ئامادەی ئەو هەموو مشــتومرە نەبووم و پێمگوت، هەرچەندە ئەو حەز دەکا مەرجەکان (ی ئاگربەســـتەکە) بخوێنێتەوە، بەڵام من ســـووربووم لەســـەر گرتنی تەواوی ویلایەتی موســـڵ."[173] ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، ســـەرباری هەندێ تاکتیک وەخران کە لەلایەن عوســـمانییەکەوە بوو، ئیدی موســـڵ بەشـــێوەیەکی کارایە بووە بەشـــێک لە هی هاوپەیمانان خۆ ئەگەر وەک پێویســـتیش بە خاکی بریتانیا لەقەڵەم نەدرابی.[174]

---

[172] Moberly, History of the Great War, vol. IV, p.326; مارشالیش دەستبەجێ فەرمانی بە داگیرکردنی موسڵ دەرکرد، بەڵام بەهۆی کردەوەی ژەنەڕاڵ کاسلس Cassels و کۆبوونەوەی لەگەڵ فەرماندەی عوسمانی، لە خوێنڕشتن دوورکەوتنەوە.

[173] Marshal, Memories of Four Fronts, p. 324; هەروەها مارشــال ئەوەشی گوتووە دوای ئەوە عەلی ئیحسان لەهەر خوێنڕێژییەک بەرپرسە.

[174] هەمان ســەرچاوە، ل ٣٢٦؛ عەلی ئیحســان دانی بە دەســەڵاتەکەی مارشــالدا نەنا و دەســـتی لە پێگەکەی کێشـــاوە، ئیدی دەبووایە فەرماندەی بریتانی چاوەڕێ بکا تا یەکێک جێگەی دەگرێتەوە.

**چاوی باهۆز**

دەوڵەتی عوسمانی بە چوونەپاڵ ئاڵمان لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، ڕووی سیاسەتی بریتانیای بە لای خۆیدا وەرچەرخاند، بەڵام وەرچەرخانەکە ڕووی لە ویلایەتی موسڵ نەکرد. بریتانیا بە داواکردنی ڕوسیا بۆ کوستەنتینەپول و پێویستی بە پەسەندکردنی هەموو داوایەکی هاوپەیمانەکانی بوو بۆ بردنەوەی جەنگەکە، بۆیە وازی لە سیاسەتی نەریتییانەی خۆی دەرهەق یەکانگیریی دەوڵەتی عوسمانی هێنا و ئەویش بەدوای دابەشکردنیدا گەڕا. بریتانیا بۆ خۆئامادەکردنی بۆ گفتوگۆکانی دانوستاندن لەگەڵ هەریەک لە فرەنسە و ڕوسیا، لە نێو خۆیاندا زنجیرەیەک دانیشتنیان کرد بۆ ئەوەی داخوازییەکانیان لەبارەی دەوڵەتی عوسمانییەوە بخەنە بەرباس و تاوتوێی بکەن. هەروەک زانراش کۆمیتەی بنسن وردەکاری خواست و نیازی بریتانییەکانی لە ڕووی خاک و ستراتیژییەوە هێنابووەگۆ. موسڵیش لەنێو ڕەوتی باسوخواسەکاندا پرسێکی ناکۆکییان بوو. لەکاتێکدا هەمو کاربەدەستان لەسەر ئەوە کۆک بوون بەسرا و بەغدا داوابکەن و بیانخەنە ژێر قەڵەمڕەویی خۆیانەوە، کەچی لەبارەی موسڵەوە چیرۆکەکە جیاواز بوو، ئەمەش لەبەر دوورییەکەی و لەبەر مانەوە و پاراستنی بە هێزێکی زۆرەوە لەوێ. لەبەر ئەوە زۆرینەی کاربەدەستان مەیلیان بەلای داواکردنی موسڵیشدا

هەبوو چونکە مرخییـان لە دەرامەتی دابینکردنی نەوت و توانسـتە کشـتوکاڵییەکەی خۆشـکردبوو. هەرچەندە هۆکاری بڕیاردەر کە ڕێنوێنیی سیاسەتی بریتانیا لەبارەی ڕووکردنە موسـڵ و ڕۆژهەڵاتی ناوین بەشـێوەیەکی بەرفراوان لایەنی ستراتیژی بوو.

کاربەدەسـتانی بریتانی بە یەکدەنگی لەسـەر دوو شـت کۆک بوون، هەم لەسـەر داواکردنی موسـڵ و خسـتنە ژێر کێفی خۆیانەوە کە ئەم کارە بۆ دابینکردنی ئاسـایشـیان لە ناوچەکەدا گرنگ بوو، هەم بۆ ئەوەی پرسـەکە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی عەرەب پەرەبسـەنێ. بریتانیا لە ڕوانگەی پەیدابوون و تەقینەوەی ناکۆکی و ململانێی لەگەڵ ڕوسـیا، بەدوای ئەوەدا گەڕا ناوچەیەکی دابڕ لەنێوان خۆی و ڕوسیا دابین بکا، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو چاوتێبڕینە نەریتییانەی ڕوسـیا بۆ سـەر خاکی دەوڵەتی عوسـمانی هەبوو. سەرباری ئەوەش بۆ پشتیوانی زیاتر و بەرگریکردن لە پێگەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویدا، ئەوە بوو کاربەدەسـتانی بریتـانیـا بەتـایبەتیش کیچنەر و ئەنـدامـانی ئەدمیرالییەکەی چاویان بڕیبووە بەندەرێکی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست.

ویلایەتی موسـڵ بۆ ئەم مەزنـدەیە هەر دوو بـارەکەی دەهێنـایە دی، **لە سـەرێکەوە بەو زنجیرە شـاخـانەی باکوورییەوە بەرەیەکی سروشتی پێکدەهێنا، هەروەک چۆن**

**سەرچاوەی دەرامەتێکی دەوڵەمەندی ستراتیژییش بوو بۆ توانستی یەدەگی نەوت.** ئیدی کاربەدەستان بەوە قایل بوون موسڵیش بخەنە لیستی داخوازییە لەپێشەکانی بریتانیا، بەڵام بەدەستکاریکردنی خاکەکەی بەوەی لە لای باکوورەوە ڕێگە بە فرەنسییەکان بدرێ ناوچەیەکی دابڕ بۆ خۆیان داگیر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە موسڵ خاکێکی خوازراو بوو بۆ بریتانیا، کەچی ئەوان لە کاتی جەنگەکە و لە جموجۆڵیی دیپلۆماتییان لە ئەورووپا و ئامانجە سەرەکییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە سەرووی بەرژەوەندییەکانیان بوو لەبارەی موسڵەوە. ئەمەش لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا ڕەنگی دایەوە، هەر لەبەر ئەوەی داوای بەندەرێک لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستدا بکەن و ناوچەیەکی دابڕیش لەنێوان خۆیان و ڕوسەکاندا پەیدابکەن، ئیدی لەم کەینوبەینەدا ویلایەتی موسڵ بۆ ناوچەی قەڵەمڕەویی فرەنسییەکان وازیلێهێنرا. کەواتە بەم چەشنە ئێمە بینیمان کە بڕیاڕداڕێژەرانی بریتانی پێشتر و لە میانەی هێڵی ئاسنینی بەغدا لە کاردانەوەیان بۆ دیمەنی سیاسییانە لە ئەوروپا و تەداروکی سیاسەتیان لە موسڵ و میزۆپۆتامیادا ڕێک لەگەڵ ئەو وێنەکەدا دەهاتەوە.

هێشتاش پرسی موسڵ بە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ کۆتایی نەهات. بریتانییەکان لەسەروبەندی هەمان کاتی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا، ڕێککەوتننامەی دژبەرییان

لەگەڵ عەرەبە پشـــتیوانەکانیان گرێدا. لەوەش پتر، یەکێ لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی ڕێککەوتننامەکە کە ڕوســـیا بوو، لەمیانەی جەنگەکە ڕوخا؛ ئەمەش وایکرد هەموو هێزەکانی خۆی بکێشـــێتەوە، ئیدی بە تەواوی بنکەی ئەو بنەمایەی هەڵوەشاندەوە، کە بەگوێرەی ئەوەوە بریتانیا دەستبەرداری موســـڵ بووبوو. لە دواییشـــدا بریتانیا دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە هێزەکانی عوسمانی ناچارکرد لە ویلایەتی موسڵ بکشـــێنەوە و خۆی داگیری کرد، بەمەش هەموو پرســـێکی لەبارەی ئایندەی موسڵدا بە کراوەیی هێشتەوە.

# بەندی ٣

## موسڵ و بەرژەوەندییەکانی بریتانیا

کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان لە ١٩١٨دا لە مێژوودا ساتێکی وەرچەرخان بوو، کۆتاییهاتنی جەنگەکە ئەم شتانەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا؛ ڕووخانی چوار ئیمپراتۆرییەتی جیهان، دابەشکردنی خاک و پاشەکشەی باری ئابووری.[١٧٥] هەرچی لەبارەی خاک و ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانییش بوو، سیستمێکی نوێ هاتەپێشەوە، سیستمێکی نەناسراو، کە لە ڕێی بەرژەوەندیی زلهێزە بیانییەکانەوە شەقڵ و دارشتەی خۆی وەرگرت. ئاگربڕ و پێشهات و پەرەسەندنەکانی دانوستان هەر یەکسەر لە دوای جەنگەکەدا ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە شەقڵپێدانی ئایندەی هەرێمەکەدا بینی؛ هەرگیزیش ئەوە ڕوون نەبوو ئاخۆ بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا. دەوڵەتمەدارانی هێزەکانی هاوپەیمان لەسەر دابەشکردنی خاک، لەسەر مافی بازرگانی و زێدەمافەکان کێبڕکێیان بوو، بڕوایان بەوە هەبوو ئەوان شایستەی ئەو دەستکەوتانەن چونکە بە خوێنی کەسوکاریان بەدیهاتوون. لە نێوجەرگەی ئەم پێشهات و ڕووداوانەشدا، موسڵی

---

[١٧٥] ئیمپراتۆریەتەکان هەریەک لە مانەی خوارەوە بوون: ئیمپراتۆرییەتی نەمسا و مەجەر، ئیمپراتۆرییەتی ڕوسیای قرال، ئیمپراتۆریەتی ئالمان و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. خاکە کۆلۆنییەکانی ئیمپراتۆرییەتی ئالمانی هەروەک هی نەمسا و مەجەر دابەشکرا و لە لایەن هێزی بیانییەوە هەڵسوڕێنرا ٠هەروەک پرسی (ئاڵمان) یان جاڕی سەربەخۆییان درا (هەروەک لە نەمسا و مەجەر).

ویلایەتە کۆنەکەی عوسمانی بووە کلیلی دۆزی پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و فرەنسا.

هەروەک لە بەندەکانی پێشوودا بینیمان، داواکردن و دەستبەسەرداگرتنی موسڵ یەکێک بوو لە ئامانجە ماکەکانی بریتانی هەروەک کۆمیتەی بنسن لە ساڵی ١٩١٥دا بۆ تاوتوێکردن خستبوویە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ١٩١٦دا ویلایەتی موسڵ درایە فرەنسییەکان هەروەک لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا ڕاگەیەنرا. لە کۆتا ساڵەکانی جەنگەکەدا، چەندین ڕووداو و پێشهاتنەکایە بە شێوەیەک دۆخی موسڵ و ڕۆژهەڵاتی ناوین و سەرتاپای جیهانی ئاڵۆز کرد، ئەویش ڕوسیا بوو، ئەو ڕوسیایەی ئەندامێکی سەرەکیی هێزی هاوپەیمان و بەشدار لە دابەشکردنەکەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا، لەڕێی شۆڕشێکی نێوخۆیەوە ڕووخا و لە ئەنجامیشدا هەموو لەشکری خۆی کە لە کاتی جەنگ لە دەرەوەی وڵاتەکەی بوو، کێشایەوە. لەژێر ڕابەرایەتیی سەرۆک ویدرۆ ویلسنیشدا، هێزەکانی ئەمریکا بۆ پاڵپشتیی هێزی هاوپەیمانان چوونە نێو جەنگەکە، ئیدی بەرژەوەندییەکی نوێ هاتە نێو تای تەرازووی هاوکێشەکە. لە دواییشدا هەر بریتانیا خۆی موسڵ و سوریا و فەلەستینی داگیرکرد، بەرپرسیاریش بوو بەرانبەر هەموو بەڵێنە دژبەیەکانەی لە ڕۆژگاری جەنگەکەدا بە لایەنەکانی دیکەی دابوو.

هەرچۆنێک بێ، کاربەدەستانی بریتانی لە کۆتایی جەنگەکەدا نەیاندەویسـت واز لە هیچ خاکێک بێنن کە تا کۆتایی جەنگ دەسـتیان بەسـەرداگرتبوو، بەلای کەمی ئامادەنەبوون بۆ فرەنسـا دەسـتبەرداری ئەو خاکە داگیرکراوانە بن. ئەو گۆڕانکارییە ڕیشـەییانەی لە میانەی جەنگەکەدا هاتنەئارا، واتای ئەوەی بەخشـی؛ سـتراتیژی کۆن و دابەشـکردنی نەریتییانە بووبنە شـتێکی مایەپووچ، بۆیە باشـتر بوو مل بۆ دەسـتکاری و هەموارکردنەوەی تـازە بـدەن. هەر بەلای کەمیشـەوە موسـڵ، ئەو خاکەی لە ڕێککەوتننامەکە درابووە فرەنسـا، دەبووایە ببێتە بەشـێک لە دەسـتکاری و هەموارکردنەوە نوێیەکانی ڕەوشـەکە. کارەکەش شـتێکی ئاسـان نەبوو، ئاخر فرەنسـا نەیدەویسـت لە ڕێککەوتننامە بنەڕەتییەکە لابدا و تا دەهاتیش عەرەبی هاوپەیمانی بریتانیا دەنگی خۆی هەڵدەبڕی. کەواتە هەر لە سـەرەتاوە ئەوە ڕوون بوو، هەر ڕێککەوتنێک لەبارەی موسـڵەوە پەیوەندی بە سـەرتاپای هەرێمەکەوە هەبوو. هەر بۆیە ئامانج لەم بەنـدەی ئەم کتێبەدا ئەوەیە؛ پێـداچوونەوەیەک بێ بەوەی موسـڵ چ ڕۆڵێکی لە سـتراتیژیی بریتانیدا بینی، ئاخۆ بۆچی بریتانیا ویلایەتی موسـڵی لە فرەنسـییەکان وەرگرتەوە، هەروەهـا ئەو فشـار و هەلومەرجـانەی بوونە مـایەی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ چی بوون.

## ڕێککەوتنی لوید جۆرج-کلیمەنسۆ

داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ و بەشی هەرەزۆری ڕۆژهەڵاتی ناوینی عەرەب، سەخت بوو؛ کەچی لەگەڵ خۆیشیدا ئاشتییەکی هەمیشەیی بۆ هەرێمەکە نەهێنا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تۆوی نوێبوونەوەی هەموو ناکۆکییەکان لە ماوەی جەنگەکەدا چێنران و چەکەرەیان کرد. بۆ خەڵکی ئاکنجی هەرێمەکە، زۆرجاران وەها کەوتەوە ئەو ناکۆکی و ململانێ نوێیانە، ناکۆکی و ململانێی توندوتیژ بوون، لێ بۆ کاربەدەستانی بریتانی، ناکۆکییەکە شتێکی دیپلۆماسی بوو. چەقی بازنەی ناکۆکییەکان ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆ بوو کە لە بنەڕەتدا لەنێوان فرانسە و بریتانیا و ڕوسیادا بوو، کەچی لە نیسانی ١٩١٩ چاوپێپێداخشێنرایەوە و ئەمجارەیان ئیتالیاشی گرتەوە. لێ هەر لە بەراییەوە ڕوانینی بەڵگەنامەکە ڕەخنەباران کرا و بە "بەڵگەنامەیەکی سەرگەردانانە" و شکستخواردووی تەواو وێناکرا.[٦] لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی کاربەدەستان پشتی ڕێککەوتنامەکەیان گرت بەوەی لە بارودۆخەکەی خۆیدا شتێکی پێویست بوو.

[1] Efraim Karash and Inari [7]Karsh, Empires of the Sand[6]: The Struggle for Mastery in the Middle East1789– 1923 (London, 1999), pp.251;کە دەقی وتەکەی لوید جۆرجیَ لێدەرهێنراوە.

ئەوەی مایەی تەوســـیش بوو، هەر خودی هەلومەرجەکان دیســـــان بەرۆکی ڕێـکـکەوتـنـنـامەکەیـان گـرتەوە تـا وردەکارییەکەی بەدەســـتکارییەوە بگونجێنن. ئەوە بوو لە دیســێمبەری ١٩١٨دا لوید جۆرجی ســەرەوەزیری بریتانیا و کلیمەنســۆی ســەرەوەزیری فرەنســا دووبەدوو لە لەندەن کۆبوونەوە، ڕێککەوتنێکی نافەرمییان ساز دا تا بۆ هەمیشـە ڕێککەوتننامەی ســـایکس-پیکۆ بگۆڕن. جۆرێک لە تەمومژ دەوری ئەو کۆبوونەوەیەی داوە چونکە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی ســـەبارەت بە وردەکاری و کۆبوونەوەکە لەئارادا نییە. هەر بەتەنیـا یـادەوەریی لویـد جۆرجە، کە هەنـدێ بەڵگەی لەســـەر گفتۆگۆکەیان خســـتووەتەڕوو. لوید جۆرج دەیگێڕێتەوە: "**دوای ئەوەی ئێمە گەیشـــتینە باڵوێزخانەکە؛ کلیمەنسـۆ لێی پرسـیم ئاخۆ چی تایبەتییم لە فرەنسـەییەکان دەوێ. منیش دەمودەســـــت وەڵامم دایەوە؛ من دەمەوێ موسـڵ بە عێراقەوە بلکێنم، هەروەها فەلەسـتینیشـم لە بیئر سـەبعەوە دەوێ بکەوێتە بن ڕکێفی بریتانیاوە. ئەویش بەبێ هیچ ســـێ و دوو لێکردنیـک قـایـل بوو.**"[٧٧] هەرچەنـدە

[1] David Lloyd George, Memoirs of the Peace Conference (New Haven, 1939), Vol. II, p. 673

کۆبوونەوەی ئەو سەروەزیرە کورت و ڕوون بوو، لێ ئەو پێواژۆیەی بۆ ڕێککەوتنەکە سەریکێشا درێژ و ئاڵۆز بوو.[١٧٨]

لە چاوی نەیاراندا، ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ دوو خەوشی گەورەی هەبوون:

**یەکەمیان**: دەبووایە موسڵ و بەشێکی زۆری فەڵەستین کەوتبانە بن قەڵەمڕەویی فرەنساوە.

**دووەمیشیان**: هەر خودی ڕێککەوتننامەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژبەریی ئەو بەڵێنانە بوو، کە بە سەرکردەی شۆڕشی عەرەب واتە شەریف حوسێن دران.[١٧٩]

بەدوای ئەوەدا هەڵمەتێک لەنێو حکومەتی بریتانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ هاتەئارا. لێرەدا دوو پێشمەرجی گرنگ بۆ هەڵمەتەکە هاتنە پێش تا بتوانێ هێزی خۆی بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکە بگرێتەبەر. **یەکەمیان** گۆڕانی حکومەتی بریتانیا و **دووهەمیشیان** ڕوخانی ڕوسیای قڕاڵ بوو.

---

[١٧٨] بۆ زانیاری زیاتر و وردەکاریی لەبارەی ئەم کۆبوونەوەیە و لێکەوتەکانی بڕوانە" هێڵێک بەنێو لمدا، جێمس بار، لە ئینگلیزییەوە شەفیقی حاجی خدر، ٢٠٢١، ناوەندی جەمال عیرفان/ سلێمانی.

[١٧٩] ئەو نەیارانەش زۆرینەی ئەندامانی نووسینگەی عەرەبی و خودی لوید جۆرج بوون.

له پێنجی حوزەیرانی ١٩١٦دا کارەساتێکی گەورە قەوما، ئەویش لەوکاتەدا بوو کە ئەو کەشتییەی لۆرد کێچنەری هەڵگرتبوو، لە ڕێگەی دابوو بۆ بەندەری ئارکئێنجل Archangel (بە زمانی ڕوسی Arkhangelsk سەرۆکی فریشتان) لە ڕوسیا، لە ڕێگەیدا بەر بنەتەقە(مین)ێکی دوژمن دەکەوێ و کێچنەر و زۆرینەی سەرنشینانی کەشتییەکە دەکوژێ.[80] ئەم ڕووداوە بۆ تەواوی جیهان مایەی هێدمەگرتن بوو و لێکەوتەشی لەوپەڕی سنووری چاوەڕوانیدا بوو، ئیدی بۆ موسڵ و ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ پاڵپشتە سەرەکییەکەی و ئەندازیارەکەی (بەگوێرەی لێکدانەوەی ستراتیژی) کە کیچنەر بوو سەری تێدا چوو، نەیارەکەی کە لوید جۆرج بوو جێگەی گرتەوە. کیچنەر بە تەواوی پاڵپشتیی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ بوو، خۆی هەر ئەویش بوو لەپشت ئەوەی کە موسڵ بدرێتە فەرەنسییەکان. ئیدی مردنەکەی هەر ئەو واتایەی نەدەگەیاند کەوا ئەو کەسەی کلیلی پشتگیریی ڕیککەوتننامەکە بوو لە بەین نەما، بەڵکو ئەوەی جێگەی ئەویشی دەگرتەوە باندۆرێکی زۆری بەسەر ڕەوتی جەنگ لە میزۆپۆتامیاوە هەبوو. لوید جۆرج جێگەی لۆرد کیچنەری گرتەوە، لەکاتێکدا ئەو لەو بڕوایەدا بوو؛ "ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ

1 David Fromkin, A Peace to End All Peace: The Fall of the Ottoman Empire and the Creation of the Modern Middle East (London, 1989), p. 217.

ڕەوایەتیی خۆی لەدەســـــت داوە"، تا کۆتایی حکومەتەکەی ئـــاســــــکـــویــت Asquith یـش، کە هەمــوارکــردنەوەی ڕێککەوتننــامەکەی پەســـــەنـد کرد، لویـد جۆرج نەیتوانی بەتەواوی بەدوای گۆڕانکارییەکاندا بچێ.[181]

ئاسـکویسـی سـەروەزیر، سـەرکردایەتیی بریتانیا لە جەنگی یەکەمی جیهـانیـدا کرد و لە کۆتـایی ١٩١٦شـــــدا دیـاربوو پۆلکترین نسکۆی سەربازییان لەمێژوودا بەسەرداهات؛ ئاخر هەر چوار ڕۆژ لە شــــەڕەکەی ئاراس Arras لە لەفرەنســـا، بریتـانیـا نزیکەی ١٤٢٠٠٠ قوربـانی دا، لەکـاتێکدا شـــــەڕی ڕووباری ســـــوم Sommeدا گەیشـــــتە ٤٢٠،٠٠٠ لەنێویاندا کوڕەکەی ئـاســــکویســــیش هەبوو.[182] کـاریگەریی جەنگەکە لەســـــەر خەڵکی بریتانیا گەیشـــتە ســـــەر حکومەتیش. ئاخر ئەندامانی پارتی لیبرال هاوپەیمانییەتێکی نوێیان پێکهێنا و تا دەهاتیش فشـــاریان لەســـــەر ســـــەروەزیر چڕ دەکردەوە.[183] لە ٧ی دیسێمبەری ١٩١٧شدا ئەسکویت دەستی لەکارکێشایەوە و لوید جۆرج بووە ســـــەروەزیری بریتانیا. بەهاتنە ســـــەر تەختی لوید جۆرج، ستراتیژیی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا

1 Lloyd George, Memoirs of the Peace Conference, vol. II p. 673

1 Fromkin, A Peace to End All Peace, pp. 233 2

[183] هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٤.

ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت، هەرچەندە هەمان دوامەنزڵیشی لەبەرچاو بووبێ.

دووەمین پێشـــمەرجی دەســـتکاریکردنی ڕێککەوتننامەکەی سایکس-پیکۆ، ئەو بەرەبەرە پاشەکشەیەی ڕوسیا بوو تا لە دواییـدا بە تەواوی لە ١٩١٧دا ڕوســـیـــای قەڕاڵ ڕوخـــا. پەیوەندیی بریتانیا بە ڕوســـیای قەڕاڵەوە چیرۆکێکی دیکەی درێژ و ئاڵۆز بوو، بەڵام لەوە ڕونوئاشـکرا بوو کە لە چاوی بریتانیادا، ڕوســـیا "لە هاوپەیمانێکی توانادار بۆ بردنەوەی جەنـگ گۆڕا و بووە هــاوپەیمــانێکی بەدگومــان."[184] ئەمەش بەشـێکی بۆ ئەو هەڵە و کەتنە زۆرانەی لەشـکری ڕوسـی لە دژی ئاڵمان دەگەڕایەوە، هەروەک بۆ ئەو پشــتگیرییە مادیی و داراییەی بریتــانیــاش دەگەڕایەوە کە وەک قەرەبوو بۆ ڕوســـیای نارد.[185] وێڕای ئەو نســـکۆ ســـەربازیی و تەنگژە داراییـانەش کەچی هێزەکـانی هــاوپەیمــان لە بەشـــێکی گەورەیاندا پشـتیان بە پشـکداریی ڕوسـیا بۆ سـەرکەوتن لە جەنگەکە بەســـتبوو، کاتێکیش لەکۆتاییدا بەلشـــەفیکەکان لە ١٩١٧دا دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئینجا دەستبەجێ هێزەکانی

---

[184] Keith Neilson, Britain and the Last Tsar: British Policy and Russia 1894-1917 (Oxford, 1995), pp. 350

[185] Keith Neilson, Strategy and Supply: The Anglo-Russian Alliance, 1914-17 (London, 1984)

هاوپەیمان هەســتیان بە ســەنگ و قەبارەی لێکەوتە قەبەکە کرد.

بەگوێرەی ڕەوتی ســەربازییانە ڕوخان و کەوتنی ڕوســیا ئەو واتایەی دەگەیاند، کە ئیدی ئاڵمان بتوانێ هەزاران ســەربازی بەردەســت بەبێ هیچ ترســێک لە گەمارۆ و هێرشکردنە سەر لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ بەرەی جەنگیی ڕۆژئاوا بجوولێنێ. ئەمەش ئەو لێکەوتەیەی بەدوادا هات کە بۆ بریتانیا ئەوە زۆر گرنگ بوو، ئاخر دەبووایە ســەربازی زیاتر بەرەو بەرەی ڕۆژئاوا بنێرێ نەوەک حکومەتی فرەنســیش بڕوخێ.[١٨٦] هەروەها ئەگەری ئەوەش لە گۆڕێدابوو، بەهۆی پەیماننامەیەکی جیا و تایبەت، ئاڵمان بتوانێ ئازوقە و پشتیوانی بەبێ بەربەست لە ڕێی ڕوسیاوە پێبگا. لە هەمووشــی گرنگتر ئەوە بوو، کاربەدەســتانی بریتانی لەو بڕوایەدابوون، "ئێمە لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە زیاتر هەســت بە کاریگەرییە پتەوەکەی ڕوخانی ڕوســیا دەکەین."[١٨٧] ئیدی ڕوســیا چی دیکە لەباریدا نەما لە دژی دەوڵەتی عوســمانی کۆمەک بە بریتانیا بکا بەوەی موســڵ داگیر بکا، هەروەک لە بنەڕەتدا نەخشــەی بۆ کێشرابوو یان وەک هەڕەشــەیەک لەســەر عوســمانییەکان بمێننەوە.

[١٨٦] لەمیانەی ســاڵانی جەنگەکە چەندین جار حکومەتی فرەنســی گۆڕا و سوپاکەشی لە ١٩١٧دا لێ هەڵگەڕایەوە.

[1] Note by W.R. Robertson, May 9, 1917, CAB/24/2 [187]

ڕەوشـــەکە بە پێچەوانەوە وەرگەڕا، پاشـــەکشـــەکەی ڕوســـیا ڕێگەی بە عوســـــمـانییەکـان دا جـاریکی دیکە هێزەکـانی بەرگـــریـــی خـــۆیـــان لە دەوروبەری ئەو نـــاوچـــانەی کە بریتانییەکان داگیریان کردبوو، ڕێک بخەنەوە.[١٨٨]

هەســـــتکردن بەکـــاریگەریی ئەم لێکەوتەیە لە جیهـــانی دیپلۆماســـــیدا قورســـــتر کەوتەوە. ئاخر بریتانیا بەم دۆخە یەکێ لە ئەندامە گرنگەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس –پیکۆی لەدەســـت دا، هەر لەســـەر ئەم لێکەوتەیە و لەســـەر بنەمای قانونیشــــدا وا دادەنرا ڕێککەوتننامەکە مایەپووچ بووبێ. بـانـدۆرێکی بەرچاوی دیکە کە یەکێک بوو لەو شـــــتانەی بریتـانیـا بە تەواوی لێی بێئـاگا بوو، ئەوەبوو فرەنســـــا و ڕوســـــیا پەیمانێکی نهێنییان لەبارەی ئامانجەکانی هەردوولا لەنێواندا هەبوو، ئەمەش لە بەرانبەر دانوســـــتانیان لەگەڵ بریتـــانیـــادا، هەڵبەتە ئەمەش بە بەرژەوەنـــدیی بریتـــانیـــا کۆتـاییپێهـات. بەم جۆرە ئیـدی دەکرا چـاو بە نەخشـــــەی دابەشـــــکردنەکان لەگەڵ فرەنســـــادا بخشـــــێنرێتەوە. ئەم حاڵەتەش لە جاران، واتە بەر لە ڕوخانی ڕوســـــیا بەهێزتر هاتەپێشـــچاو.[١٨٩]ســـەرنجڕاکێشـــترین کاریگەریی ڕەوشـــەکە بۆ

---

[١٨٨] هەمان سەرچاوە.

[189] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 248; Elie Kedourie, England and the Middle East: The Destruction of the Ottoman Empire 1914–1921 (London, 1956), p. 134

مەبەســـتی ئەم توێژینەوە ئەوە بوو، هەموو ڕەواتییەک بۆ ســازشــکردن لەگەڵ فرەنســا، بەتایبەتیش ناوچەیەکی دابڕ لەنێوان بریتــانیــا و ڕوســــیــا، لەبەین چوو. تەنــانەت ئەو دەوڵەتمەدارانەی قـایلبوون بە لەیەکجیـاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ لە میزۆپۆتامیا، هەروەک ئارسەر هێرتزل و ئارسەر بلفۆر، خەریکبوون خۆیـان لە ڕێککەوتننـامەکە دەدزییەوە. ســـوک و ئاســـــان ئەو هەلومەرجەی لە دوای ڕوخان و کشــانەوەی ڕوســیا هاتەئاراوە واتای ئەوەی نەدەگەیاند کە لەسەر بریتانیا پێویست بێ واز لە ویلایەتی موسڵ بهێنی.

پێشـــمەرجەکانی دەســـتبەســـەرداگرتنی موســـڵ بە توندی هاتنەپێش و جێگەی خۆیان گرتەوە، ئاخر ئەو ڕەوایەتییەی بۆ دەســتبەرداربوون و وازهێنان لە موســڵ لە ئارادا نەما و حکومەتی نوێی بریتانیش هاتە ســەرکار و بە تاســەوە بوو بۆ بەدەســـــتهێنانی ویلایەتەکە. لەگەڵ ئەوەشـــدا هێشـــتا دەبووایە بریتانیا بەرژەوەندییەکانی فرەنســـــای لەبەرچاو بووبـایە، ئەوەی لەوەش زیـاتر قوڕی بۆ دۆخەکە گرتەوە، ئەوەبوو زلهێزێکی نوێ هاتە نێو مەیدانی جەنگەکە. لە ٦ی نیســـانی ١٩١٧دا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوشـــانی هــاوپەیمــانیی ســـێ کوچکەیی هــاتە نێو جەنگی یەکەمی جیهانی. لەگەڵیشـــیدا ڕەوانبێژیی ســـیاســـیی و فشـــاری ســیاســییانەی ســەرۆک ویدرۆ ویلســن هاتە نێو ناوان. هەر لەوکاتەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە نێو جەنگەکە،

ویدرۆ ویلســـــن لەســــەر بنەمای ئاکاریی بالاوە خۆی لە خشـــــتەی ئیمپریالیزمانەی ڕێککەوتننامەی ســـــایکس-پیکۆ بەدوورگرت و تەنانەت ڕەتیشـــــیکردەوە جەنگ لە دژی دەوڵەتی عوســـــمـانی ڕابگەیەنێ.[190] ئەم ئـایـدیـالییزمییە سـیاسـییەش لەلایەن سـەرۆک ویلسـنەوە لە چواردە خاڵە بنەماییەکەی بەرجەســـتەبوون.[191] ئەو چواردە خاڵە بنەماییەی بەهـۆیەوە داوای لە دەوڵەت نەتەوەکـان کـرد بەڵـکـو ســـــەربەخۆیی و یەکانگیریی خاکی دەوڵەتە داگیرکراوەکان بپارێزن. لەژێر کەشـوهەوای ئەم بارودۆخەدا بوو کە کار و چالاکییەکانی بریتانیا لە موســـڵ و باقی ڕۆژهەلاتی ناویندا کەوتەگەڕ.

هەرچۆنێـک بێ ڕێککەوتنـامەی ســـــایکس-پیکۆ بەر لە هاتنەناوەوەی ئەمریکا بۆ جەنگی یەکەم کرا و بەریتانیاش هێشتا هەر پێوەی پابەند بوو ئەگەر نەشیتوانیبا دەستکاری بکـا. بەدەر لە وتـارە ڕەوانبێژییەکەی ویـدرۆ ویلســـــنی سـەرۆکی ئەمریکا، پرسـێکی دیکە فشـاری بۆ سـەر بریتانیا دەهـێـنـا بـۆ ئەوەی هەر هـیـچ نەبـێ و بەلای کەمـییەوە ڕێککەوتنـامەکە هەموار بکـاتەوە. ئـاخر مجێزبەرزیی ناســیونالیســتەکانیش لە کۆتایی جەنگەکەدا هاتەپێشـــەوە و بریتانیاش دەیەویســت هەســتونەســتی ئەو ڕەوتەیە لەگەڵ

[190] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 265

[191] دەقی هەر چواردەخاڵەکە وەک پاشکۆ خراوتە کۆتایی ئەم کتێبە. وەرگێڕ

بەرژەوەندییەکانی خۆی بســـــازێنێ، ئەویش بە ڕاگەیاندنی ســـۆز و پەیمانەکانی بە ســـەرکردە خۆجێییەکانی ناوچەکە بەجیـا لەوەی ئـاخۆ لەگەڵ نـاوەڕۆکی ڕێککەوتننـامەکەی ســــایکس-پیکۆ کۆکن یـان نـا. مەزنترین بەڵێن و پەیمـانی ناســراویش لەنێویاندا ئەوەی بە شــەریف حوســێن درابوو هەروەهـا لەگەڵ جـاڕنـامەی بلفۆر، بەهۆی جـاڕنـامەکەوە بریتانیا بەڵێنی پشتگیریی دەوڵەتی جووی دابوو. هەندێ لەو پەیمان و بەڵێنانە کە بریتانیا دایبوو بە مەبەستی بنکۆڵکردنی ڕێککەوتننــامەی ســــــایکس-پیکۆ بوو، لێ تــاکە گرفتیش ئەوەبوو، هیچ کـامیـان نە فرەنســـــا و نە پشـــکدارەکەی ســــەردەمی جەنگ نەیاندەویســـــت واز لە پابەندییەکانی ڕێککەوتننامەکە بهێنن و لێی بکشێنەوە.

هـۆکـاری ســـــەرەکیی نـارەزایەتی بریتـانییەکـان بۆ ڕێککەوتننامەی ســـایکس-پیکۆ لەو ڕاســـتییەوە دەهات، کە فرەنســـا بەشـــدارییەکی کەمی لە ڕووی ســـەربازییەوە بۆ بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی ڕێککەوتننامەکە کردبوو. لۆرد کورزن Curzon ســـــەرنجی ئەوەی دابوو؛ "ئـاخر کـاتێـک ڕێککەوتننامەکەی سایکس-پیکۆ بەسترا، وەها مەزندە دەکرا فرەنسا و بریتانیا تا ڕادەیەکی یەکسان و هاوشێوە هەوڵ و کۆششیان لەبارەی کۆکردنەوەی هێزی سەربازی و پارە بۆ

داگیرکردنی تورکیا کۆبکەنەوە."[192] هەرچەندە ئەم سـکالآیە مەعقولیش بوو، لێ ڕێککەوتننـامەی سـایکس-پیکۆ ئەو داوایەی لە هەریەک لە فرەنسـا و ڕوسـیا نەکرد. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو، کاربەدەسـتانی بریتانی پەشـیمان و بە داخ بوون لەو خـاک و نـاوچـانەی بۆ ئەوان دیـارکرابوو، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە فەڵەسـتین و موسـڵەوە هەبوو. دەستبەجێ چارەنووسی موسڵ بە ڕێککەوتننامەکەی سـایـکـس-پـیـکـۆوە بەنـد بـوو، هەروەهـا خـودی ڕێککەوتننامەکەش تەواوی ڕۆژهەلاتی ناوینی خسـتبووە بن جڵەوی خۆیەوە. ئیدی بە هەبوونی ئەو ناوچانە و ئەو خاڵە لە مێشـکی دەسـەلاتداراندا زۆرینەی ئەو سـۆز و پەیمانانەی لەگەڵ ڕێککەوتنـامەکەی سـایکس-پیکۆ نەدەهـاتنەوە و ناکۆکییەکان لەسەر فەڵەستین و سوریادا چڕ بوونەوە.

لەنێو پرسە هەرە ناکۆکەکاندا ئایندەی فەڵەستین و دەوڵەتی زایۆنیسـتەکان بوو. هەر لە بەرایی ١٩١٤ەو پێشـنیازی وەها بۆ بریتانییەکان کرا، بەڵکو پشـتگیریی پێشـخسـتنی بیرۆکەی دەوڵەتی جوو بکەن، بەلآم بیرۆکەکە پێنەگەیی و نەگەیشتەوە ئەوپەڕی هەڕمێنی خۆی تا ئەو کاتەی لوید جۆرج لە ١٩١٦دا نەبووە سـەرۆکوەزیری وڵات."[193] زۆر لە کـاربەدەسـتـان، نەخاسمە ئەوانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەو بڕوایەدا

[192] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٨
[193] هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٨-٢٥١

بوون، ئەگەر هات و پشتگیریی زایۆنیستەکان لە فەڵەستین بکرێ ئەوا دەکرێ ببێتە مایەی ئەوەی حکومەتە تازەپێکهێنراوەکەی ڕوسیاش بێتە ڕایێ بۆ ئەوەی لە جەنگەکەدا بمێنێتەوە و نەکشێتەوە.[194] لە سەرێکی دیکەشەوە، لوید جۆرج حەزی بە چارەی فرەنسییەکان نەدەهات لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە (شام) بن و لەو بڕوایەشدا بوو لە پشتیوانیی دۆزی زایۆنستەکان یارمەتییان دەدا بەوەی فەڵەستین لە کۆڵ هەردووکیان، واتە لە کۆڵ فرەنسا و لە کۆڵ تورک بکاتەوە، ئەو ئەو تێبینییەی دابوو بەوەی "دەکرێ جوو زیاتر لە عەرەب یارمەتیدەرمان بن."[195]
هۆکاری لوید جۆرج بۆ دەربڕینی پشتگیریی بۆ زایۆنیستەکان بەتەنیا هۆکارێکی هەلپەرستانە نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو ئەگەر و توانستانە بوو کە بایی خۆی پشتگیر بوون بۆ ئەوەی بلفۆر لە ٢ی نۆڤێمبەری ١٩١٧دا جاڕنامە مێژووییەکەی ڕابگەیەنێ.

بە دەقاودەقی و وردەکارییەوە چەندین کۆبوونەوە لەبارەی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ و سازان و هاوزەمانیش لەگەڵ بەڵێن و پەیمانەکانی بریتانیا تاوتوێ کران، لەنێو ئەوانیشدا جاڕنامەی بلفۆر بوو. لە ١٩ی نیسانی ١٩١٧دا کۆمیتەی مەرجەکانی ئاشتیی هەرێمی بە سەرۆکایەتیی لۆرد

[194] Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 288

[195] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 251

کورزن پێکهات، ئیدی ئەم کۆمیتەیە ڕایسپارد ڕێککەوتننامەی سـایکس-پیکۆ بەگوێرەی ئاڵنگارییە هەنوکەییەکان هەموار بکرێتەوە و بسـازێنرێ.[196] بە دیاریکراوییش ڕاسـپاردەی ئەوەیان دەرکرد فەڵەسـتین و موسـڵ پێویسـتە بخرێنە ژێر دەسـەڵاتی ناوچەی بریتانییەوە. هەرچەندە لەسـەروبەندی هەمان کاتیشـدا کۆمیتەیەکی پەرلەمانیی فرەنسـی بۆ کاروباری دەرەوە کۆبووەوە و ڕایگەیاند کە فەڵەسـتین هی فرەنسـایە.[197] ئیدی دەمەقاڵێیەکی نوێ پەیدابوو، ئەوەش لای مارک سـایکس دەبوو کە بریتانییەکان بۆ دانوسـتان پشـتی پێببەستن.

سـایکس تا کۆتاییهاتنی جەنگەکە بە بەردەوامی لەگەڵ پیکۆ، هاوتا فرەنسـییەکەیدا یەکدییان دەبینی. سـایکس لە بەشـی کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا ئەوەی بە باشی بۆ پیکۆ ڕوونکردەوە، کەوا ئەو ڕێککەوتننامەیەی سـاڵی ١٩١٦ و ناوی ئەوانەی بەسـەرەوەیە، کۆن بووە، ئەم حاڵەتەش بەتایبەتی دوای کشانەوەی ڕوسیا لە بەشـی خۆی لە ڕێککەوتننامەکە هاتە ئارا. سـەرنجی ئەوەی دابوو، دوای ئەوەی بەلشـەفیکەکان دەسـەڵاتیان وەرگرت؛ "دەنگی ئێسـتای سـەرۆک ویلسـن و ئەو بیرۆکانەی لەگەڵ وتارەکەی نەدەگونجان کاریگەییەکی

[1] Jukka Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920 (London, 1969), p. 46

[197] هەمان سەرچاوە، ل ٤٦

ئەوتۆیان بەسەر کۆنفرانسی ئاشتییەوە نییە..."[198] کۆششی سایکس بۆ ئەوە بوو، هەموو شتێک لە یەک کاتدا بەدەست بهێنێ، واتە هەم فەڵەستین بکەوێتە ژێر مانداتی بریتانی، هەم بریتانیا لە موسڵ دەستڕۆیشتوو بێ و لەهەمان کاتیشدا بریتانیا پەیوەندیی باشی لەگەڵ فەرەنسا، عەرەب، زایۆنییەکان و ئەرمەنەکان هەبێ.[199] ئێدی ئەرکی سایکس پڕخواست و هەم ئاڵۆزیش بوو، نەخاسمە لە سەرێکی دیکەوە حکومەتەکەی ئەو وەک هی فەرەنسییەکان هاوکار نەبوو.

سایکس بە شێوەیەکی جەوهەرییانە لە دانوستانەکانیدا تێدەکۆشا سازشێک لە نێوان ئەو لایەنەی خوازیار بوو دەستبەرداری ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ ببێ کە بریتانیا بوو، لەگەڵ لایەکەی دیکە، کە دەیەویست دەست بە پەڕوباڵی ڕێککەوتننامەکە وەک شتێکی هەبوو بگرێ، ئەویش فەرەنسا بوو. هەوڵوتێکۆشانی سایکس بۆ قەناعەتپێهێنانی پیکۆ بە سوود و بەرژەوەندییەکانی دروستکردنی دەوڵەتێکی زایۆنستی و بەدیارکراوییش بە هاوڕێکبوون لەگەڵ داواکاریی ویدرۆ ویلسن و بەها ستراتیژییەکەی، لێ پیکۆ بەگومان بوو لەوەی حکومەتی

[198] هەمان سەرچاوە، ل ٥٠
[199] هەمان سەرچاوە، ل ٥١

فرەنسا ئەم ڕێککەوتنە پەسەند بکا.[200] ئەوەی ڕاستی بێ، پیکۆ ڕاپۆرتی بۆ حکومەتی فرەنسی وەها نووسی؛ "لەندەن وەها ڕەفتار لەگەڵ ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ ئێمەدا دەکا وەک ئەوەی نووسینێکی مردوو بێ."[201] بێگومان ئەمەش وای کرد فرەنسییەکان توندتر دەست بە چمکی ڕێککەوتننامەی ١٩١٦ەوە بگرن. هەروەها فرەنسا لە ١٩١٧ەوە وەک بەشێک لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆوە لە دەوڵەتی ئیتالییەوە هاوپەیمانێکی بۆ خۆی دۆزیبووەوە (هەرچەندە لە هەندێک گۆشەنیگاوە وەک ڕکابەریش بوو)، کە ئەویش پێداگر بوو لەسەر یەکانگیریی ڕێککەوتننامەکە و بەرگریی لێدەکرد. لە ڕێککەوتننامەکەدا ئەناتۆلیا وەک بەشی ئیتالیا دیارکرا بوو، ئەویش هەر داوای دەکرد و دەستی لێهەڵنەدەگرت.[202] لێ لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سایکس دەیتوانی بە قەناعەتپێهێنانی فرەنسییەکان بەسەر کاریگەریی ئیتاڵییەکاندا باز بدا.

ئەوەی مایەی تەوس بوو ئەوە بوو تا ڕاددەیەک قەناعەتپێهێنانی فرەنسا بەندبوو بە قەناعەتپێهێنانی ژەنەراڵ و کاربەدەستانی حکومەتی مەدەنی بریتانییەوە. ئاخر

[200] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 252

[201] Fromkin, A Peace to End All Peace, p. 287

[202] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, pp. 54–55

ژەنەڕاڵ ئەلنبی فەرماندەی لەشـــکری بریتانی کە بەرەو فەلەستین پێشڕەوی دەکرد، خوازیار بوو فەرەنسییەکان لە سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناویندا وەدەرنێ. ئەو بەشێوەیەکی کارایانە هانی سەرکردە عەرەبەکانی دەدا بەسەر داواکانی فەرەنسادا باز بدەن، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ڕێگەی بە مۆڵەتی بانکە فەرەنسییەکان نەدا لە بەیروت کاری خۆیان بکەن و سەروسەوداکردنی بە دراوی فەرەنسی لەوێدا قەدەغە کرد.[3] لایەنی دنەدەری ژەنەڕاڵ ئەلنبی هاوزەمان بوو لەگەڵ لایەنی دنەدەری نووسینگەی بریتانی بۆ کاروباری عەرەبی لە قاهیرە، بەوەی پێیان باشتر بوو دەوڵەتێکی عەرەبی لە هەر هەرێم و ناوچەیەکی دەرەوەی دەسەڵاتی بریتانی دابمەزرێنرێ. هەقە ئەوەش بگوترێ، فەرەنسا لە پشتگیریی ئەلنبی بۆ هاشمییەکان نیگەران بوو هەروەک چۆن لە هەبوونی هێزی سەربازیی بریتانی لە سووریاش نیگەران بوو.[٢٠٤]

سایکس لە کار و ئەرکەکەی خۆی بەردەوام بوو، لە ئایاری ١٩١٧شدا توانی لەگەڵ پیکۆی هاوتایدا بگاتە سازشێک لەبارەی بەڵێنەکانی بریتانی بە حوسێنی شەریفی مەککە.[٢٠٥]

---

[2] Karash and Karsh, Empir0es of the Sand, p. 263 [3]

[٢٠٤] هەمان سەرچاوە. ل ٢٦٣

[٢٠٥] Nevakivi, Britain, France and Arab Middle East 1914–1920, p. 60

ڕێککەوتنە نوێیەکە شـــتێک لەوە زیاتر نەبوو کە هەندێ دانان بێ بە لایەنە دنەدەرییەکەی شـــەریف حوســـێن و خاکێکی دیاریکراویشیان بۆ لەسەر نەخشە دیار نەکردبوو، هەروەها ئەو کێشـــەیەی لەبارەی کەناری ســـوریاشـــەوە چارەسەرنەکرد. لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاماژەیەک بۆ چارەنووســـی موســـڵ هاتبوو. هەرچۆنێک بێ، ســـایکس خواخوای بوو پەســـەندنـامەی حکومەتی بریتـانی بۆ ســـاغکردنەوەکە وەربگرێ. بۆیە ئەو چووە لای ژەنەڕاڵ وینگێیت Wingate، کە وەک کۆمســـیاری باڵای بریتانی لە میســـر جێگەی مـاکمـاهونی گرتبووەوە، بەڵام وینگێیـت ڕێککەوتننـامەکەی بە "نەگەییو" دانـا و حەزی لەوە بوو سەرەتا سەرکەوتن لە فەڵەستین بەدی بێنێ بەرلەوەی هیچ پابەندییەک بۆ فرەنسـا لەئەسـتۆ بگرێ، ئیدی بەم شـێوەیە پڕۆژەی ڕێککەوتننامەکەی ڕەتکردەوە.[٢٠٦]

خۆ ئەگەر پێشنیازی ڕێککەوتننامەکەش سەرکەوتبا، هێشتا پرســـگەلی دیارکردنی خـاک و کـاردانەوەی هـاوپەیمـانە عەرەبەکـانیـان و ســـەرۆک ویلســـنیش مـابوو. خۆی فرەنســـییەکان بەهای ڕۆژهەڵاتی ناوینیان وەک مەیدانێکی جەنگ بەکەم هەڵگرتبوو، هەر بۆیە ژمارەیەکی کەمی هێزی چەکدار و نوێنەری دیپلۆماتییان ناردبووە هەرێمەکە، لەبری

[٢٠٦] هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

ئەوە پشتیان بە پیکۆ بەستبو.[207] هەڵبەتە فەرەنسییەکان لەبەرەی جەنگ لەگەڵ ئاڵمانەکان نیگەران بوون، بۆیە نەیاندەتوانی هێزی زیاتر ڕەوانەی شوێنەکانی دیکە بکەن. لەوەش بترازێ هێشتا فەرەنسا ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆی هەبوو، بۆیە لە دوای شەڕیش پشتی بەو هەوڵە دیپلۆماتییە بەستبوو بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێ.[208]

سایکس لە وەڵامی ڕەتکردنەوەکەی وینگێیتدا وەهای نووسی؛ "جیهان لەوکاتەوە ئەوەندە زیاد ڕۆیشتووە ئیدی دەکرێ ڕێککەوتننامەکە هەروەک ڕێکارێکی کاردانەوە لەقەڵەم بدا."[209] بۆ بەدواداچوونی سەرەداوی ئەم بیرکردنەوەیە و لە هەوڵ و کۆششیدا بۆ قایلکردنی هەریەک لە عەرەب و فەرەنسییەکان، ئەوە بوو سایکس لە ئابی ١٩١٧دا بەسەر بەندی لکاندنەکەدا چوویەوە، ئەوەی بواری دەدا کۆنترۆلی ڕاستەخۆی بریتانی و فەرەنسییەکان بەسەر هەرێمە بەدواییەکداهاتووەکان، بەوەی " بە لکاندکە قایل نەبن، بەڵکو بە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات بە شێوەیەک لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانی خەڵکەکەی بگونجابا."[210]

---

[207] هەمان سەرچاوە، ل ٥٤-٦٦. فەرەنسا تەنیا یەکەکی سەربازیی بچووکیان ناردبووە لوبنان لەوکاتەی بریتانیا هێرشی خۆی لە سوریا دەستپێکردبوو.

[208] هەمان سەرچاوە، ل ٦٥-٦٧

[209] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 261

[210] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦١

ئەم پێداچوونەوەیە ڕوانینی ویدرۆ ویلسنی بۆ قۆناغی دوای جەنگەکەش لەخۆگرتبوو. سایکس چەند بڕگەیەکی بۆ ڕێککەوتننامەکە زیادکرد تا هەژموونی فرەنسی بەسەر دامودەزگا دینییەکانی فەڵەستین مسۆگەر بکا. ئەمەشی تا ساڵێک دواتر واتە تا تەمموزی ١٩١٨ بۆی نەچووەسەر، ئەوکاتەی توانی قەناعەت بە پیکۆ بکا بەوەی هەموارکردنەکان بسەلمێنێ.[٢١١]

بۆ بەدبەختیی سایکس، ئەم هەموارکردنانە نەچوونە نێو گۆڕانگاریی سیاسەتی بریتانیا. ئەوەی ڕاستی بێ، هەر تەنیا لەپاش یەک مانگ، واتە لە ١٣ی ئابی ١٩١٨دا کابینەی جەنگیی بریتانیا بە یەکدەنگی لەسەر ئەوە کۆک بوو، کە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ "مردووە".[٢]لەوەش پتر، خێرایی گۆڕانکارییەکان لەماوەی جەنگەکەدا ئەوەی بۆ سایکس سەلماند، کە ناتوانێ بە ڕەوتەکە ڕابگا. لە ٦ی دیسێمبەری ١٩١٧دا، جەمال پاشا لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی سایکس-پیکۆی بڵاوکردەوە، ئاخر حکومەتە نوێیەکەی سۆڤیەت ڕاز و نهێنیی ڕێککەوتننامەکەی بۆ سەرتاپای جیهان ئاشکرا کرد. خۆی پێشتر حوسێنی کوڕی عەلی لەبارەی گفتوگۆی

---

[٢١١] هەمان سەرچاوە، ل ٢٦١

[2] Marian Kent, Oil and Empire: British Policy and Mesopotamian Oil 1900–1920 (London, 1976), p. 126

بریتانییەکانی بە هاوتا فرەنسییەکانیان زانیبوو، بەڵام وردەکاریی ڕێککەوتننامەکەی نەزانیبوو. ئیدی بڵاوکردنەوەکە ئەم بابەتە بەس بوو بۆ ئەوەی حوسێن بێزار بکا، ئەویش بە نۆرەی خۆی قسەی لەگەڵ وینگێیت کردبوو، ئەویش لەوە دڵنیای کردبووەوە بەوەی گوایە ئەو بەڵگەنامەیەی لە لایەن سۆڤیەتەوە بڵاوکراوەتەوە ڕاست نییە.[٢١٣] خواستەکانی ئەم گرووپە هەرگیز بەدینەهات، هەندێکیشیان ڕاگەیاندنەکەیان وەک شێوازێکی ڕووبەڕووبوونەوەی دەستڕۆیشتنی حوسێنی کوڕی عەلی دانا، لێ لێکەوتەکانی ڕوون و سادە بوون، ئاخر بریتانیا جۆرێک لە جێپێ و باندۆری لەو خاکانە دەویست کە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکەی سایک-پیکۆ بۆ فرەنسا دیارکرابوون.[٢١٤] هەرچی لەبارەی دانوستانیش بوو لەگەڵ فرەنسا، ئەوا ڕاگەیاندنەکە هیچ یارمەتیی هەوڵوتەقەلای سایکسی نەدا، بەڵکو وەها دیاربوو کۆششی ئەو پووچەڵ بکاتەوە.

بە هاتنی مانگی ئەیلوولی ١٩١٨دا هەردوولایان، بریتانیا و فرەنسا گەیشتنە ئەو ڕاستییە کە پێویستە نیازەکانیان لە ڕۆژهەلاتی ناوین ڕوون بکەنەوە و بگەنە پەیمانێکی

[2] Kedourie, England and th[1]e Middle East, p. 112 [3]

[٢١٤] هەمان سەرچاوە، ل ١١٥-١١٦؛ قەدوری دەڵێ زانیاری زۆر کەم لەسەر ئەوە هەیە ئاخۆ بۆچی بریتانییەکان ڕاگەیاندنی حەوتیان بڵاوکردۆتەوە.

هاوبەش.[215] جاڕنامە نوێیەکە لە نۆڤێمبەری ١٩١٨ ڕێکخرا و بڵاوکرایەوە، تێیدا پشتگیریی خۆیان بۆ "ڕزگارکردنی گەلان لەژێر چەوساندنەوەی دوورودرێژی تورکان" دەربڕیبوو.[216] لەکاتێکدا جاڕنامەکە لکاندنی ڕەتکردبووەوە، لێ هەردوولایان، چ بریتانیا و چ فرەنسا بە شێوەیەکی جیاواز ڕاڤەیان کرد. بریتانییەکان لەو بڕوایەدابوون، کە جاڕنامە نوێیەکە بەشێوەیەکی جەوهەری ئەوانیان لە کۆتوبەندی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ ڕەها کردووە، لەکاتێکدا فرەنسییەکان بڕوایان وەهابوو، بەکردەوە داواکانی ڕێککەوتنامەکەیان بەهێزترکردووە.[217] کەواتە وەها دیاربوو بە کۆتاییهاتنی جەنگەکە، لەکاتێکدا واقیعە سیاسییەکە لە ڕەگوڕیشەوە گۆڕابوو، کەچی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ تەنیا خۆگونجاندنێکی کەمی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکان تێدا بوو.

لەو نێوەشدا ئاگربڕەکەی نۆڤێمبەری ١٩١٨ دۆخی ئیدارە هەنووکەیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی جێگیرتر کرد. ئاخر بریتانیا دەستی بەسەر سوریا و فەڵەستین و میزۆپۆتامیادا

[215] هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢

[216] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 262; Kedourie, England and the Middle East, p. 132; کاراش ڕایگەیاند کەوا ڕێککەوتنەکە لە ٧ی نۆڤێمبەرەوە کراوە، هەرچی قەدوریشە دەڵێ لە ٨ی نۆڤێمبەر بووە.

[217] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 263

گرتبوو، بەڵام هیچ کامێکیان، نە بریتانیا و نە فرەنسا نەیاندەویست ڕەوشەکە وەک هەیە بمێنێ و دەستی پێوەبگرن. گفتوگۆ وەستاوەکان و پابەندییەکانی ململانێیەکە کە بریتانیا دروستی کردبوون لە سەرووی توانای سایکسەوە بوون تا سەودایان لەگەڵدا بکا، لەوانەشە بۆ سەرتاپای حکومەتی بریتانیش سەخت بێ تا دەرەقەتیان بێ. خۆ ئەگەر بریتانیا هەر سووربوویایە لەسەر داواکردنی موسڵ و دەستکاریکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، دەبووایە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و بە بەردەقێکی گەورەتر چووبایە نێو گفتوگۆکانی ئاشتی، ئەمەش پاشاگەردانییەکی دیکە بوو بۆ بریتانیا. کەواتە، لە دیسێمبەری ١٩١٨دا لوید جۆرجی سەرۆکوەزیری بریتانیا و کلیمەنسۆی سەرۆکوەزیری فرەنسا دووبەدوو کۆبوونەوە و بە هێواشی بەسەر پێواژۆی نارِوونی دیپلۆماسیی بازیان دا و تا ڕێککەوتننامەیەکی نوێ بسازێنن. ئەمەیان لەسەر کاغەز مۆر نەکرا و هیچ شاهیدیشیان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دانیشتنەیان نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوینی بۆ هەتا هەتایە گۆڕی.

**دەستەکەوتەکانی جەنگ**

لەکاتێکدا ئەوە ڕوون بوو کە بریتانیا موسڵی بۆ خۆی دەوێ و لە ڕێی پێواژۆیەکی ئالۆزوبلۆزیشـەوە و لە کۆتاییدا توانی بەدەسـتی بێنێ، کەچی هێشـتا پرسـێک مابووەوە... بۆچی؟ باشـە چی لە موسـڵدا هەبوو تا ئەوەندە بۆ بریتانیا چارەنووسـساز بێ؟ بە کردەوە و بەگوێرەی پەڕاوەکانی بەردەسـتی کابینەی جەنگی بریتانی کە سـەریکێشـا بۆ پێشـڕەویکردن بەرەو موسـڵ، وەها ڕەچاودەکرا "بریتانیا لە پێگەیەکی وەهـا بەهێزدا بێ، بەهۆیەوە بتوانێ لەگەڵ تورک گفتوگۆی ئاشـتی بکا و دان بە ڕێککەوتننامەی سـایکس-پیکۆشـدا بنێ کە لەگەڵ فرنسـا گرێدابوو."[٢١٨] هەرچەندە، ئەگەر یەکێک بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان بەو پرسە ئەوانەی بەر لە گرتن و پاش گرتنی موسـڵ بخوێنێتەوە، هەر خێرا لەوە تێدەگا ئەمەیان وەڵامێکی دەربەسـت نەبوو. بۆ زۆر لە توێژەران دنەدانەکە زۆر ڕوون و ئاشـکرا بوو، بێ سـێ و دوو نەوت پرسـێکی گرنگ بوو، بەڵام بۆ بەرسـڤدانەوەی تەواوی پرسیارەکە هەروەها بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاستییەکانی مێژوویش ڕاسـتگۆ بین، ئەوا پێویسـتە لەپاڵ بەرژەوەندییەکانی دیکەی بریتانیدا نەوت لە خانەی بەردەقێکی شایستەدا بنرێ.

---

[٢١٨] Karash and Karsh, Empires of the Sand, p. 263

هەروەک پێشـــتر ئاماژەی بۆ کرا، هەڵاویردنی موســـڵ لە ڕێککەوتننامەی سـایکس-پیکۆدا شـتێکی دڵمەند نەبوو، بەڵام جارێک پەســـەند کرا تا هەلومەرجەکان گۆڕان. کۆمیتەی بنسـنی سـاڵی ١٩١٥ سـەرەداوەکانی چاوتێبڕینی بۆ موسـڵ دیار کردووە، بەتایبەتیش هۆکارەکانی ئاودێری و نەوت و "بەرەیەکی پێشـــەوە کە دەکرێ بەهۆیەوە بەر بە دوژمن بگیرێ."[29] لەگەڵ ئەوەشـــدا هۆبە کەســـییەکانی دیکەی نێو حکومەتی بریتانی ڕوانگە جیاوازەکانی دیکەیان دەنرخاند. هەر لە دەستپێکی هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، گەورەترین داکۆکیکاران بۆ دەســـتبەســـەرداگرتنی کانە نەوتەکانی ویلایەتی موســـڵ لە ئەندامانی هێزی دەریایی ئەمیرالی بوون. بە حوکمی ئەوەی هێزی کەشـــتیگەلی بەند بوو بە نەوت و بە ڕێژەی ٨٠٪ی بە ســـەرچاوەی دەرەکی پشتبەستووبوو، هەر بۆیە ئەدمیرالیی بریتانی بە پەرۆشەوە چاوی بڕیبووە ســـەر ســـەرچاوەی زێدەباری دیکە.[30] لە ماوەی کاروباری کۆمیتەی بنسندا، وینستن چەرچڵ، پاشان یەکەمین لۆردی ئەدمیرالی بە پێداگرییەوە مشـــتومڕیـان لەســـەر ئەوە بوو، موســـڵ لەبەر کـانە نەوتییەکـانی

[29] "de Bunsen Committee Report" from J.C. Hurewitz, The Middle East and North Africa in World Politics: A Documentary Record 1915–1945 (London, 1979), vol. II, p. 30

[30] Kent, Oil and Empire, pp. 117–120

ویلایەتەکەی بخرێتە نێو لیستی خواستی قەڵەمڕەوییان.[٢٢١] دەنگێکی کەڕەپ و نەسەلمێنی دیکە بۆ ئەم بابەتە ئەدمیرال سلێید Slade بوو، ئەو کەسەی بڕوای وەهابوو؛ "ئەمە ڕوونە ئەوەی جڵەوی خاکە پڕنەوتییەکەی ئێرانی لەبەردەستدا بێ ئەوا لە داهاتوودا کۆنترۆڵی دەرامەتە زۆرینەکانی سوتەمەنیی نەوت دەکا." هەر بۆیە پێویستە بریتانیا بەهەر نرخێک بێ "کانە نەوتییەکانی ئێران و میزۆپۆتامیا لەبن دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە."[٢٢٢] لە ماوەی نێوان گرێدانی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ لە ١٩١٦ و کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان لە ١٩١٨دا، سلێید بەوپەڕی توانای خۆی بەدوای ئەوەدا دەچوو، چاو بە ڕێککەوتننامەکە بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی موسڵیش بخرێتە ژێر جڵەوی حوکمڕانێتی بریتانیاوە.[٢٢٣]

سلێید هەر بەتەنیا نەبوو کە بۆ نەوتی موسڵ تێدەکۆشا. ماوریس هانکی Maurice Hankey، وەزیری کابینەی

---

[2] Paul Davis, Ends and Means: The British Mesopotamian Campaign and Commission (London, 1994), pp. 103–105

[2] Habibollah Atarodi, Great Powers, Oil and The Kurds in Mosul(Southern Kurdistan/Northern Iraq), 1910–1925 (Lanham, 2003), p. 48

[2] Atarodi, Great Powers, Oil and The Kurds in Mosul, p. 48; Kent, Oil and Empire, pp. 118–119

جەنگیی پاشایەتی، نەوتی بە پرسێکی پێشنۆرەیی گەورەی بۆ سیاسەتی بریتانی دانا و هەوڵیشیدا قەناعەت بە هاوکارەکانی بکا بیانهێنێتە سەر ڕای خۆی. لە ئابی ١٩١٨دا هانکی بۆ لوید جۆرجی نووسیبوو؛ "**هیچ بەرژەروەندییەکی سەربازییانە لە پێشڕەویکردن لە میزۆپۆتامیادا نییە... [هەرچەندە] هۆکاری دیکە هەن کە بەتەواوی هۆکاری سەربازی نین بۆ ئەوەی پاڵمان پێوە بنێن و بچینە میزۆپۆتامیا**... تۆ بڵێی ئەوە کەڵکبەخش نەبێ کە بەر لەوەی جەنگ کۆتایی پێبێ، ئێمە کانە نەوتە بەهادارەکان لە میزۆپۆتامیا لە ڕووی ئاسایشپارێزییەوە مسۆگەر بکەین؟"[٢٢٤] **لوید جۆرجیش هەر پێشتر پشتیوانیی بیرۆکەی ئەوەبوو موسڵ بخاتە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی بریتانییەوە و لەبارەی بایەخی نەوتەکەشییەوە بەئاگا بوو.** هەروەها لوید جۆرج پرسی نەوتی بە تاکە هۆکار نەدەزانی بۆ ئەوەی دەست بەسەر موسڵدا بگرن. هەرچەندە ئەلفرێد بلفۆر لە ڕێی هانکییەوە نەهاتە ڕایێ و لای خۆی ڕایگەیاند کە دەستبەسەرداگرتنی نەوت "مەبەستێکی پاکوبێگەردی جەنگێکی ئیمپریالیستانەیە."[٢٢٥]

---

2 Atarodi, Great Powers, Oil and The Kurds in Mosul, p. 50; Hankey to George, August 1, 1918, CAB/21/119

2 Kent, Oil and Empire t, p.147

بلفۆر زۆر خەمی بەرەنگــاربوونەوەی بیرۆکەکەی نەبوو، ئاخر ئەو زیاتر مشووری ڕوانین و ئەو فشارە دیپلۆماتییەی ویدرۆ ویلســـــنی ســـــەرۆکی ئەمریکای دەخوارد. هەروەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، پرسی موسڵ بەشێک بوو لە بەرڕەوتی نێودەوڵەتی و بە هۆیەوە دەکرا لە دانوستانەکانی ئاشـتیدا یارمەتی یان زیان بە بریتانیا بگەیەنێ. لە سـەرێکی دیکەشـەوە، لۆرد کورزن Lord Curzon لێدوانێکی وەهای دا، کە ئەو بێباکە و گوێ بەوە نادا ئاخۆ لەم پرسەدا بریتانیا بە "کـاپیتـالیســـــت، یـان مۆنۆپۆلیســـــت(قۆرخکـار) یـاخود ئیمپریالیســـــت تاوانبار بکرێ.[226] دواتر بلفۆریش هاتەســـــەر ئەو ڕوانـینـەی ئەدمـیـرالـی لەبــارەی پـرســـــی نەوتەوە، بەتایبەتیش دوای کۆبونەوەکەی کابینەی جەنگیی پاشــایەتی لە ١٣ی ئـابی ١٩١٨دا، لەوکـاتەی ڕایگەیەیـانـد پێویســـــتە نشـــینگەیەک دەســـــتەبەر بکرێ "بەهۆیەوە توانســـــت و دەرامەتمــان لە دابینکردنی نەوت لە هەرێمەکە تووشـــــی مەترسی نەکرێن."[227]

هێشـــتاش بلفۆر پەرۆش بوو بەوەی دیمەنە نێودەوڵەتییەکە فەرامۆش نەکا، بەڵام خۆ ئەندامانی ئەدمیرالیش هەروابوون. ئەوەی ڕاســـــتی بێ، هانکی هۆکارێکی دیکەی بۆ داواکردنی

---

[226] Atarodi, Great Powers, Oil and The Kurds in Mosul, p. 51

[227] Kent, Oil and Empire, p. 126

دەستبەسەرداگرتنی موسڵ وروژاند، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێنوێنیکردنی بەرژەوەندییەکانی بوو:

**نە سەرۆک ویدرۆ ویلسن و نە هیچ کەسێکی دیکە خوازیار نین ئەو هەرێمە بەرفراوانەی میزۆپۆتامیا کە سنووریان لەگەڵ دیجلە و فرات تێک دەکاتەوە، دووبارە بخرێنەوە ژێر دەسەڵاتی تورک... هەربۆیە وەک دەپرسم پرسەکە ئەوەیە، ئاخۆ ئێمە بەردەوام بین لە پێشڕەویکردن بەنێو میزۆپۆتامیادا تا بەلای کەمی دەگەینە سەر زێی بچووک، یاخود بەپێی پێویست ئاسیشی دەرامەتی و دابینکردنی شایستەی سەرچاوەی ئاو دابین بکەین. هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەمە ئەوەمان دەخاتە ڕوو کە دەوڵەمەندترین هەرێمی نەوتیمان بکەوێتە بەردەست.**[٢٢٨]

وەک لە بڕگەی دەقەکەدا دەردەکەوێ، پرسی **دابینکردنی ئاو** پاکانەیەکی بریتانی بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی موسڵ. لەکاتێکدا ئەم بیرۆکەیە لە دەرەوەی بازنەی سیاسەتداڕێژەراندا بوو، لەکاتێکدا تێڕوانینی خەڵک و تەنانەت هەندێک لە توێژەرانیش وەهایان مەزندەکردبوو، ئەم کۆپلە دەقەیە نوێنەرایەتی سەرتاپای تاوتوێکردنی

[٢٢٨] نامەیەک لە سێر ماوریس هانکییەوە بۆ ئارسەر بلفۆر، ١٢ی ئابی ١٩١٨، CAB/21/119

نیگەرانییەکانن لەبارەی موسڵەوە.[229] لەبەر فشاری نێودەوڵەتی ئیدی بە شێوەیەکی لاوەکی سەیری نەوت دەکرا؛ یەکێک لە چاودێرەکان کە ژەنەڕاڵ مارشال بوو سەرنجی دا؛ "لەکاتێکدا مرۆ ئازادانە دەیتوانی لەگەڵ حکومەت و کاربەدەستان باسوخواسی توانستی نەشونمای لۆکە لە میزۆپۆتامیادا بێنێتەگۆڕێ، ئاخر هەر ناوهێنانی نەوت بە جارێک کەشوهەوایەکی ساردی دەدایە گفتوگۆکان"[230] هەرچۆنێک بێ وەک دواتر نمایش کرا، **دابینکردنی ئاو و ئاودێری** لە بەرژەوەندییە گرنگەکان بوون کە دنەدەری سیاسەتی بریتانیا بوو.

هەر بەڕاستییش نەوت پرسێکی پێشچاوی کاریگەر بوو بەسەر بڕیارڕێژەرانی بریتانی و نەدەکرا ئەم پرسە پشتگوێ بخەن، لە سەرێکی دیکەوە لەسەر دەستی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران زیادەڕۆیی لە باسکردنی ئەم

[229] Kent, Oil and Empire, p. 126; Atarodi, Great Powers, Oil and The Kurds in Mosul, p. 51; بەگوێرەی کێنت بێ، "هەر زوو یاداشتەکەی سلێید بەلاوە نرا،" هەرچی بە گوێرەی ئاتارۆدیش بێ یاداشتەکە ڕاستەوخۆ سەریکێشا بۆ گۆڕانێک لە سیاسەتدا.

[230] William Marshal, Memories of Four Fronts (London, 1929), p. 318; هەروەها مارشال زۆریش بەگومان بوو لەوەی "کە کۆمسیۆنی بەهاناوەچوونی قاتوقڕی ئێران، کە نێردەیەکی فریاگوزاری ئەمریکی بوو بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ دابینکردنی خۆراک نێردرابووە میزۆپۆتامیا، کەچی ئەو بڕوای وەهابوو لەجیاتی ئەرکە ڕاگەیەنراوەکەیان نیازیان نەوت بووبێ.

پرســـەدا کرا. لەکاتێکدا زۆر کاری مەزن پەیوەســـتبوون بە نەوت و بەو ڕوانینەی لەبارەی پاشـــخانی ئەم کارانەوە وای کرد لەنێو هەموو بەرژەوەنـــدییەکـــانـــدا زەق بکرێتەوە و جەختی لەســـەر بکرێتەوە.[٢٣١] وەک زۆر لەو کارانەی تیشـــکی خۆیان خستە سەر نەوتی موسڵ وەک دەرکەوت، هەرچەندە بە مەبەستیش نەبووبێ، لێ ڕاستییەکە ئەوە بوو خاڵی هەرە گرنگی بەرژەوەنـدییەکـانی بریتـانیـا بۆ نەوت ئێران بوو نەوەک موســـــڵ.[٢٣٢] بۆ نموونە، هەروەک ئەوکات باوبوو بریتانیا لە ڕووی ســـیاســـییەوە پشـــتگیریی هاوولاتییەکانی لەبارەی هەوڵ و کۆشـشـی ئابوورییەوە دەکرد. ئەوەی زۆر دیار بوو، کەســـێکی وەک ویلیەم نۆکس دارســـی William Knox d’Arcy، ئەو پیاوەی لە پێشەنگەکان بوو، پاڵپشتیی دارایی پڕۆژەکـانی نەوتی بریتـانی لە ئێرانـدا دەکرد، ڕکابەرێکی ســـــەرەکی بوو بۆ ئیمتیازی نەوتی موســـــڵ. لەکاتێکدا دارســـــی لە میزۆپۆتامیادا چالاک بوو، مەڵبەندە

2 s Marian Kent, Moguls and Mandarins: Oil, Imperialism and the Middle East in British Foreign Policy, 1900–1940, (London, 1993); Stephen Longrigg, Oil in the Middle East: Its Discovery and Development (Oxford, 1961); George Lenczowski, Oil and State in the Middle East, (Ithaca, 1960); Benjamin Shwadran, The Middle East, Oil and the Great Powers (Jerusalem, 1973).

2 Davis, Ends and Means, p. 37; Shwadran, The Middle East, Oil and the Great Powers, p. 5

سەرەکییەکەی چالاکیی ئەو ئێران بوو، هەر لەوێش بریتانیا هەموو هەوڵێکی بۆ پاڵپشتیکردنی دا، تەنانەت سەرمایەگوزاری لە کۆمپانیا و بەشی زۆری خاوەنداریێتییەکەشی بۆ خۆی مسۆگەر بوو.[٢٣٣]

**لەوەش پتر دۆزینەوەی نەوت لە موسڵ یەک لای وێنەکەیە. بەڵام دۆزینەوەی نەوت بە بڕێکی یەکجار زۆر شتێکی دیکە بوو، دیاربوو لایە هەرە گرنگەکەی وێنەکە بوو.** یەکێ لە توێژەرانیش دەق وەهای نووسیوە: "چاوخشاندنێک بە تۆماری کۆمپانیاکە لە میانەی ساڵانی هەردوو جەنگەکە، حاڵەتێکی نادڵنیایی لە کارکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین نیشان دەدا... بێ ئاگا لە ئایندەی بەکاربردنی جیهانی بۆ نەوت و بە دەقاودەقیش شوێنە گریمانەییەکەی نەوت."[٢٣٤] تەنانەت هەر دوای ئەوەی بریتانیا پیشەسازی نەوتی لە موسڵ پەرەپێدا، تا ساڵ نەگەیشتە ١٩٢٧ لە موسڵ هیچ بەرهەمێکی وەها پێشچاوی لێ بەدینەهات.[٢٣٥] تەنانەت لە ١٩٣٧یشدا کە بەرەبەرەی جەنگی دووەمی جیهان بوو، بەرهەمی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە موسڵیشەوە هەر تەنیا ٦ ملیۆن تەن

233 Christopher Catherwood, Churchill's Folly (New York, 2004), p. 67

234 Elizebeth Monroe, Britain's Moment in the Middle East 1914–1971 (London, 1981), pp. 95–96

235 Catherwood, Churchill's Folly, pp. 66–67; Peter Sluglett, Britain in Iraq (New York, 2007), p. 107

بوو لەو ٣٠٠ ملیۆن تەن نەوتە خاوەی لە سەرتاپای جیهان بەرهەم دەهێنرا، کەواتە بە ئاستەم دەیکرد ڕێژەی ٢٪. دابینکردنی نەوت بە گوێرەی خەملاندنی بەرهەمی ئیمپراتۆریەتی بریتانی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ٢٤,٣٪ لە سەرلەبەری پێداویستەکەی بۆ نەوت، لە مەشیاندا ١٩,٤٪ لە ئێرانەوە دەهات و بەتەنیا بڕی ٥,٢٪ لە عێراقەوە دەهات. کەواتە تا بیستساڵیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هێشتا بریتانیا هەر پشتی بە سەرچاوەی بیانی دەبەست بۆ دابینکردنی پێداویستی خۆی لە نەوت.[٢٣٦] بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی پەرۆشمەندانی نەوت، لە کاتی جەنگە مەزنەکەی دووەمدا، نەوتی میزۆپۆتامیا و بە پەلهاوێشتن بۆ نەوتی موسڵیش ئەو شتە یەکلاکەرەوە نەبوو کە بڕوادەکرا.

هەرچۆنێک بێ، نەوت بەتەنیا ئەو سەرچاوە بەهادارە نەبوو کە موسڵ دابینی دەکرد، هەروەها تەنیا ئەو هۆکارەش نەبوو لەسۆنگەیەوە بریتانیا داوای ویلایەتەکە بکا و دەستی بەسەردابگرێ. لە دەستپێکی جەنگی یەکەمدا، لۆرد کیشنەر پێشنیازی کرد؛ "بەهێزترین بەڵگەوبەند بۆ لەخۆگرتنی میزۆپۆتامیا بۆ نێو ئیمپراتۆرییەت بە تەنیا لەسەر زەمینەی لەباری سەرچاوە و دەرامەتی کشتوکاڵییە."[٢٣٧] بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئەوکات، **پسپۆڕانی بواری لۆکە ئەوەیان**

---

[٢٣٦] Kent, Moguls and Mandarins, p. 148

[٢٣٧] یاداشتی لۆرد کیشنەر لە ١٦ی ئازاری ١٩١٦؛ CAB/24/1

**نیشـــــان دا، کەوا خاکی میزۆپۆتامیا توانای بەرهەمهێنانی لۆکەیەکی وەها باڵا و زۆری هەیە لە هی میســـر باشـــتر و بەپیتترە و بەرهەمەکەشـی لە هەر هکتارێکدا لە بەرانبەر هی میســــردا زۆرترە.**[٢٣٨] بایەخی ئەم توخمە لە ماوەی جەنگی یەکەمدا شتێکی جێگیر بوو، لە کۆمیتەی بنسنیش لە ١٩١٥دا تۆمارکراوە (بڕوانە پێشتر).

لەچاوی بریتانییەکان کلیلی سەرلەبەری سەرکەوتنی ئابوری لە میزۆپۆتامیادا، موســڵ بوو. ئارزەر هێرتزل لەو بارەیەوە سەرنجی داوە:

**(١) ئێمە لەمێژە بازرگانیمان لە موســـڵدا هەبووە، هەندێکی ماوە... پێویســتە وەک دەرچەیەک ڕێگایەکی ســروشــتی لە بەسرەدا بۆ بکەینەوە...**

**(٢) ڕێگەی ئاسنینی بەغدا...**

**(٣) ئەو بەشــــەی ویلایەتەکە، کە کەوتووەتە خۆرئـاوای موســـــڵ و باکووری چیای شـــــەنگال هەر بەبێ ئەندازە بەپیتوفەڕە...**

---

[٢٣٨] Marshal, Memories of Four Fronts, pp. 317 لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا ئا.ت. ویلســن ژمارەیەکی زۆری لە شــێخە ناودارەکان هێنانە بەغدا، لەوێ شـێوازیکی نوێی کشـتیاری نیشـاندان بەو نیازەی بەرهەمی کشـتوکاڵی پەرەی پێبدرێ.

**(٤) ئێمە پێویستمان بە ئاوی دجلە تا موسڵ هەیە بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئاو و ئاودێری بۆ باشوور دابین بکەین.[٢٣٩]**

ئەو یاداشتەی هێرتز کە لە ینایری ١٩١٦دا نووسیویەتی ڕەنگدانەوەی بایەخپێدانە سەرەکییەکانی ساڵی ١٩١٦ و بەرژەوەندییە دیارکراوەکانی حکومەتی کاروباری هیندستان بوو. ئەو لەسەر بیرۆکەکەی دەڕوا و دەنووسێ: "ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ لە ڕێی مسۆگەرکردن و دابینکردنی ئاوەوە بە دوای ئەمەدا دەگەڕێ. لێ ئەم جۆرە مسۆگەرییە پێدەچێ دژەسروشت بێ، هەرچۆنێک بێ پێدەچێ ئەمە بگاتە ڕادەی بەیەکدادانیش."[٢٤٠]

**هێرتزل هەر بەتەنیا نەبوو لەوەی لە بایەخی سەرچاوە و دەرامەتی کشتوکاڵیی موسڵ بۆ میزۆپۆتامیا بەئاگا بێ. گێرترود بێل، سکرتێری ڕۆژهەڵاتی بۆ حکومەتی کاتیی بریتانیا لە عێراق، لە ڕوانینێکی خۆی بۆ ئیدارەی مەدەنیی عێراق سەرنجی ئەوەی دابوو کە "بەروبوومی جێگیری ویلایەتی موسڵ گەنم و جۆیە، کە بەشێکی زۆر زیاترە لەوەی لە ویلاتەکانی باشوور بەرهەم دەهێندرێ. بەغدا**

[239] Sir T.W Holderness to Sir A. Nicolson, January 13, 1916, enclosing note by Sir A. Hirtzel; FO 371/2767

[٢٤٠] هەمان سەرچاوە

هەمیشـــە چاوی لە موســڵ بووە بۆ ئەوەی پێویســتییەکانی خۆی لە گەنم دابین بکـا."[241] هـەر بەڕاســـتییش پەیوەنـدیی بـازرگـانی گەنم و دانەوێڵە لە نێوان بەغـدا و موســـڵـدا مێژوویەکی درێژی هەیە و بۆ بەر لە داگیرکـاریی بریتـانی دەگەڕێتەوە. پەیوەندییەکە بۆ لەبەرچاوگرتنی ئاستی دیکەش دەگەڕایەوە کە لە مەزندەی ســـیاســـەتداڕێژەراندا نەبووە، ئەویش دانیشتوانی خۆجێی بوو. کارهەڵسوڕێنەری سیاسی لە بەغدا لە ١٩١٨دا نامەیەکی لەو بارەوە نووســـیوە و ئەو بیرۆکەیەی تێدا تۆمـار کردوە بەوەی "ژمـارەیەکی یەکجـار زۆریماڵباتی موســـڵمان لەنێوان موســـڵ و بەغدا دابەش بـوونە. پـرســـــی تــایـبەتـی لەبــارەی مـیـرات بەردەوام ڕوودەدەن."[242] ئەم لێـدوانە ڕاســـــت بوو بەوەی زۆر لە ماڵباتەکان بە حوکمی ســـنووردانانی نێوان دوو ویلایەتەکە شـــیرازەیـــان لەیەک دەپچڕا، هەرچەنـدە ئەم دۆخەیـــان لەیەکجیـاکردنەوەی موســـــڵ لە دیمەشـــق و حەلەبیش فەرامۆشـکرد، کە هەمان ڕاسـتی شـیرازەپچڕانی خێزانەکانی تێدا بوو.[243]

---

2 Gertrude Bell, Review of the Civil Administration, 1914–1920, Cmd. 1061, 1920I, p. 53

2 3 "Note from the Political Resident of Baghdad, October 16, 1918" from Alan de Lacy Rush and Jane Priestland, Records of Iraq 1914–1966 (Slough, 2001), vol. I, p. 618

2 4 Sara Shields, Mosul Before Iraq: Like Bees Making Five-Sided Cells (New York, 2000), pp. 21–23; Sara

تا ڕاددەیەک هەڵسوڕێنەری سیاسی ویستی هەرمێن بۆ بیرۆکەی پێوەلکاندنی موسڵ بە عێراق پەیدابکا بەوەی هۆکارێکی دیکەی هێنایەپێشەوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوکاتدا پشتگوێخرابوو، بەڵام پاشتر لە قۆناغی دوای جەنگەکە لە عێراقدا وەک هێزێکی بەرچاو دەرکەوت ئەویش کورد بوو. لە ڕووی ستراتیژییەوە پێوەلکاندنی کوردی موسڵ "توانستی زیاترمان دەداتێ بۆ ئەوەی کۆنترۆلی کوردستان بکەین و فیدراسیۆنێکی کوردی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی تورک پێکبهێنین."[٢٤٤] بڕیتانیا پێشتر پەیوەندی بە سەرکردەکانی کوردەوە هەبوو، نموونەش شێخ مەحموود بوو، بەڵام دەبووایە بایەخی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد لە مێشکی کاربەدەستانی بریتانی بچەسپابایە. لە کۆتاییشدا ڕەوایەتیدانی سەرەکی بۆ پێوەلکاندنی موسڵ لە ڕوانگەی هەڵسوڕێنەری سیاسیی هەر بۆ کشتوکاڵ گەڕایەوە:

---

Shields, “Sheep, Nomads and Merchants in Nineteenth-Century Mosul: Creating Transformations in Ottoman Society,” Journal of Social History, 25, 4, (Summer 1992), pp. 773-78

[٢٤٤] Rush and Priestland, “Note from the Political Resident of Baghdad, October 16, 1918,” Records of Iraq 1914-1966, vol. I, p. 618

**پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و موسڵ بەقەد پەیوەندیی نێوان بەغدا و بەسرا لە یەک نزیکە... بایەخی هەرەزۆر ئەوەیە کە بەرهەمەکانی ویلایەتی موســـڵ بەردەوام بڕژێنە بازاڕی بەغدا، ئاخر بەغدا بۆ گەنم و دانەوێڵە پشـــتی بە ناوچەی هەولێری سەرووی زێی بچووک بەستووە.**[٢٤٥]

مایەی ســـەرنجڕاکێشـــانە کە زۆر پرس هەروەک لەوەی هەڵسوڕێنەری سیاسی و ئارسەر هێرتزلدا دەرکەوت، ئەوا نەوت پشـــتگوێخرابوو یان بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرابوو، تەنانەت ئەم لە نێو نامە و نامەگۆڕینەوە زۆر نهێنییەکانیشدا هەروابوو.

لەوانەیە قسەکەی سێر پێرسی کۆکس Sir Percy Coxی کۆمســـیاری باڵا لە میزۆپۆتامیا، بە باشـــترین تاوتوێکردنی پرسی موسڵ دابنرێ:

**هیچم بۆ نامێنێتەوە لەوەی بە نیگەرانی و هەراســـانییەکی زۆرەوە لە کشانەوە لە موسڵ بڕوانم... من وەهای دەبینم پاراســـتنی پێگەی مانەوەی هەنووکەییمان لە میزۆپۆتامیادا هۆکارێکی هەرەگرنگە بۆ پـاراســـتنی بەرژەوەندییە گشـــتییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هیندســـتاندا. لە گۆشـــەنیگایەکی ئـابورییەوە... من لەوە تێدەگەم کە**

---

[٢٤٥] هەمان سەرچاوە. ل ٦١٨

**خەملاندنی بەرهەمی میزۆپۆتامیا ٩٠ هەزار تەن لۆکە و یەک ملیۆن تەن گەنمە. هەڵبەتە نەوتیش بە چەندایەتییەکی نادڵنیا هەیە، بەڵام هەرچۆنێک بێ ڕێژەیەکی بەرچاوە بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و بایەخێکی بەرچاو بە میزۆپۆتامیا.**[٢٤٦]

کۆکس بڕوای وابوو لە ڕووی سـتراتیژییەوە میزۆپۆتامیا بە موسـڵیشـەوە "سـەرمایەیەکی هەرە گرنگە" بەوەی هاتووەتە سـەر ڕێگەی هیندسـتان.[٢٤٧] بە شـێوەیەکی جەوهەری، هەروەک لە دەقەکەش دەخوێندرێتەوە، چەندین هۆکار بۆ پێوەلکاندنی موسـڵ بە میزۆپۆتامیاوە هەبوون، لەنێویاندا هەردوو باری کشـتوکاڵ و نەوت لە هەرە گرنگەکانیان بوون. بە خاترجەمییەوە تەواو دڵنیانەبوون لە نەوت وای لە ئەگەر و توانسـتی باری کشـتوکاڵی موسـڵ کرد ببێتە زۆرترین دەرامەتی دەستەبەر.

لەکاتێکدا لوید جۆرج لە یادەورییەکانی خۆی ئاماژەی بە چەندین "هۆکاری کردەیی بۆ نەمانی ڕەوایەتی

---

[246] "Memorandum by Sir Percy Cox, July 24, 1920," from Rush and Priestland, Records of Iraq 1914– 1966, vol. I, p. 744 ئەم جەختکردنەوانە سـەربار کران، لەڕاسـتیدا کۆکس ئەمەی دوای ئەوە نووسی کە کلیمەنسۆ و لوید جۆرج بڕیاریان دا موسڵ بۆ بریتانیا بێ، بەڵام چارەنووسـی موسـڵ لەو کاتدا هێشـتا دوورەدەسـت بوو، ئەو بڵاونامەیەی کۆکسـیش ڕەنگدانەوەی بەشـێکی ئەو باسـوخواسـەی ئەوکات بوو بۆ تاوتوێکردن.

[٢٤٧] هەمان سەرچاوە ل ٧٤٤

ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ کرد، ئیدی دەسەڵاتی بریتانیا هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە بەلای کەمییەوە لەبەر دوو ڕوانین دەبێ ڕێککەوتننامەکە بەشێوەیەکی جەوهەری هەمواربکرێتەوە. **یەکەمیان لەبارەی دابڕاندنی موسڵ بوو لە میزۆپۆتامیا. ئەوە دەبووە مایەی بێبەشکردنی خەڵکی هەرێمەکە لە گەنم و نەوت، بەمەش عێراق لە ڕووی باری دارایی و ئابوورییەوە تووشی ئیفلیجبوونێکی جدی دەهات.**"[٢٤٨]ئەو ڕاستگۆیانە هەر وەک چۆن لەبارەی سامانی نەوتەکەی موسڵ پەرۆش و نیگەران بوو ئاوەهاش لەبارەی سامانی کشتوکاڵییەکەی. بایەخی نەوت زیاتر لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگەکە بەرزبووەوە و زۆر لە گفتوگۆ و تاوتوێکردنی بابەتەکەش ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکە بوو. هەروەک زۆر کەس پێشنیازی کردبوو، کشتوکاڵ دەمامکێک نەبوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوتی موسڵ، هەروەها لە میانەی جەنگەکەشدا هەر مایەی پەرۆشی و نیگەرانی بوو. **ڕاستە پێشنۆرەیی بۆ نەوت بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک تاکە هۆکاری بڕیاردەر و یەکلاکەرەوە نەبوو.**[٢٤٩]

2 Lloyd George, Memoirs of the Peace Conference, pp. 672-673

2 0 "Memorandum Respecting British Interest in the Persian Gulf," Kenneth Bourne and D. C. Watt, British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers From the Foreign Office Confidential Print (Fredrick, 1985), Part

## موسڵ لەبەر بەرڕەوتی ڕووداوەکاندا

ئەو هۆکارانەی لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا پاڵیان بە بریتانیاوە نا تا دەســت بەســەر ویلایەتی موســڵدا بگرێ، لە جەوهەردا هەمان ئەو هۆکارانەی سەرەتای جەنگەکە بوون، کە بە وردەکاری لە کۆمیتەی بنســـن باســـی لێوەکراوە؛ **ســـنوور بۆ بەرگری، بەرهەمی کشـــتوکـاڵی و نەوت.** پێشـنۆرەکردنی ئەو بەرژەوەندییانە بە شـێوەیەک کشـتوکاڵ و نەوت بەســـەر هۆکـاری پێشـــووتر کەوتن، واتە پێش ســـنووری بەرگریی (هەرچەندە ئەم هۆکارەش بە تەواوی نەســـڕایەوە)، ئەنجـامی گەورەی ئەمەش بۆ گۆڕانکـاری سیاسی و بارودۆخی سەربازیی کاتی جەنگەکە دەگەڕایەوە.

کاتێکیش جەنگەکە درێژەی کێشـا، ئەوا بارودۆخی سـیاسـیی لە بریتانیا و ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین گۆڕا. ئیدی بەشێکی هەرەزۆری ڕۆژهەڵاتی نـاوین کەوتە بنـدەســـتی هێزی سەربازیی بریتانی و سەروەزیرە نوێیەکەی بریتانیاش دژی ڕێککەوتننـامەی ســـایکس-پیکۆ بوو. کەواتە بریتـانیـا هەم خواســـتی هەبوو هەم توانســـت و ئیرادە بۆ ئەوەی خۆی بەســـەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا بســەپێنێ، بەرژەوەندییەکەشـــی

---

I, Series B, vol. 18, p. 195; this provides by far the best summary of British commercial interests in the Gulf prior to World War I.

هەر وەهای دەخواست. لەگەڵ ئەوەشدا کشانەوەی ڕوسیا لە دۆخەکە وای لە سیاسەتدارێژەرانی بریتانیا کرد بە سەرتاپای سیاسەتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیاندا بچنەوە.

بۆ مەبەستی نووسینی ئەم تێزە، کاریگەریی هەرە بەرچاوی ئەم ڕووداوە ئەوە بوو کەوا ڕەوایەتیی پێوەلکاندنی موسڵ بۆ بریتانیا لەدەستدا نەبوو. ڕوسیاش چیدی ئەو ڕکابەرە سەربازییە هەڕەشەئامێزە نەبوو بۆ سەر بریتانیا لە ناوچەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانیدا. لەوەش پتر، هەروەک یەکێک لە توێژەران تێبینی کردووە؛ "چاوتێبڕینی فرەنسییەکانیش هەرچەندە سنووردادریش بوو، بایەخپێدانێکی نوێ داخواز بوو."[250] فرەنسا بووە ڕکابەری سەرەکیی بریتانیا و بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکەش هەرێمە گرنگەکە موسڵی لە ڕووی ئابووری و ستراتیژیدا لەدەستدا بوو. لەوەش زیاتر ئەوە بۆ بریتانیا دیاربوو نەیدەتوانی دەست بەو بەڵێن و پەیمانانەوە بگرێ کە بە لایەنەکانی دابوو، هەروەک سۆز و بەڵێنەکانی شەریف حوسێن، هەڵبەت ئەمەش لەبەر داواکارییەکانی فرەنسا بوو. هەر بۆیە دەبووایە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ هەموار بکرێتەوە تا هەموو ئەو هۆکار و پێشهاتانە لەخۆبگرێ.

[250] Elie Kedourie, England and the Middle East, p. 134

جارێکی دیکە مارک سایکس کاری لەسەر ئەوە کرد، بەڵکو لەگەڵ جۆرج پیکۆی هاوتا فرەنسی و هاوپەیمانە خۆجێیەکانی بریتانیا لە هەرێمەکەدا جۆرێک لە چارەسەرییەکی مامناوەندی بدۆزێتەوە. لێ خۆ ئەمە چارەسەرییەکی ئاسان نەبوو، "ئاخر لە دوای هەموو شتێک، فرەنسا لە ئەوروپادا هاوپەیمانی بوو، ئینجا بەیەکەوە گونجاندنی بەرژەوەندیی و دەمەقاڵێی و ئەوروپی بە شێوەیەکی بەرفراوان بڕیاردەربوون لەسەر ئەوەی بەشی خۆرهەڵات چی بەسەر بێ و بکەوێتە دەستی قەڵەمڕەویی کامەیان. ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی دەوڵەتمەدارانی ئینگلیز بووەوە، ئاخۆ بە ڕاگرتنی فرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، پشتیوانییەکەی لە نێو ئەوروپادا لەدەست نادەن، هەروەها ئاخۆ ئەوان دەتوانن بە هێزی هاوشانی دیکە جێگەی فرەنسییەکان پڕ بکەنەوە."[٢٥١] ئەم قەیرانە سەریکێشا بۆ ئەوەی چەقبەستنەکانی ڕەوتی چارەسەرییەکە جێگرەوەیەکی کەم بهێننە پێشەوە کە باندۆرێکی وەهایان بەسەر موسڵەوە نەبوو. بۆیە بۆ بازدان و تێپەڕین لەم تەنگژە دیپلۆماسییەدا، ئەوە بوو لوید جۆرج و کلیمێنسۆ لە دیسێمبەری ١٩١٨دا گەیشتنە یەک و ڕێککەوتنی دووبەدوویان بەست، کە بە هۆیەوە و بە لای کەمییەوە بە فەرمی ویلایەتی موسڵ کەوتە بەردەست.

[٢٥١] هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤

## ئەنجام: موسڵ لە ڕوانگەوە

بە گوێرەی ڕەفتارەکانی حکومەتی بریتانیا، دیاربوو موسڵ خاڵێکی سەرنجڕاکێشی بەرژەوەندییەکانیان بوو. وەک سەرەڕێگەیەکیش بۆ گەیشتن بە هیندستان، ئیدی کاربەدەستان لە ئەگەری هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر هەرێمەکە بەئاگابوون، بەتایبەتیش هەڕەشەکان لە لایەن ڕوسیا و ئاڵمانەوە. پێشهات و ڕەوتی پەرەسەندووی هێڵی ئاسنینی بەغداش نیشاندەرێک بوو بەوەی هێزی بێگانە چۆن لە ڕووی لایەنی سەرەکیی ئابوورییەوە دزە و پێشڕەوی بۆ هەرێمەکە کردووە. گەشەکردنی ئیمپراتۆریەتی ئاڵمانی بریتانیای ناچار کرد شێوە چارەسەرییەک بۆ کێشە و ململانێیکە بگرێتەبەر. ئەوەی لە بەیەکدادان لەگەڵ ئاڵمان پەیدابوو ئەو بابەتە بوو، کە ستراتیژی بریتانیا لە ساڵەکانی دواییدا لە موسڵ بەرجەستە بوو.

جۆری سیاسەتەکەش ئەوە بوو، بریتانیا بە دوای بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیدا دەچوو تا ئەو ڕادەیەی بۆی لوابێ و ئەمەش لە نەبوونی کردەنیازێکی دیپلۆماسیی پێشچاو یان نەبوونی هەڕەشەی ستراتیژدا، چونکە توخمی یەکلاکەرەوەی ڕەوتی دیپلۆماسی بوو لە ئەورووپا. هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەنێو هێزە هاوپەیمانەکاندا دیسان

بریتانیای ناچار کرد شـــەڕێکی دیکە لەســـەر ناوچەی دەســـتڕۆیشـــتووی نەریتییانەی خۆی بکاتەوە. ڕەوشـــی سەربازیی لە ئەوروپا لە شتە پێشنۆرەییەکان بوو، هەر لە پێناو ئەوەشدا بۆ ئەوەی بریتانیا لە جەنگەکەدا سەربکەوێ، دەبووایە هاوکاریی و هاوپەیمانی هەر یەکێک لە فرەنســا و ڕوســـیا بکا. کەواتە لە ١٩١٥دا و کاتێک باڵوێزی ڕوســـی پێشـــنیازی دابەشـــکردنی ئیمپراتۆرییەتی عوســـمانی کرد، بریتانیا پێی قایل بوو، هەرچەندە ئەم ڕەوتەش دەبووە مایەی ئەوەی هێزی ڕکابەر بێتە نێو هەرێمەکە.

کاربەدەســـتانی بریتانیا بەردەوام لە کۆبوونەوەدا بوون و تاوتوێی بابەتی داواکارییەکانیان دەکرد و بەشـــێوەیەک دایانڕشتەوە لەگەڵ ئەو ستراتیژییە ڕێک بێتەوە،بەتایبەتیش بەوەی فرەنســـا وا لێبکەن بکەوێتە بەرانبەر ڕوســـیا. ئەم حاڵەتەش لە دانوســـتانەکانی نێوان مارک ســـایکس و هاوتا فرەنســـیەکەی جۆرج پیکۆ ڕەنگی دایەوە. بەوەی ســـایکس ویلایەتی موســڵی بۆ قەڵەمڕەویی فرەنســا دانابوو، ئەمەش بەو نیازە بەڵکو ببێتە ناوچەیەکی دابڕ لەنێوان خۆیان و ڕوسیا، ئاخر ڕوسیا بووبووە ڕکابەری هەرە سەرەکییان. هەرچەندە لە ١٩١٦دا زۆر کەس بە ڕێککەوتننامەکەی سایک-پیکۆ دڵخۆش نەبوون، بەوە سەیری دەکرا کە سەرکەوتنێکە پێویستە بۆ ئەوروپا.

هەرچۆنێک بێ تەوژمەکانی جەنگ بەو ئاقارەدا نەڕۆیشت کە بریتانیا نەخشـــەی بۆ دارِشـــتبوو. بەڵێن و ســـۆزی دیکەی خۆجێی دران هەروەک ئەوەی بۆ ســـەرکردەکانی عەرەب و لەنێویشـــیاندا شـــەریف حوســـێن و ئەوەی بۆ ســـەرکردە زایۆنیســـتەکان درا، ئەوەی بە جاڕنامەی بلفۆر ناســـرا. هیچ کامێکیشـیان لەگەڵ ئەو بەڵێن و پەیمانەی لە ڕێککەوتننامەی ســـــایک-پیکۆدا درابوو، نەدەهـاتەوە. لەوەش پتر، دۆخی ڕوســـــیا بوو، ئەو ڕوســـــیایەی بریتانیا لێیدەترســـــا کە ڕکـابەرێکی نوێی بێ لە قۆنـاغی دوای جەنگەکە، کەچی ڕووخا و دەسـەڵاتەکەی کەوتە بەردەستی شـۆڕشـگێڕانی و ئەوانیش لە ڕێککەوتننامەی ســـــایکس-پیکۆ کشـــــانەوە. بە کۆتاییهاتنی جەنگیش، بریتانیا دەســـتی بەســـەر ڕۆژهەڵاتی ناوینی عەرەبدا گرت بە ویلایەتی موســـڵیشـــەوە و دیاربوو هیچ ڕکابەرێکی بەرچاویشـــــی لە مەیدانەکە لە بەرانبەردا نەبوو.

کۆتاییهاتنی جەنگ کۆمەڵێ پرســـــی لەگەڵ خۆیدا وروژاند، ئەوانیش ڕەوایەتیی ڕێککەوتنـامەی ســـــایکس-پیکۆ، بەڵێنەکـانی بریتـانیـا بۆ حوســـــێنی کوڕی عەلی و ئەوانی دیکەش، بەوەی ئـاخۆ فرەنســـــییەکـان هیچ ڕۆڵێکیـان لە ڕۆژهەڵاتی نـاوینـدا دەبێ؟ ئیـدی پێگەی بریتـانیـا لەوپەڕی هێزی خۆیدا بوو، دەیتوانی بەدوای بەدیهێنانی ســـەرەداوی بەرژەوەنـدییەکـانیـدا بڕوا. موســـــڵیش بە ســـــنوورە

شاخاوییەکەی لە لای باکورییەوە سنووریکی ئاسایشپارێزی دابین دەکرد، **هەروەک چۆن توانستی نەوت و کشتوکاڵیشی هەبوو.** بە دیـارنەمـانی ڕوســـیـا لەنێو دیمەنەکەدا، دوو زلهێزەکەی دیکە (بریتانیا و فرەنســا) مەیدانیان بۆ واڵا بوو تا داوای بەرچاوتر بکەن. لەگەڵ ئەوەشــدا دەبووایە بریتانیا لەگەڵ فرەنسـا بگاتە ڕێککەوتنێک و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەش وەک زایۆنیســـت و عەرەب قایل بکا. دوای چەندین مانگ لە گفتوگۆ و دانوســـتان، ســـەرۆوەزیری بریتانیا و فرەنســـا لە دانیشـــتنێکی دووبەدوودا نەخشـــەیەکی دیکەی هەرێمەکەیـان بەگوێرەی خواســـتەکـانیـان دارشـــتەوە. ئەمجارەیان موسڵ بەر بریتانیا کەوت.

لە هەریەک لەم قۆناغانەی ڕووداو و پێشـهاتەکاندا، بریتانیا بە جۆرێک ســیاســەتی پەیڕەو دەکرد، کە پێشــتر لەمیانەی هێڵی ئاســـنینی بەغدادا ڕەنگیدابووەوە. موســـڵ هەرێمێکی گرنگ بوو، بەڵام لوتکەی پێشـــنۆرەییەکانی بریتانیا نەبوو؛ دەرامەتەکانی موســـڵ بەتەواوی بەرجەســـتە نەبووبوون، هەموو کـاتێکیش بریتـانیـا دەیتوانی ئیمتیـازەکەی ئەوێ بەدەســـت بێنێ. هەرچی بەســـرا بوو هەمیشـــە بڕابووەوە، ئاخر بریتانیا بەر لە نەخشـــەی دابەشــکردنەکە هێرشـــی بۆ کرد و دەســـتی بەســـەرداگرت بۆ ئەوەی نـاوچە هەرە بـایەخدارەکەی بپارێزێ. موســـڵ زیـاتر وەک هەرێمێکی

درێژەپێدان بە پاراســــتنی نـاوچەکە دادەنرا و بەگرانتری لەسەر دەکەوت و مایەی گۆڕینەوەش بوو.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان

1- Adelson, Roger, Mark Sykes: Portrait of an Amateur (London, 1975).

2- Antonius, George, The Arab Awakening: The Story of the Arab National Movement (New York, 1946.

3- Andrew, Christopher M. and Forstner, A. S., The Climax of French Imperial Expansion: 1914-1924 (Stanford, 1981).

4- Asquith, H.H., Memoirs and Reflections (London, 1928), vol. 1-2.

5- Atarodi, Habibollah, Great Powers, Oil and the Kurds in Mosul (Southern Kurdistan/Northern Iraq), 1910-1925 (Lanham, 2003).

6- Atiyah, Ghassan, Iraq: 1908-1921, a Social-Political Study (Beirut, 1973).

7- Bashkin, Orit, The Other Iraq: Pluralism and Culture in Hashemite Iraq, (Stanford, 2009).

8- Batatu, Hanna, The old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq: A study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of its Communists, Ba'thists, and Free Officers (Princeton, 1978).

9- Bell, Lady, The Letters of Gertrude Bell (London, 1930).

10- Bourne, K. and Watt, D.C., Studies in International History (London, 1967).

11- Catherwood, Christopher, Churchill's Folly (New York, 2004).

12- Chapman, M. K., Great Britain and the Baghdad Railway 1888-1914 (Northampton,

1948).

13- Cassar, George, Kitchener Aritect of Victory (London, 1977).

14- Churchill, Winston, The Aftermath (New York, 1929).

15- Cohen, Stuart British Policy in Mesopotamia 1903-1914 (London, 1976).

16- Curzon, G.N., Persia and the Persian Question (New York, 2001).

17- Davis, Paul, Ends and Means: The British Mesopotamian Campaign and Commission ,London, 1994.

18- Dodge, Toby, Inventing Iraq: The Failure of Nation Building and a History Denied (New York, 2003).

19 Edmunds, C.J., Kurds, Turks, and Arabs: Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919-1925 (London, 1957).

20- Earle, Edward, Turkey, the Great Powers, and the Baghdad Railway: A Study in Imperialism (New York, 1923).

21- Fromkin, David, A Peace to End All Peace: The Fall of the Ottoman Empire and the Creation of the Modern Middle East (London, 1989).

22- Fuccaro, Nelida, The Other Kurds: Yazidis in Colonial Iraq (London, 1999).

23- George, David Lloyd, Memoirs of the Peace Conference (New Haven, 1939), vol. 1-2.

24- George, David Lloyd, War Memoirs of David Lloyd George (Boston, 1936), vol. 1-5.

25- Guinn, Paul, British Strategy and Politics 1914 to 1918 (Oxford, 1965).

26- Haj, Samira, The Making of Iraq, 1900-1963: Capital, Power, and Ideology (New York, 1997).

27- Hourani, Albert, A History of the Arab Peoples (Cambridge, 1991).

28- Hourani, Albert, Minorities in the Arab World (London, 1947).

29- Hurewitz, J. C., Diplomacy in the Near and Middle East: A Documentary Record 1912-1956 (Princeton, 1956), vol. 1-2.

30 Hurewitz, J.C., The Middle East and North Africa in World Politics: A Documentary Record 1915-1945 (London, 1979) vol. 1-2.

31- Ireland, Philip, Iraq: A Study in Political Development (London, 1938).

32- Karsh, Efraim and Karsh, Inari, Empires of the Sand (Cambridge, 1970).

33- Keay, John, Sowing the Winds: The Seeds of Conflict in the Middle East (New York, 2003).

34- Kedourie, Elie, The Chatham House Version and Other Middle Eastern Studies (Chicago, 2004).

35- Kedourie, Elie, England and the Middle East: The Destruction of the Ottoman Empire 1914-1921 )London, 1956(

36- Keduorie, Elie, In the Anglo-Arab Labyrinth: The McMahon-Husayn Correspondence and its Interpretations (London, 1976)

37- Kent, Marian, Oil and Empire: British Policy and Mesopotamian Oil 1900-1920 (London, 1976).

38- Kent, Marian, Moguls and Mandarins: Oil, Imperialism and the Middle East in British Foreign Policy, 1900-1940, (London, 1993).

39- Khoury, Dina, State and Provincial Society in the Ottoman Empire: Mosul 1530-1834, (New York, 1997).

40- Klieman, Aaron, Foundations of British Policy in the Arab World: The Cairo Conference of 1921 (Baltimore, 1970).

41- Langley, Kathleen, The Industrialization of Iraq (Cambridge, 1961).

42- Lenczowski, George, Oil and State in the Middle East, (Ithaca, 1960).

43- Leslie, Shane, Mark Sykes: His Life and Letters (New York, 1923).

44- Longrigg, Stephen, Four Centuries of Modern Iraq (Oxford, 1925).

45- Longrigg, Stephen, Iraq, 1900 to 1950: A Political, Social, and Economic History(London, 1953).

46- Longrigg, Stephen, Oil in the Middle East: Its Discovery and Development (Oxford, 1961).

47- Luke, Harry Charles, Mosul and its Minorities (London, 1925).

48- MacMillan, Margaret, Peacemakers: The Paris Conference of 1919 and Its Attempt to End War (London, 2001).

49- Majd, Mohammad Gholi, Iraq in World War I: From Ottoman Rule to British Conquest (Lanham, 2006).

50- Marshal, William, Memories of Four Fronts (London, 1929).

51- McDowall, David, A Modern History of the Kurds (London, 1996).

52- Mejcher, H., Imperial Quest for Oil: Iraq 1910-1920 (London, 1976).

53- Meyeer, Karl E. and Brysac, Shareen Blair, King Makers: The Invention of the Modern Middle East (London, 2008)

54- Moberly, F.J., History of the Great War based on Official Documents: The Campaign in Mesopotamia 1914-1918 (London, 1927), vol. 1-4.

55- Monroe, Elizabeth, Britain's Moment in the Middle East 1914-1971 (London, 1981).

56- Nakash, Yitzhak, The Shi'is of Iraq (Princeton, 1994).

57- Neilson, Keith, Britain and the Last Tsar: British Policy and Russia 1894-1917 (Oxford, 1995).

58- Neilson, Keith, Strategy and Supply: The Anglo-Russian Alliance, 1914-17 (London, 1984).

59- Nevakivi, Jukka, Britain, France and Arab Middle East 1914-1920 (London, 1969).

60- Robinson, R. and Gallagher, J., African and the Victorians: The Official Mind of Imperialism, (London, 1961).

61- Rothwell, V.H., British War Aims and Peace Diplomacy (Oxford, 1971).

62- Shields, Sara, Mosul Before Iraq: Like Bees Making Five-Sided Cells (New York, 2000).

63- Soane, E. B., To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise (Boston, 2002).

64- Sluglett, Peter, Britain in Iraq (New York, 2007).

65- Simon, Reeva Spector and Tejirian, Eleanor, The Creation of Iraq 1914-1921 (New York, 2004).

66- Shwadran, Benjamin, The Middle East, Oil and the Great Powers (Jerusalem, 1973).

67- Trip, Charles, A History of Iraq (Cambridge, 2007).

68- Ullman, Richard, Anglo-Soviet Relations, 1917-1921 (Princeton, 1961), vol. 1-2.

69- Willcocks, W., Irrigation of Mesopotamia (New York, 1911).

70- Wilson, Arnold, Loyalties Mesopotamia 1914-1917 (Oxford, 1930).

71- Wilson, Arnold, Mesopotamia 1917-1920: A Clash of Loyalties (London, 1931).

72- Zeine, Zeine, The struggle for Arab Independence: Western Diplomacy and the Rise and Fall of Faisal's Kingdom in Syria (Delmar, 1960).

Zinkin, M. And T., Britain and India: Requiem for Empire (London, 1964).63-

کتێبەکان بە عەرەبی

1- Rahman Idris Saleh Al-Bayatti, Al-Barazinji and British Influence in Iraqi Kurdistan Until 1925 (London, 2005).
2- ‘Ali al-Wardi, Lamahat Ijtima’iyya min Ta’rikh al-‘Iraq al-Hadith (Baghdad, 1974), vol 1-9.

وتارەکان

1- Bonné, Alfred, “The Concessions for the Mosul-Haifa Pipe Line,” Annals of the
2- American Academy of Political and Social Science, 164, Palestine. A Decade of Development (Nov., 1932).
3- Fitzgerald, Edward Peter, “France's Middle Eastern Ambitions, the Sykes-Picot Negotiations, and the Oil Fields of Mosul, 1915-1918,” The Journal of Modern History, 66, 4 (Dec., 1994).
4- Goldstein, Erik, “British Peace Aims and the Eastern Question: The Political Intelligence Department and the Eastern Committee, 1918,” Middle Eastern Studies, 23, 4 (Oct., 1987).

5- Jones, G. Gareth, “The British Government and the Oil Companies 1912-1924: The Search for an Oil Policy,” The Historical Journal, 20, 3 (Sep., 1977).
6- Kedourie, Elie, “The End of the Ottoman Empire,” Journal of Contemporary History, 3, 4, 1918-19: From War to Peace (Oct., 1968).
7- Kedourie, Elie, “Britain, France, and the Last Phase of the Eastern Question,” Proceedings of the Academy of Political Science, 29, 3, Soviet-American Rivalry in the Middle East (Mar., 1969).
8- Khadduri, Majid, “The Alexandretta Dispute,” The American Journal of International Law, 39, 3 (Jul., 1945).
9- Khoury, Dina and Kennedy, Dane, "Comparing Empires: The Ottoman Domains and the British Raj in the Long Nineteenth Century," Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 27, no. 2 (2007).
10- Klieman, Aaron S., “Britain’s War Aims in the Middle East in 1915,” Journal of Contemporary History, 3, 3, The Middle East (Jul., 1968).
11- Millman, Brock, “A Counsel of Despair: British Strategy and War Aims, 1917-18,” Journal of Contemporary History, 36, 2 (Apr., 2001).
12- Rothwell, V. H., “Mesopotamia in British War Aims, 1914-1918,” The Historical Journal, 13, 2 (Jun., 1970).
13- Shields, Sara, “Sheep, Nomads and Merchants in Nineteenth-Century Mosul: Creating

Transformations in Ottoman Society," Journal of Social History, 25, 4, (Summer 1992).

**بەڵگەنامەکان**

1- Bell, Gertrude, Review of the Civil Administration, 1914-1920, Cmd. 1061, 1920.
2- Rush, Alan de Lacy and Priestland, Jane, Records of Iraq 1914-1966 (Slough, 2001), vol. 1-15.
3- Woodward, E.L. and Butler, Rohan, Documents on British Foreign Policy (London, 1952) series 1, vol. 4.
4- Bourne, K. and Watt, D. C., British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers From the Foreign Office Confidential Print (Fredrick, 1985).

# پاشکۆکان

## یەکەم: چواردە خاڵەکەی سەرۆک ویدرۆ ویلسن

### بەراییەک لە وەرگێڕەوە:

ئاشــــکرایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک پێویســـــت و وەک ئیمپراتۆرەکانی دیکە نەچووبووە نێو جەنگی یەکەمی جیهان، هەر بۆیە لە کۆتایی جەنگەکەدا، وەک بریتانیا و فرەنسا دەستکەوتی دوای جەنگەکەی نەڕنییەوە. دەشگوترێ تا دوای جەنگیش وڵاتە یەکگرتوەکان نەبووبووە ئەو زلهێزەی سەردەمی جەنگی دووەم، خۆ ئەو قسەیەش هەر هەیە کە ئەو جەنگە و لێکەوتەکانی بوونە مایەی بچووکبوونەوەی هێزی زلهێزەکانی جیهان لە نێویشـــــیاندا بریتانیای مەزن، ئەوەی دەگوترا هەرگیز خۆری لێ ئاوانابێ.

هەرچۆنێک بێ، لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمدا هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەرییانە بەشداری تێدا نەکردبوو، لەوانەشە پێگەی جوگرافی و هێز و بەرژەوەندییەکانی وای لێکردبێ، کەچی کۆتاییهاتنی جەنگ و دادۆشانی دەوڵەتە براوەکانی بە دەرفەت زانی، بەتایبەتیش دوای کشانەوەی ڕوسیای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕێککەوتننامە دووقۆڵی و سێ قۆڵییە ژێربەژێرەکانی، نەخاسمە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ لەگەڵ هەریەک لە بریتانیا و فەرەنسا، بەڵکو بە بەهێزی خۆی نیشان بدا و لە

پێگەیەکی وەهادا بێ هێزی بازووی خۆی نمایش بکا و خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو بە شـــێوەیەکی دیکە بێتە پێشـــەوە. بە جۆرێک زیاتر لە نەتەوە بندەســـت و دۆڕا و بچووکەکان بچێتەپێش و ببێتە دەمڕاستیان.

ئەوە بوو تۆماس ویدرۆ ویلسن (١٨٥٦-١٩٢٤) لە هەژدەی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا لەبەردەم کۆنگرێســـی ئەمریکادا دوانێکی دا، دوانەکە بووە بوویەرێکی مێژوویی، دوانەکە لە پێشبەندێک و چواردە خاڵ و پاشبەند پێکهاتوە، لە مێژووی سـیاسـیدا بە دوانی چواردەخاڵەکەی ویدرۆ ویلسـن، یان بە چواردە بنەماکەی ویلسن ناوی دەرکرد.

ئەوەی ڕاســـتی بێ، ئەم وتارە یان ئەم دوانەی ســـەرۆکی ئەمریکا لە ســـیاســـەت و قانونی نێودەوڵەتی دوای جەنگدا پێگەیەکی قانونییانەی زۆر بەرزی بۆ خۆی کردەوە، چونکە ڕاشـکاوانە لە چارەنووســی ئەو نەتەوە بندەسـتانە دوا کە پێشـــتر لەبن قەڵەمڕەویی دەوڵەتی عوســـمانیدا بوون، یان هەرهیچ نەبێ وەک بەڵگەنامەیەکی قانونی مێژوویی لەبارەی جەختکردنەوە و ناســـاندنی بنەمای خۆســـەری یان مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس چووە نێو تۆمارگەی مێژوو.

ئەوەی لەبارەی خۆبڕیاردانی مافی چارەنووس لە مێژووی ســـیاســـیدا جێگەی تێبینی و مایەی تێڕامان بێ، بەدەر لە

لایەنە فەلسەفییەکەی، کە خۆی لە شیکردنەوەی فەلسەفی سیاسییانەی بیرمەندەکانی فەرەنسا و دەرچەی شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنساوە دەبینێتەوە، کەچی لە لایەنی بانگەوازی سیاسییانە و کردەییەوە زیاتر مۆری ئەمریکایی بەنێو چاوانەوەیە. ویڕای ڕەوایەتی بە بنەماگرتنی ئەو مافە لە سەربەخۆیی ئەمریکا لە ١٧٧٦دا دەبینین لە سەلماندن و بانگەوازکردن بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس. پەنجەی شایەتمان بۆ دوو سەرۆکی ئەمریکا ڕادەهێشترێ.

مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس وەک بنەمایەک بۆ دوانەکەی جێمس مۆنرۆ (١٨١٧-١٨٢٥)ی پێنجەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، ئەو دوانەی لە لاپەڕەکانی مێژووی سیاسی و قانونیدا بە ڕێبازی مۆنرۆ ناسراوە، ئەو بنەمایانەی لە ڕێبازەکەیدا هاتبوون لە ١٨٢٣دا سەرداوەکەی دەرکەوتبوون، کەچی بە تەواوی تا ساڵی ١٨٥٠ پەردەی لەسەر لانەدرا. ئەوەی بە ڕێبازی مۆنرۆ ناسرا، لەسەروبەندی ڕزگاربوونی کۆلۆنەکانی ئەمریکادا بوو لە دەستی کۆلۆنیالی ئیسپانی، بۆ ئەوەش بوو ڕێ لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان بگرێ تا دەست نەخەنە نێو کاروباری وڵاتە سەربەخۆکان و ئیدی بڕیاری خۆیان بەدەستی خۆیان بێ. هەر ئەم ناوەڕۆکەش وایکرد پایتەختی دەوڵەتی مەنرۆڤیا لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئەفریقیا بەناوی مۆنرۆ بکرێ و ببێتە مەنرۆڤیا.

هی دووەم جاریش لە ســـــەروبەندی کۆتـاییهـاتنی جەنگی یەکەمی جیهان و دوانە بەناوبانگەکەی ویدرۆ ویلسن بوو.

ئەوەی ڕاســـتی بێ، ئەم دوو دوانانە، چ ڕێبازی مۆنرۆ و چ چواردە خاڵەکەی ویلســــن بوونە بنەمایەکی قانونی، بوونە بەڵگەیەکی حــاشـــــاهەڵنەگری نێودەوڵەتی بۆ ڕەوایەتیی داخوازیی نەتەوە بندەســـتەکان و دەســـتگرتنیان بە بنەمای مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس.

کاتێکیش وڵاتە براوەکانی جەنگی یەکەم کەوتنە مشـــــتومڕ لەسەر دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوسا ئەو بنەمایانەی ویلســن بە زەقی و بە گوڕ هاتنە پێشــەوە. بۆیە کاتێک باسـی سـەربەخۆبوونی دەوڵەتەکانی ئەوکات دەکرێ، کاتی باسی ڕەوایەتیی سەربەخۆبوونی نەتەوە بندەستەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرێ، ڕاشکاوانە پەنجە بۆ خاڵی دوازدەهەمینی وتارەکەی ویلسن ڕادەهێشترێ، کە تەرخانە بۆ پـاشـــمـاوەی لەبـاریەکهەڵوەشـــاوەی ئیمپراتۆرییەتی عوســمانی، بەوەی بەشــە تورکەکەی ســەروەریی خۆی بۆ بپارێزێ و باقی نەتەوەکانی دیکەش مافی خۆبەڕێوەبردنیان پێبدرێ و ئاوی دەردەنیلیش بۆ کەشـــتیرانیی نێودەوڵەتی کراوە بێ. دیارە ئەو دابەشـــکردنە و خەتخەتدانی خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوین دوای جەنگ لەســـەر دەســـت و بەپێی بەرژەوەندیی هەریەک بریتانیا و فەرەنســـا هاتەئارا، لە

کۆنگرەی ئاشـتی لە پاریس و ڕێککەوتننامەکانی سـان ڕیمۆ و سـیڤەر و لە هەمووشـیان کردەییتر ڕێککەوتننـامە شـوومەکەی سـایکس پیکۆ، ئەوەبوو وڵاتانی بەلکان بە شـێوەیەک لە شـێوەکان لە چنگی تورک ڕزگاریان بوو، بە مافی خۆسـەریی گەیشـتن، هەروەها عەرەبیش چەندین دەوڵەتیان بۆ دامەزرا، کەچی نەتەوە بندەسـتەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسـمانی، لەپێش هەمووشـیانەوە کورد، هەروەک پێشـتر بە بندەسـتی مایەوە، ئەمجارەیان دابەش بووە سـەر دوو دەوڵەتی عەرەبی لە سـوریا و عێراق و پارچە هەرە گەورەکەشـی دوای سـەرکەوتنەکانی مسـتەفا کەمال لە ڕێی ڕێککەوتننامەی شـوومی لۆزانەوە هەر بە بندەسـتی تورک مـایەوە. ئەوەی ڕاگوزەریـانەش سـەرنجی بەنـدەکـانی ڕێککەوتننـامەی لۆزان و ئەو چواردەخـاڵەی ویلسـن، نەخاسـمە خاڵی دوازدەمینی بکا، دەبینێت پێشـێلکارییەکی زەقوزۆپی تێدایە. ئەمەش سـەلمێنەری بنەمـایەکی دیکەی عورفی هێز و ئەمری واقیعی نیوەی دووەمی سـەدەی رابردوو بوو، بەوەی کاتی شـەڕ هەڵدەگیرسـێ و تۆپ دەتەقێنرێ و دیکتـاتۆر خۆی دەسـەپێنێ، ئەوا بنەمـا مافخوازەکانی قانونی نێودەوڵەتی هەڵدەپەسێردرێن!

لێرەدا بۆیە ئەم چواردەخاڵەمان کردە پاشکۆی ئەم کتێبە، چونکە هەم لەبەندەکانی سەرەتای کتێبەکە ئاماژەی جەوهەریی پێداوە، هەم گرنگیشە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕۆڵی دەوڵەتە زلهێزەکانی بریتانیا و فەرەنسا و بێهێزمانەوەی ئەمریکا لە گەمەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی دوای جەنگ.

o

## دەقی دوانەکە: ٨ی کانوونی دووەمی١٩١٨

## جوامێرانی کۆنگرێس:

جاریکی دیکە هەروەک پێشتریش دووبارە کراوەتەوە، وتەبێژانی ئیمپراتۆریەتەکانی ناوەندی، ئاماژەیان بە حەزی خۆیان بۆ تاوتوێکردنی جەنگ و بنەمای ڕێتێچووی ئاشتیی گشتی داوە. دانوساندکاران لە برێست –لیڤستۆک لە نێوان نوێنەرانی ڕوسی و نوێنەرانی هێزەکانی ناوەندی لە پێشوەچوون دان سەبارەت بە ڕاکێشانی سەرنجی هەموو لایەکی پەیوەندیدار بە جەنگ بۆ ئەوەی بانگبکرێ بۆ ئامانجی دڵنیابوون بە ئەگەری ئەوەی ئەو دانوسانانە بەرفراوانتر بکرێ تا لەبارەی هەلومەرجی ئاشتی و چارەسەری ببێتە کۆنفرانسێکی گشتی.

نوێنەرانی ڕوسیا وەنەبێ هەر لێدوانێکی تەواوعەیاریان سەبارەت بە بنەماکان پێشکەشنەکردبێ، کە دەکرێ ئاشتی لەخۆبگرێ، بەڵکو بەرنامەیەکی یەکلاکەرەوەشیان بۆ کردەنیازی کۆنکرێتانەی ئەم بنەمایانە دارشتووە. نوێنەرانی هێزەکانی ناوەندیش بە نۆرەی خۆیان سەرەداوی چارەسەریان خستووەتەڕوو، هەرچەندە یەکلابوونەوەی کەمتریشی تێدابیت، بەڵام دیارە بۆ لێکدانەوەی لیبرالییانە وروژێنەرە تا ئەو بەرنامەیەی بە هەلومەرجی پراکتیکیان،

که بۆیان زیادکردووه، جێبەجێبکرێ. ئەم بەرنامەیەش هیچ سازشێکی نه بۆ سەروەریی ڕوسیا و نه بۆ ئەو خەڵکانەی چارەنووسیان کەوتۆته بەردەستیان تێدایه، بەڵام به گوێرەی وتەی هێزەکانی ناوەند، واتای ئەوە دەگەیەنێ، له هەر بسته زەوییەک –هەموو پارێزگا ، هەموو شارێک و هەموو پنتێک تێیدا پێشڕەوییان کردبێ- که پێیان لەسەر ناوه و داگیریان کردووه وەک ئەوەی بەشێکی زیادیان بۆ خستبێته سەر خاکی هێزەکانیان، بمێننەوە.

خەملاندنێکی ئاوەزمەندانەیه که بنەما گشتییەکانی چارەسەرکردن، ئەوەی بۆ یەکەم جار و له بنەڕەتییەوه پەیوەست بوو به دەوڵەتمەداره لیبرالەکانی ئاڵمان و نەمسا، ئەو پیاوانەی سەرەتا هەستیان به هێزی بیر و ئامانجی گەلەکانیان کرد، له کاتێکدا مەرجه کۆنکرێتییەکانی چارەسەری هەنووکەیی لەو سەرکردە سەربازیانەوە هات، ئەوانەی هیچ بیرۆکەیان نەبوو تەنیا پاراستنی ئەوە نەبێ، که دەستیان کەوتووه. دانوساندنەکانیش پچڕان. نوێنەرانی ڕووسیا ڕاستگۆ و پەرۆش بوون. ئەوان ئەو پێشنیازانەی داگیرکاری و باڵکێشبوونیان پێ هەرس نەکرا.

هەموو پێشهاتەکه پڕ له ئاماژەی واتادارە. هەروەها پڕ له حەیرانبوونیشە. تۆ بڵێی نوێنەرانی ڕوس لەگەڵ کێدا ڕێکبکەون؟ نوێنەرانی هێزەکانی ناوەند قسه بۆ کێ بکەن؟

ئایا ئەوان قســـــە بۆ زۆرینەی نوێنەرایتییە پەرلەمانەکانیان دەکەن یــاخود بۆ کەمینەی حیزبەکــان، کەوا کەمینەی ســـەربازی و ئیمپریالیســـتیانە بەجۆرێک بەســـەر تەواوی ســـیاســـەتیاندا باڵکێشـــە و جڵەوی کاروباری تورکیا و دەوڵەتەکانی بالکانیان لەبەردەســتە، بەوەی کە هەســت بەو پابەندییەی هاوکاریان لە جەنگدا دەکەن؟

نوێنەرانی ڕوس زۆر ڕەوایانە و زۆر هۆشـــمەندانە و بە گیانی دیموکراســـیی نوێوە جەختیان لەســـەر ئەوە کردەوە، کە ئەو کۆنفرانســـــانەی لەگەڵ دەوڵەتمەدارانی تورکی و تێوتۆنیک/ ئاڵماندا گیراوە، دەبووایە کۆنفرانســـی کراوە بان، نەوەک لە پشـــت دەرگا داخراوەکان بوونایە و هەروەک دەشخوازرا هەموو دونیاش ئاگایان لێبووایە. کەواتە تۆ بڵێی گوێ لە کێ گیرابێ؟ گوێ لەو کەسانە گیرابێ کە بە گیان و نیازی چارەسەری ڕایشتاخی ئاڵمانی لە نۆی تەمووزی ئەو دواییە گیرابێ، گوێ لە گیانی نیازی سەرکردە لیبرالە حیزبە ئاڵمانەکان گیرابێ، یان ئەوانەی بەرگری و دارِســـانە ئەو گیـان و نیـازە و ســـوور بوون لەســـەر داگیرکـاری و چەوســـــانـدنەوە؟ یـان لە ڕاســـتیـدا بە شـــێوەیەکی چارەسەرنەکراوی و بە کراوەیی و دژبەرییەکی کەساسانە گوێمان لە هەردووکیان دەگرین؟ ئەمانە پرسی زۆر جدی و ئاوسن. ئاشتیی جیهانیش بەندە بە وەڵامی ئەم پرسانە.

لێ دەرەنجـامی ئەو گفتوگۆیەی دژەکـان لە بریســـــت - لیتۆڤیســــــک هەرچییەک بێ، ئەو ئـاڵۆزی و پشـــێویەی ڕاوێژکاری و ئـامـانجی ئاخێوەران بە زمـانی ئیمپراتۆریەتە ناوەندەکان هەرچییەک بێ، ئەوان دیسان هەوڵیانداوە جیهان بە ئامانجەکانیان لە جەنگەکەدا ئاشـــنا بکەن و دیســـــان دارڕســــانەوە میملەکانیان تا بلێن کەوا ئامانجیان چییە و چارەسەریان بۆ کێشەکان، کە بەلای ئەوان ڕەوا و گونجاوە. هیچ هۆکارێکیش لە ئارادا نییە کە بۆچی ئەو دارڕسـانە وەڵام نەدرێتەوە، وەڵامــدانەوەیەک بەوپەڕی ڕاوشـــکـاوییەوە. ئێمەش چـاوەڕێی ئەوەمـان نەکرد. نەوەک جـارێـک بەڵکو لەهەر کات و دەرفەتێکدا بە پێناســـەی و ئاشــکراوڕوون و لێبڕاوانەوە و بە دەســـتەواژەی تەواو ماناوە مەرج و دۆخی چارەســـەری پێویســـتمان خســتووەتە ڕوو. لە دوا هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ مســتەر لوید جۆرجدا بەوپەڕی ســەرسـامی ڕاشـکاویی و بە ســەرسـامبوون بە گیانی گەل و حکومەتی بریتانیای مەزنەوە قسەمان کرد.

خۆی هیچ ئـاڵۆزی و پشــــێویەک لە نێو ڕاوێژی نەیـارانی ناوەندی هێزە زلهێزەکاندا نییە، هەروەها هیچ نادڵنیایی لە بنەماکانیشـدا نییە، ناڕوونی لە وردەکانیشـدا هەر نییە. تاکە نهێنی ڕاوێژ، تـاکە کورتهێنی لە ڕاشــــکـاوی نەترس، تـاکە شکست لە ناڕوونی پێناسە بۆ ئامانجەکانی جەنگ دەکەوێتە ســەر شـانی ئاڵمان و هاوپەیمانەکانی. پرسـی مەرگ و ژین

بەندە بەو پێناسانەوە. هیچ دەوڵەتمەدارێک کە بەلای کەمییەوە هەستی بەرپرسیارێتی هەبێ، ڕێگە بە خۆی نادا بە هیچ شێوەیەک هیچ هەنگاوێکی دیکە لەگەڵ ئەو تراژیدیایە بڕوا و ئەو خوێنڕێژی و دادۆشینەی گەنجینە بەردەوام بێ مەگەر تا ئەوسەری بڕوابوون پێی وابێ ئەم قوربانییە کوشندانە بەشێکن لە ژیانی کۆمەڵگە خۆی و خەڵکەکەش، ئەوانەی بەناویانەوە دەدوێ لەو بڕوایەدان کە ئەوەی ئەو دەیکا ڕاستە و شتێکی حەتمیشە.

لەوەش زیاتر، دەنگێک بۆ پێناسەکردنی بنەما و مەبەستەکان هەیە، بەلای منەوە ئەو دەنگە زیاتر هەژێنەرە و قەناعەتپێکەرە لەهەر دەنگ و ژاوەژاوێکی دیکە، کە ئەو جیهانە پڕ لە ئاژاوە کردووە. ئەمەش دەنگی گەلی ڕووسە. ئەوان ماندوو و شەکەت و خەریکە دادەهێزرێن، پێدەچێ لەبەردەم هێزە شوومەکەی ئاڵمان وابن، کە تا ئێستا بە هیچ سۆز و بەزەییەک نەناسراوە. ئەم هێزەیان، پێدەچێ لەبارییەک هەڵوەشابێ. کەچی هێشتا گیانەکەیان دەستەمۆ نەکراوە. ئەوان نە لەبن بنەما و نە لەبن کردەیەکدا دەچەمێنەوە. تێگەیشتنی ئەوان لەوەی چ شتێک هەقە، ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی ئەوان گونجاو و شیاوە تا پێی قایل بن، زۆر بە ڕوونی دەربڕاوە، نواڕینی بەرفراوانی ئەوان و بەخشندەی ڕوحانیەتیان و هاوئاوازی مرۆڤایەتیی جیهانی دەبێ دابڕسێنە سەرسامی هەموو دۆستێکی مرۆڤایەتی؛

ئەوانیش ڕەتیان کردەوە بەوەی بەها باڵاکانیان بگونجێن یاخود واز لە خەڵکانی دیکە بهێنن، کە بە هۆیەوە خۆیان سەلامەت دەبن.

ئەوان بانگیان کردین تا ئەوەی لە نیازیاندا هەیە پێمان ڕابگەیەنن، ئیدی بە هەر شێوەیەک بێ، ئەوا ئامانج و گیانی دنەدەری ئێمە لەگەڵ هی ئەوان جیاوازە. بڕواشم وایە گەلی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیانەوێ وەڵامێکم هەبێ، وەڵامێک بەوپەڕی ڕوونی و ڕاشکاوی بێ. هەرچۆنێک بێ، سەرۆکە هەنووکەییەکانی ئەوان بڕوا بکەن یان نەیکەن، ئەوا خواستی ناخی دڵمان و هیوای ئەوەی کە دەبێ دەروویەک بکرێتەوە بەشێوەیەک، بەڵکو ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ یارمەتی ڕووسەکان بدەین بگەنە ئەوپەڕی هیوا بۆ ئازادی و ئاشتییەکی سیستماتیک.

هەر دەبێ ئارەزوو و ئامانجی ئێمە ئەوەبێ، کە پێواژۆی ئاشتی هەر لە دەستپێکییەوە، دەبێ بە ڕەهاییەوە کراوە بێ و دەبێ لە ئێستاش بە دواوە پەیوەندیدار بێ و ڕێگە نەدا هیچ بەدحاڵیبوونێک بهێنێتە کایەوە. ڕۆژی داگیرکاریی و کەڵەگایی بەسەرچوو؛ هەروەها ڕۆژی پەیمانە نهێنییەکانیش چووە نێو بەرژەوەندی چەند حکومەتێکی تایبەت و پێدەچێ لە هەندێ حاڵەتدا بۆ شێواندنی ئاشتی جیهان بێ. ئەمەش ڕاستییەکی شادمانییە، ئاخر ئێستا بە ڕوانینی هەموو

کەسێکی گشتیی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی هزرەکانی چیدی بە سەردەمێک نەبەستراوەتەوە، کە مردووە و بەسەرچووە، ئەمەش ئەو توانستە دەهێنێتەپێشەوە، کە هەر نەتەوەیەک ئامانجەکانی لەگەڵ چەسپاندنی دادپەروەری و ئاشتی بۆ جیهان تێکبکاتەوە، ئەوا لەبەرچاوبگیرێ و دانیپێدابنرێ.

ئێمە بۆیە چووینە نێو ئەم جەنگە، چونکە ماف پێشێلکرا و بە شێوەیەک ئێمەشی گرتەوە و ژیانی خەڵکی ئێمەی هەراسان و ئەستەم کردبوو، هەر دەبوایە دۆخەکە چاکبکرێتەوە و جیهان جارێکی دیکە لە دژی پێشێلکاریدا ئاسایی بکرێتەوە. بۆیە ئەوەی ئێمە لەو جەنگە داخوازمانە، هیچ شتێکی تایبەت بۆ خۆمان نییە. بۆ ئەوەیە جیهان وا بگونجێدرێتەوە کە بە ئاسایشی تێدا بژین، بەتایبەتیش بۆ هەموو نەتەوەیەک هەروەک نەتەوەکەی خۆمان بێ، بە جۆرێک نەتەوەکە ژیانی خۆی هەبێ و خۆی بڕیار لەسەر دامودەزگاکانی خۆی بدا، ئاسایشی دادپەروەریی و ئاشتی ئاسایش بەرقەرار بێ هاموشۆی لەگەڵ گەلانی جیهان هەبێ و دژی هەر بەدهێزی و دەستدرێژییە خۆپەرستانە بێ. هەموو نەتەوەکانی جیهان بە کردەوە لەم بەرژەوەندیەدا هاوبەشن، بە دەوری خۆشمان زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا تا دادپەروەریی بۆ ئەوانی دیکە نەیەتە کایە ئەوا بۆ ئێمەش مەیسەر نابێ. هەر بۆیە بەرنامەی ئاشتی جیهان، بەرنامەی

ئێمەیە، هەروەها ئەم بەرنامەیە تاکە بەرنامەی مومکینە، هەر بۆیە ئێمە ئەوەی خوارەوە دەبینین:

١- پەیماننامەی ئاشتی کراوە، بە ڕاشکاویی بێنەبەردەست، دوای ئەوە نابێ هیچ لێکتێگەیشتنێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە هیچ جۆرێکیان سازبکرێ، بەڵام هەمیشە دەبێ ڕێگای دیپلۆماسی ڕاشکاوانە و لەبەرچاوی گشتیدا بێ.

٢- ئازادییەکی هاتوچۆی ڕەها بۆ ڕێگەی دەریا، ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی ئاوی پاوانی نێوخۆ دان، ئەم حاڵەتەش چ لەکاتی جەنگ یان ئاشتی دەبێ وەک یەک بێ، مەگەر تەواوی دەریا یان بەشێکی بە ڕێکارێکی جێبەجێکاری پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی داخرابێ.

٣- تا بکرێ هەموو ئاستەنگێکی ئابووری هەڵبگیرێ و هاوشانی بەرابەری لە هەلومەرجی بازرگانی لەنێو هەموو دەوڵەتان دابمەزرێ، ئەوانەی بە دوای ئاشتیدا دەگەڕێن و هاوکاری لەنێوانی خۆیاندا دەکەن بۆ پارێزگارکردن لێی.

٤- دەستەبەری دروست و بەجێ بدرێ بۆ ئەوەی پڕچەککردنی نیشتمانی بۆ ئاستی هەرە نزمی خۆی دابەزێ، کە لەگەڵ ئاسایشپارێزی نێوخۆییدا بێتەوە.

٥- گونجاندنێکی تەواوی ئازادانە و ڕاشـــــکاوانە بۆ هەموو داخوازییەکی کۆلۆنیـالیـانە، ئەمەش لەســـــەر بنەمـای پابەندبوونێکی شـێلگیرانە بەو سـەرەتایەی، کە بڕیاردەرە لە هەموو ئەو جۆرە پرســـــانەی تایبەتمەند بە ســـــەرووەریی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەکەوە هەیە، کە پێویســـتە بە هەمان قوڕســـــایی داواکاریی حکومەتەکانەوە هەبێ کە بڕیاردەری هەمان ناونیشانی حوکمڕانین.

٦- بەجێهێشـــتنی هەموو هەرێمی ڕوســـی و چارەســـەری هەموو پرســـــەکانی پەیوەندی بە ڕوســـیاوە هەیە دەبێ بە شـێوەیەکی ئاسـایشـپارێزانە وەها بێ، کە ئەوپەڕی ئازادی هـاوکـاری نەتەوەکـانی[٢٥٢] دیکەی جیهـان بۆ بەدەســـــتهێنـانی دەرفەتی بێ لەمپەر و ئاستەنگەکەی بڕیاردانی سـەربەخۆی خۆیان لە بەرەوپێشـبردنی پرسـی سـیاسـی و سـیاسـەتی نەتەوەییان هەروەها دامودەزگاکانی خۆیانەوە پێشـــــوازی ڕاستگۆییانەی لە نێو نەتەوە سەربەخۆکان لێبکرێ؛ بەڵکو لە پێشـوازیش هەورازتر، پشـتگیرییان بە هەموو جۆرێک بکرێ لەو بوارانەی پێویســـــتیان پێیەتی و خۆیان داخوازیانە. ئەو ڕەفتـــارەی لەو چەنـد مـــانگەی داهـــاتوو لە لایەن وڵاتە دەستەخۆشـکەکان بۆ ڕوسـیا دەکرێ، دەکرێ ببێتە سـەنگی مەحەک بـۆ نـیـازپـاکـی خـۆی، بـۆ لـێـتـێـگـیەشـــــتـن لە

[٢٥٢] لێرەدا وشـەی نەتەوە بەواتا کۆمەڵناسـییەکەی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەواتا سیاسییەکەی واتە دەوڵەت نەتەوە هاتووە. وەرگێڕ

پێداویســـتییەکانی کە لە بەرژەوەندییەکانی جیای دەکاتەوە، هەروەها بۆ هەماهەنگیی زیرەکانە و خۆنەویستانەی خۆیان.

٧- ســـەبارەت بە بەلژیک، ئەوا هەموو جیهان کۆکە لەســـەر ئەوەی دەبێ چۆڵبکرێ و نۆژەنبکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک بۆ ســـنووردارکردنی ســـەروەری بدرێ، ئەوەی لە هەبوونیدا هاوبەشـــە لەگەڵ باقی نەتەوە ئازادەکانی دیکەدا. هیچ تـاکە کردەیەکی دیکە خزمەت نـاکـاو متمـانەی لە نێو نەتەوەکـان بە قـانون بۆ نـاگەڕێنێتەوە بەوەی، کە خۆیـان بڕیـاردەری حوکمڕانی خۆیـان نەبن لە پەیوەنـدییەکـانییـان لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا. بەبێ ئەو کردە شیفابەخشە ئەوا بونیاد و ڕەوایەتیی ســـــەرلەبەری قانونی دەوڵەتی بۆ هەتا هەتایە بنکۆڵ دەبێ.

٨- هەموو خاکی فەرەنســـــا دەبێ ئازاد بکرێ و بەشـــــی داگیرکراوەکانی بدرێنەوە و ئەو هەڵەیەی پرۆسیا لە ١٨٧١دا دەرهەقی فەرەنســـــای لەبـارەی ئەلزاس-لۆرین کردووە، ڕاســـتبکریتەوە، کە بە هۆیەوە ئاشـــتی جیهانی بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ســـاڵ شـــڵۆق کرد، ئیدی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئـاشـــتی بگەڕێتەوە و بەرژەوەنـدی هەموو لایەک بپارێزرێ دەبێ هەڵەکە ڕاستبکرێتەوە.

٩- دەبێ ســـــنوورەکانی ئیتالیا، ئەوانەی بە هۆیەوە گیرۆدە بوون، بە گوێرەی نـاســـینەوەی هێڵی نەتەوایەتی هەموار بکرێنەوە.

١٠- گەلانی نەمســـا-هەنگاریا، حەزمان لێیە پێگەی ئەوان لە نێو دەوڵەتاندا ســـەلامەت و پارێزراو بێ، پێویســـتیشـــە دەرفەتی ئـازادانەیـان بۆ بەرەوپێشـــبردنی ئۆتۆنۆمییـان پێبدرێ.

١١- ڕۆمانیا، سێربیا و مۆتنێمێنگرۆ دەبێ چۆڵ بکرێ؛ خاکی داگیرکراو بگەڕێندرێتەوە؛ پێویســتە ڕێگەی دەریای ســێربیا ئازاد و ئاســـایشـــی بۆ دابین بکرێ؛ هەروەها پەیوەندی ئەو چەند وڵاتانەی بەلکان بە یەکەوە بە ڕاوێژی دۆستایەتی بێ، کە بنەمای هێڵی مێژووی لایەنداریێتی نیشتمانییان دیاریدەکا؛ هەروەها ســـەربەخۆیی باری ئابووری و ســـیاســـیی و لەیەکدانەبڕاوی سەروەریی نێودەوڵەتی ئەو چەند دەوڵەتەی بەلکان بۆ دەستەبەر ببێ.

١٢- دەبێ ســـەروەری ئەو بەشـــە تورکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مسۆگەر بکرێ، بەڵام دەبێ ئەو نەتەوانەی ئێستا لەبن جڵەوی دەســـەڵاتی تورکـدان دڵنیـابکرێنەوە و بەبێ دوودڵیش ئاســـایشـــی ژیانیان بۆ دابینبکرێ و بەبێ هیچ لەمپەرێکیش دەرفەتی بەرەوپێشــبردنی ئۆتۆنۆمییان پێبدرێ،

دەردەنیلیش دەبێ بە بەردەوامی بۆ هـاتوچۆی گشـــتی و بـازرگـانی هەموو دەوڵەتـان لەژێر ســـایەی نێودەوڵەتیـدا دەستەبەر بێ.

١٣- پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆی پۆلۆنی دابمەزرێ دەشبێ ئەو خاکە دانەبڕاوەی بگرێتەوە، کە بەبێ کێشە گەلی پۆلۆنی ئاکنجییەتی، هەروەها دەشـبێ ڕێگەی ئازادانەی بۆ گەیشـتنە ســـەر دەریا مســـۆگەر بکری بە شـــێوەیەکیش بێ کەوا ســەربەخۆیی سـیاسـی و ئابووریی و یەکانگیریی خاکەکەی لە لایەن ڕێککەوتننامەی نیودەوڵەتی بۆ مسۆگەر بکرێ.

١٤- پێویســـتە هـاوئـاهەنگییەکی گشـــتیی لە دەوڵەتـان لە پەیماننامەیەکی دەســـنیشـــانکراو بۆ مەبەســـتی بەدیهێنانی دەستەبەری دوولایەنەی سیاسەتی سەربەخۆی یەکانگییری هەرێم وەک یەکی دەوڵەتە گەورە و بچووکەکان.

هەرچی پەیوەنـدی بە ڕاســـتکردنەوەی ئەو نـاڕاســـتییە چارەنووســـســـازییانە و دەربڕینی نیازپاکییەوە هەیە، ئێمە خۆمان بە بەشدارێکی دڵسۆزانەی هەموو حکومەت و گەلان دەزانین، ئەوانەی پەیوەنـدییەکی هـاوبەشـــیـان لە دژی ئیمپریـالیســـتـاندا هەیە. ئێمە نـاکرێ لە بەرژەوەندییەکـان جیـابکرێینەوە یـاخود لە ئـامـانجەکـان داببڕێین. ئێمە تـا کـۆتـایـیەکەی بەیەکەوەیـن. بـۆ ئەو جـۆرە تەداروکە و

پەیوەســـــتییـانە ئێمە ئـامـادەی ململانێین تـا ئەو کـاتەی ئامانجەکە بەدی دێ؛ بەڵام ئەمەشــــیان تەنیا بۆ ئەمەیە کە ئێمە دەمانەوێ حەق ســــەرکەوێ و ئاشـــــتییەکی ڕەوا و ســــەقـامگیر بەرپـابێ ئەمەش نـایەتە دی تـا هەموو ئەو دارِســانە گرنگانە بۆ شــەڕ ســەردەکێشــن لانەبرێن، ئەوەی بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە ڕیشــەکێش دەکرێ. ئێمە ئێرەیی بە گەورەیی ئاڵمان نابەین و هیچی وەهاش لەو بەرنامەیەدا بۆ بنکۆڵکردنی ئەم شتە لە گۆڕێدا نییە. ئێمە هیچ دەستکەوتێکی بۆ ناوازەبوونی لە بواری فێربوون و پڕۆژەی ئاشـــتییانە بە ســــووکی ســــەیر ناکەین ئەوانەی تۆمارەکەی بە ڕوونی و گەشــاوەیی هێشــتووەتەوە و بووەتە مایەی ئیرەیی پێبردن. ئێمە نــامــانەوێ زیــانی پێبگەیەنین یــاخود ڕێگربین لە دەســترۆیشــتن و دەســەڵاتی ڕەوای خۆی بەهیچ شـێوەیەک. هەروەها ئێمە حەزناکەین چ بە چەک یان بە ڕێکخســــتنی نەیارانەی بازرگانی دژی بوەســــتینەوە ئەگەر هاتوو ئەو خۆی بیەوێ لەگەڵ ئێمە و نەتەوە ئاشـــتیخوازەکانی ســـەر ئەم گۆی زەمینە بچێتە نێو پەیمـاننـامەی ڕەوا و قـانون و ڕاستیی لە پشکهەبووندا باڵکێش بێ. ئێمە هەر تەنیا ئەوەمان دەوێ، کەوا ئەو پێگەی یەکســـــانیی خۆی لە نێو گەلانی جیهاندا بپەژرێنێ، _ ئەو جیهانە نوێیەی کە ئێســـــتا تێیدا دەژین_، ئەمەش لەبری پێگەی کوێخایەتی.

هەروەها ئێمە بەدوای ئەوەشدا ناگەڕێین، کە هیچ گۆڕانکاری و دەســـــتکاری لە دامودەزگاکانی بکات، بەڵام خۆ ئەوە پێویستە، پێویستە ڕاشکاو بین، ئەوە بۆ هەر هاموشۆیەکی زیرەکانە پێویســـتە ئاخۆ ئێمە لەگەڵ چ لایەک هەڵســـوکەوت دەکەین، پێویســـــتە ئێمە ئەوە بزانین ئاخۆ وتەبێژی وڵاتەکە کێیە کە لەگەڵ ئێمە دەکەویتە گفتوگۆ، ئـاخۆ ســــەر بە زۆرینەی ڕایشتاخە یاخود سەر بە سوپایە و لەو کەسانەن کە مەیلی پاوانخوازیی ئیمپریالیانەیان هەیە.

بە دڵنیاییەوە ئێمە ئێستا بە دەستەواژەی کۆنکریتی و دوور لە گومان و پرســـیار هاتینە زمان. ســـەرەتایەکی ڕوون و ئاشـــکراش بە هەموو بەرنامەکەم دیارە کە ســـەرەداوەکانم بـاســـکردن. ئەویش بنەمـای دادوەرییە بۆ هەموو گەل و نەتەوەکان، بنەمـای مـافی ژیـانیانە بە واتـای یەکســـــانیی ئازادانە و ئاســـایشـــپارێزانە لەگەڵ ئەوی دیکە، جا چ ئەوان لاواز بن یاخود بەهێز.

تـا ئەو ســــەرەتـایە بە بنەمـا نەگیرێ، ئەوا هەیکەلی دادپەروەریی نێودەوڵەتی ڕۆنانرێ. بەدەر لەو ســـەرەتایە نـاکرێ گەلی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا لەگەڵ هیچ سەرەتایەکی دیکە هەڵسوکەوت بکا، ئامادەشە سەر و ماڵ و شـــەرەف و هەرچی هەیەتی لەپێناویدا دابنێ. مۆراڵیش لێرەدا گەیشـــتۆتە لوتکەی خۆی و کۆتایی جەنگی ئازادیی

مرۆڤایەتی، بۆ ئەم کارەش ئامادەیە هەموو هێزی خۆی بۆ بخاتەگەڕ، ئیدی ئامادەیە بەرزترین ئامانج و شـــەڕەف و ناموسی و خۆتەرخانکردنی بۆ لە سەنگی مەحەک دابنێ.

## دووەم: پەیماننامەی سیڤەر

## ١٠ ئابی ١٩٢٠

### بەندی سێیەم

### کوردستان

**ماددەی ٦٢:** کۆمسیۆنێک کە لە کوستەنتینەپول دادەنیشێ و لە سێ ئەندام پێکدێ لە لایەن حکومەتەکانی بریتانیا و فرەنساو ئیتاڵیا دادەنرێ بەو ڕیزبەندییە لەماوەی شەش مانگدا لە ڕۆژی بەرکاربوونی پەیماننامەکە خشتەیەک بۆ ئۆتۆنۆمییەکی خۆجێی بۆ ناوچە زۆرینە کوردییەکان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی فرات، باشووری بەشی خوارووی سنووری ئەرمێنیا هەروەک لە دواییدا دیاردەکرێ، هەروەها باکووری سنووری تورکیا لەگەڵ سوریا و میزۆپۆتامیادا هەروەک لە ماددەی ٢٧، دووەم (٢) و (٣) دیارکراوە. خۆ ئەگەر لە لایەن کۆمسیۆنەکەش لەبارەی پرسەکە نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوا لە لایەن ئەندامانی کۆمسیۆنەکە ڕەوانەی حکومەتەکانیان دەکرێتەوە. ئەم خشتەیەش دەبێ بەتەواوی ئاشووری-کلدانی و باقی ڕەگەز و کەمایەتی دینیی دیکە لە ناوچەکەدا بپارێزرێ، بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرایەتییەک لە بریتانی، فرەنسی، ئیتاڵی، ئێرانی و کورد پێکدەهێنرێ تا سەردانکردنی ئەو شوێنانە بکەن بیپشکنن و بڕیاردانی هەر

هەمواركردنەوەیەک بدەن، خۆ ئەگەر هەرشتێكی وەها بینرا، كە لە سنووری توركیدا بكرێ ئەوا بەگوێری حوكمەكانی ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ ئێراندا هاوسنوور دەبێ.

**ماددەی ٦٣:** بەگوێرەی ئەمە لەسەر حكومەتی توركی پێویستە بڕیارەكانی هەردوو كۆمسیۆنەكە كە لە ماددەی ٦٢دا هاتوون لەماوەی سێ مانگدا لە دوای ئەوەی كۆمسیۆنەكەی پێی ڕادەگەیەنێ قبوڵ بكاو جێبەجێشیان بكا.

**ماددەی ٦٤:** لەماوەی ساڵێک لە جێبەجێكردنی ئەم پەیماننامەیەیە خەڵكی كورد لەو ناوچە پێناسەكراوانەی ماددەی ٦٢دا هەر خۆیان ڕوو لە ئەنجوومەنی كۆمەڵەی نەتەوەكان بكەن بە شێوەیەک كە زۆرینەی خەڵكەكە خواست و ئارەزوویان بێ لە توركیا جیاببنەوە و سەربەخۆ ببن، هەروەها ئەگەر ئەنجوومەن ئەوەی بینی كە خەڵكەكە توانای ئەو جۆرە سەربەخۆییەیان هەیە، ئەوا ڕایدەسپێرێ سەربەخۆییەكەیان بۆ دەستەبەر بكرێ، توركیاش بەو ڕاسپاردایە قایل دەبێ جێبەجێ دەكا و دەستبەرداری هەموو ماف و شتەكانی خۆی لەو ناوچانە دەبێ.

وردەكاریی تەواوی ئەودەستبەرداربوونە بە ڕێككەوتننامەیەكی جیاواز لەنێوان هێزەكانی هاوپەیمانان و توركیادا ڕێكدەخرێ.

خۆ ئەگەر کاتێک ئەو دەســــتبەرداربوونە ڕوویدا، ئەوا هیچ لارییەک لای هێزەکـانی هـاوپەیمـانـنان نـامینێ بۆ ئەوەی خۆبەخشــــانە کوردە نیشــــتەجێیەکـانی کە لەو بەشــــە کوردســتانەیدا دەژین و ســەر ویلایەتی موســڵن بە دەولەتە کوردییە سەربەخۆ کورییەکەوە بلکێندرێن.

سەرچاوە:

https://www.fransamaltingvongeusau.com//documents/dl1/h1/1.1.18.pdf

## سێیەم: ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ: ١٩١٦

### لە سێر ئەدوارد گرێ ( Sir Edward Grey )یەوە بۆ پاول کامبۆن (Paul Cambon )،

### ١٥ی ئاداری ١٩١٦

**بەگوێرەی ئەمەی خوارەوە حکومەتی فرەنسی و بریتانی لەیەکتێگەیشتن:**

١- فرەنسا و بریتانیا ئامادەن هەم دان بە دەوڵەتە سەربەخۆکانی عەرەب یان کۆنفدراسیۆنی دەوڵەتەکانی عەرەب بنێن و هەم بیانپارێزن، کە ناوچەی (ئا) و (ب) ئەوەی لەسەر نەخشە هاوپێچەکە نیشانەکراون، دەکەونە ژێر سەروەریی مەزنێکی عەرەب. ناوچەی (ئا) هی فرەنسیە و ناوچەی (ب)ش هی بریتانیای مەزنە، هەردوو لایان مافی پێشنۆرەیی بۆ هەر پڕۆژەیەک و قەرزی خۆجێی هەیە. لە ناوچەی (ئا)ی فرەنسی و ناوچەی (ب)ی بریتانیای مەزندا بەتەنیا ڕاوێژکار یان هەر کارهەڵسوڕێنەرێ دابین دەکا ئەمەش لەسەر داوای دەوڵەتی عەرەبی یان کۆندیدراسیۆنی دەوڵەتانی عەرەب.

٢- لەو ناوچە ڕەنگ شینەی فرەنسی و ناوچە ڕەنگسوورەکەی بریتانیای مەزن ڕێگە دراوە کە ئیدارەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یان کۆنترۆل بەگوێرەی داخوازی ئەوان بەو شێوەی پێیانوایە لەگەل دەوڵەتە عەرەبییەکان یان کۆنفیدراسیۆنی عەرەبی دێتەوە.

٣- هەرچی ناوچەی خۆڵەمێشییە ئەوا ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی لێ دادەمەزرێ، دارشتەیەک بڕیاری لەسەر دەدەرێ دوای ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ ڕوسیادا دەکرێ، هەروەها دوای ئەوانیش بەڕاوێژ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکە و نوێنەرانی شەریفی مەککە.

٤- بەم پێیە بۆ بریتانیاش (١) بەندەری حەیفا و عەککا، (٢) دابینکردنی ئاوی لە دیجلە و فراتەوە لە ناوچەی (ئا)وە بۆ ناوچەی (ب) مسۆگەر بکرێ. حکومەتی خاوەنشکۆ لە لای خۆیەوە بەڵێنی ئەوە دەدا بە هیچ شێوەیەک بۆ هێزی سێیەم سازش لەسەر قوبرس نەکا بەبێ پەساندنامەیەکی پێشوەختە لەگەڵ حکومەتی فرەنسیدا.

٥- پێویستە ئەسکەندەرونە بەندەرێکی ئازدا بی بۆ بازرگانیی ئیمپراتۆریەتی بریتانی و هەروەها ڕێگە بە هیچ جیاکردنەوەیەک لە بەندەرەکە لەبارەی باجی گومرگ و کارئاسانی بۆ باری گەشتیی بریتانی و کاڵاکانی نادرێ؛

دەبێ لەوێ هاتوچۆ بۆ کاڵای بریتانی بەڕێی ئەسکەندرەوەنەوە و هێڵی ئاسنین لە ناوچەی شین یان ناوچەی (ب) یاخود ناوچەی (ئا) ئازاد بێ؛ هەروەها نابێ هیچ جیاکردنەوەیەک لە ئارادا بێ، سا جیاکارییەکە ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ دژی کاڵای بریتانی و هەر گواستنەوەیەکی هێڵی ئاسنین یاخود دژی کاڵای بریتانی یان کەشتییکانی بێ لەهەر خزمەتگوزارییەکی بەندەری ناوچە ناوبراوەکان بێ.

حەفیا دەبێ بەندەرێکی ئازاد بێ بۆ بازرگانیی فرەنسا و ناوچەی دەسەڵات و پارێزراوییەکەی و ڕێگە بە هیچ جیاکردنەوەیەک لە بەندەرەکە لەبارەی باجی گومرگ و کارئاسانی بۆ باری گەشتیی فرەنسی و کاڵاکانی نادرێ. دەبێ ڕێگەی هاتوچۆ و گواستنەوە بۆ کاڵای فرەنسی بەنێو حەیفادا ئازاد بێ هەروەها بە ڕێی هێڵی ئاسنینی بریتانیش بەنێو ناوچەی خۆڵەمێشیدا، سا ئاخۆ کاڵاکە لە بنەڕەتەوە بۆ ناوچەی شین بێ یان بۆ ناوچەی (ئا) یاخود ناوچەی (ب) بێ، هیچ جیاکارییەکی دەرهەق کاڵا فرەنسییەکان ناکرێ چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێ لەسەر هەر هێڵێکی ئاسنین یان دژی هیچ کاڵایەکی فرەنسی و کەشتییەکانی لە خزمەتگوزاری هیچ بەندەری لە ناوچە ناوبراوەکاندا ناکرێ.

٦- هێڵی ئاسـنینی بەغدا لە ناوچەی (ئا)دا بەرەو ئاراسـتەی باشوور زیاتر لە پشتی موسڵەوە درێژ ناکرێتەوە، هەروەها لە ناوچەی (ب)شـدا بەرەو سـەروو لە پشـتی سـامەڕا تێناپەڕێ تـا بەیەکبەسـتنەوەی بەغدا و حەلەب بە لەڕێی حەلەبەوە تەواو دەبێ، ئەوسـاش بە پەسـەندنامەی هەردوو حکومەتەکە دەبێ.

٧- بریتانیای مەزن مافی دامەزراندن و ئیدارەدان و مافی ماخۆیەتی تایبەتی بەسـتنەوەی هێڵی ئاسـنینی حەیفا بە ناوچەی (ب)ی هەیە، هەروەها مافێکی هەمیشـەییشـی دەبێ بۆ ئەوەی لەهەر کاتێکدا بێ هێزەکانی خۆی بەنێو ئەو هێڵەدا بگوازێتەوە. هەردوو حکومەتەکەش دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەم هێڵی ئاسـنینە توانسـتی ئاسـانکاریی بەیەکبەسـتنەوەی بەغدای بە هێڵی ئاسنینی حەیفاوە هەیە، لەوەش زیاتر دەبێ لەوە تێبگەن، ئەگەر هات و سەختیی ئەندازیاریی و تێچوونی هێڵەکە بۆ گەیاندن بە ناوچەی خۆڵەمێشـییەوە ئەوا کارێکی وەهـا دەکـا پڕۆژەکە لە دەرەقەت نەیەت، ئەوسـا دەبێ حکومەتی فرەنسـا ئامادەیی ئەو هەڵسـەنگاندنەی تێدابێ کە هێڵە پەیوەنـدیـدارەکە بە پۆلگۆن بـانیـاس ببەسـترێتەوە بەرلەوەی بگاتە ناوچەی (ب).

٨- بۆ ماوەی بیسـت سـاڵ ئەو تاریفە گومرگییە تورکییە هەبووە بەردەوام دەبێ لە سـەرتاپای ناوچەکانی شـین و

سوور، هەروەک چۆن لە ناوچەکانی (ئا) و (ب)ش بەردەوام دەبێ، ڕێژەی باج و ســـــەرانەی ڕاگەیاندنیش زیاد ناکرێ، مەگەر هەردوو حکومەتەکە ڕێکەوتنێکی جیای لەسەر بکەن.

هیچ بەربەستێکی گومرگی ناوەخۆییش لەنێوان هیچ کام لەو ناوچە ناوبراوەکانی سەروودا دانانرێ. گومرگانەش لەسەر ئەو کاڵایانەی هاوردەدەکرێن هەر لە بەندەرەکە وەردەگیرێ و ڕادەستی بەڕێوبەرایەتی ناوچەی مەبەست دەکرێ.

٩- دەبێ لەسەر ئەوە ڕێککەوتن بکرێ کە حکومەتی فرەنسی لە هیچ کاتێکدا ناتوانێ بچێنتە نێو هیچ دانوســـــتانێک بۆ ســازشــکردن لە ســەر ئەو مافانە لە ناوچەی شــین بۆ هیچ هێزێکی سێیەم، بەدەر لە دەوڵەتی عەرەب یان کۆندراسیۆنی دەوڵەتانی عەرەب، بەبێ ڕەزامەندی پێشــوەختەی حکومەتی خاوەنشـــــکۆ ناکرێ، کە ئەویش لە لایەن خۆیەوە هەمان پابەندبوونی هەیە ســـــەبارەت بە حکومەتی فرەنســـــی لە ناوچەی سوورەوە لەبەرچاودەگرێ.

١٠- حکومەتی بریتانی و فرەنســـــی پارێزەرەی دەوڵەتی عەرەبین، دەبێ بەخۆیان لەنێو خۆیان ڕێک بکەون کە نەوەک هەر بۆ خۆیان و هەروەها ناتوانن بۆ هیچ هێزێکی ســـێیەم داوای نیمچەدوورگەی عەرەب بکەن و دەســـــتی بەســـــەردابگرن، هەروەها نابێ ڕەزامەند بن لەســـــەر هێزی

سێیەم بەوەی بنکەی هێزی دەریایی لە کەناراوی ڕۆژهەڵات یان لە دوورگەکانی دەریای سوور. هەرچۆنێک بێ ئەمە ڕێ لە ڕاستکردنەوەی سنووری عەدەن ناگرێ ئەگەر هات و دوابەدوای ئەو دەستدرێژییەی تورک شتێکی وەها پێویست بکا.

١١- دانوستانیش لەگەڵ عەرەب بۆ دیاریکردنی سنووری دەوڵەتە عەرەبییەکان بە هەمان کەنالی پەیوەندی هەروەک پێشتر و بە نێوێنەرایەتی هەردوو زلهێزەکە درێژەی دەبێ.

لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ڕێکاری هەناردنی چەک بۆ ناوچەکانی عەرەب لە لایەن هەردوو حکەومەتەکەوە هەڵبسەنگێندرێ.

لەوەش زیاتر شانازم بەوەی ئەو لێدوانە بدەین، کە پێناو ئەوەی ڕێککەوتننەکە تەواو بکرێ ئەوا حکومەتی خاوەنشکۆ پێشنیاز بۆ حکومەتی ڕوسی دەکا بەڵکو تێبینینامەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆ بەلای کەمی تا ٢٦ی نیسان بگۆڕنەوە. هەر لەگەڵ گۆڕینەوەی تێبینینامەکان ڕاستەوخۆ بۆ خاوەن شکۆ دەنێردرێن. هەروەها سەرچڵی ئەوە دەکەم بە بیر خاوەنشک حۆ بهێنمەوە کە لێکەوتەی ئەم ڕێککەوتنە لەڕووی کردەییەوە داواکارییەکانی ئیتاڵیا سەبارەت بەهەر دابەشکردنێک و دووبارە ڕێکخستنەوەی تورکیا لە ئاسیا

دەوروژێـــنـــی هەروەک چـــۆن لە مـــاددەی نـــۆیەمـــی ڕێککەوتننامەکە لە ٢٦ی نیسـاندا ی ١٩١٥سـا لەنێوان ئیتاليا و هاوپەیمانان دا هاتووەوە.

حکومەتی خاوەن شـکۆ ڕەچاوی ئەوەش دەکا کە پێویسـتە حکومەتی ژاپۆنیش لەو تەداروکەی بەئەنجـام گەیشـــتووە ئاگادار بکرێتەوە.

**تێبینی:** ســـیر ئەدروارد گرێی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا و پاول کامبۆن گەورە ڕاوێژکار و نوێنەری فرەنسـا بوو لە لەندەن.(وەرگێڕ)

سەرچاوە:


1- https://avalon. law. yale.edu /20th_ century/ sykes.asp
2- https://israeled.org/resources/documents/sykes-picot-agreement/

**چوارەم: جاڕننامەی بلفۆر**

**ئازیزم لۆرد ڕۆتشیلد،**

مایەی خۆشحاڵیمە بە نوێنەرایەتی حکومەتی خاوەنشکۆ ئەم جاڕنامەیەی خوارەوەی هاوسۆزی بۆ خواستەکانی زایۆنیســـــتە جووەکان ڕابگەیەنم، کە لە لایەن کابینەی حکومەتەوە پێشکەشکراوە و پەسەندکراوە.

"حکومەتی خاوەنشــکۆ بە پشــتگیرییەوە لە دامەزراندنی ماڵێکی (نیشـتمانێکی) نیشـتمانی بۆ گەلی جوو دەڕوانێ، هەموو توانـایەکیش بۆ کـارئـاســـــانیی گەیشـــتن بەم مەبەســــتە دەخـاتەگەڕ، ئەوش دەبێ بە بـاشــــی لێی تێبگەین، کە هیچ شـــتێـک نـابێ زیـان بە مـافەکە هەبووەکانی مەدەنی و ئۆلی کۆمەڵگاکانی غەیرە جوو لە فەڵەستین یان مافە و پێگەی سیاسی جوەکانی هەر وڵاتێکی دیکە بگەیەنێ."

من پێزانێنی زۆرم بۆ ئەوە هەیە، کە ئێوە ئەم جاڕنامەیە بگەیەننە فیدراسیۆنی زایۆنیستەکان.

دڵسۆزتان،

**ئارسەر جێمس بلفۆر**

٢ی نۆڤێمبەری ١٩١٧

## چەند دێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک، لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە.
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ەوە ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بریتانیا) بووە.
- لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ەوە هەوڵی نووسینی داوە. زیاتر لە بیست کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی و عەرەبییەوە وەرگێڕاون. دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١ - نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢ - مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣ - داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤ - کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥ - وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.

٦ - ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.

٧ - ئێندفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨ - شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩ - یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ - خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوللا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١١ - کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.

١٢ - خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوللا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.

١٣ - کردە هەرەگرنگەکانی مۆســـاد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشـال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٤ - لە مەککە، قــادر عەبـدوللّا، ڕۆمــان، وەرگـێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی

١٥ - ئەریێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبســـن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردســـتان، ســـلێمانی ٢٠١٩.

١٦- شـــەوە ســـپییەکـان، منــاحیم بێگن، یــادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٧ - زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوللّا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٨- ژیـانی من، گۆلـدا مـایەر، یـادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٩- کچانی دووکەڵ و ئاگر، ئاڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١.

٢٠ - هێڵێک بەنێو لمدا، جێمس بـار، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢١.

٢١- شـــای ئێران؛ کوردی عێراق و شـــیعەی لوبنان، ئارەش ڕەئیســـینەژاد، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٢- پاشـــا، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٣- لەبارەی شـــیعری جاهیلییەوە، د. تەها حوســـێن، هزر و ئەدەب، لە عەرەبییەوە، ئامادەی چاپە.